

# یەکهەڵوێستی گوتاری سیاسیی فراکسیۆنی کوردستان لەبەغدا تەنها رێگە چارەیە بۆ بردنەوەی شەڕێکی قورس

**جێگەی شانازیە بۆ گەلی کوردستان، حزب و قەوارەسیاسیەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی ئەم قۆناخە دەکەن و هەموویان پێکەوە لەدەوری سەرۆکی خۆیان کۆدەبنەوە و ئامادەن گوێ لە جیاوازیەکانی یەکتری بگرن و لەبەررۆشنایی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستاندا، لەهەموو جیاوازیەکان گوتاری هاوبەش دروستبکەن**

وێڕای ئەوەی ئەمجارە فراکسیۆنی کوردستان بەچەند لیستێکی جیاوازەوە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان لەناو پەرلەمانی عێراقدا دەکات، بەڵام لیستە جیاوازەکان لە بازنەی بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا، گوتارێکی یەکگرتوویی هاوبەشی ئەوتۆی دروستکردووە، سەنگ و شکۆی فراکسیۆنی کوردستانی گەیاندۆتە ئەوەی عەرەبەکان پێی بڵێن تۆپی قەپان ( بیضة القبان) و پسپۆڕانی بیانی ناویان لێناوە شا دروستکەر( King Maker )، بێگومان هۆکاری ئەم شکۆیەی فراکسیۆنی کوردستانی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە فراکسیۆنی کوردستانی گەورەترین ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێناوەو ڕێژەی زۆری کورسیەکان ئەم ڕۆڵە گرنگەی پێبەخشیوە،بەڵکو ئەم ڕۆڵە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ :

١- هەستکردنی نیشتمانی قەوارە سیاسیەکانی کوردستان بە کۆکردنەوەی جیاوازیەکانیان لەناو گوتارێکی هاوبەش لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا .

٢- بوونی مەرجەعیەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وشەخسی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ لە خۆگرتنی جیاوازیەکان وەك بەدیلی باشتر بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و هەڵبژاردنی ئەو بەدیلانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستانەوە نەك لە ڕوانگەی ڕێژەی کەمی و زۆری کورسیەکانی پەرلەمانەوە.

هۆکاری یەکەمیان کە جێگەی شانازیە بۆ گەلی کوردستان، حزب و قەوارەسیاسیەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی مێژوویی ئەم قۆناخە دەکەن و هەموویان پێکەوە لەدەوری سەرۆکی خۆیان کۆدەبنەوە و ئامادەن گوێ لە جیاوازیەکانی یەکتری بگرن و لەبەررۆشنایی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستاندا، لەهەموو جیاوازیەکان گوتاری هاوبەش دروستبکەن، بێگومان هۆکاری دووەمیان کەرۆڵی سەرۆکایەتی هەرێم و شەخسی سەرۆك بارزانی، هەوڵدانە بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت (مەبەست بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانە وەك قەوارەیەکی سیاسیی ) لەسەر بنەمای گوێگرتن لە جیاوازیەکان و موناقەشەکردنی جیاوازیەکان بۆ دانانی ئەو ستراتیژە، لەمەش ڕاشکاوانەتر کاتێك قەوارە سەرکەتووەکانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق لەگەڵ سەرۆکی خۆیان کۆدەبنەوە، سەرۆك بارزانی پێشوەختە فەزلی بیروبۆچوونی لایەك نادات بەسەر لایەنێکی دیکەدا،یان فەزڵی بۆچوونەکانی هاوپەیمانی کوردستان نادات بەسەر بۆچوونەکانی لیستەکانی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیدا، نەخێر کۆبونەوەکە بۆ ئەوەیە کە هەموو پێکەوە کۆببنەوە تابزانن، ئایا چۆن بیربۆچوونەکانی یەکگرتوو و گۆڕان و کۆمەڵ، کەموکورتیەکانی گوتاری هاوپەیمانی کوردستانی پڕدەکاتەوە و چۆن بیروبۆچوونەکانی هاوپەیمانی کوردستانی کەموکورتیەکانی گوتاری لیستەکانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو پڕدەکاتەوە، کەواتە سەرۆك بارزانی کاتێك هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و لیستە براوەکان لەژێر سەقفی سەرۆکایەتی هەرێمدا کۆدەکاتەوە،ئامانجی ئەوەیە لە جیاوازیەکانی هەموو لیستەکان گوتارێکی هاوبەشی ئەوتۆ پێکبێت، کە شایستەی ئەوەبێت یان ئەو توانایەی هەبێت لەشەڕی سیاسیی و دبلۆماتی ئەم قۆناخە بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەدابڕاوەکان چارەسەر بکات.

ئەم تایبەتمەندییەی فراکسیۆنی کوردستان لەناو لیستەکانی دیکەی عێراقدا دروستی کردووە، بەرەنجامی ئەو دووفاکتەرەیە کە لە کوردستان بوونی هەیە و لەناو پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا بوونی نیە، تەنها ئەم ڕێگەیەش سەنگ وشکۆی فراکسیۆنی کوردستان لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا دەهێڵێتەوە.

## پرۆسەی کۆمپرۆمایز و دانوستاندن لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا

خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم پرۆسە سیاسیە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی هاوکێشەی سیاسیی عێراقی دەوێت و خۆدۆزینەوەی فراکسیۆنی کوردستانی دەوێت وەك توخمێکی کاریگەر لەو هاوکێشە سیاسیەدا، لەمەش گرنگتر دوای خوێندنەوەی هاوکێشەی سیاسیی عێراق و دۆزینەوەی پێگەی خۆمان وەك توخمی سەرەکی لە ناو هاوکێشەکەدا، چۆنیەتی پیادەکردنی ئەو ڕۆڵەیە لەپرۆسەی دانوستاندن و کۆمپرۆمایزەکان لە گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق، هەروەها نابێت ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکەین کە ئەمریکاش لەم پرۆسەیە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق هەیە و پەلەکردنی ئیدارەی ئەمریکاش لەسەر گرێدانی هاوپەیمانی و سازشکرن و کۆمپرۆمایز لە نێوان پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە،بۆیە هاوکێشەی سیاسیی ئایندەی عێراق هاوکێشەیەکە ڕەهەندی هەمەلایەن لە خۆی دەگرێت و پێویستی بە نەفەسێکی درێژی مانۆڕی سیاسیی و دبلۆماتی هەیە بۆ ئەوەی وەك بەشێکی زیندوو لە ناو پرۆسەکە بمێنینەوە و ئەو ڕۆڵەی فراکسیۆنی کوردستان لێی چاوەڕێ دەکرێت ئەوجا وەك عەرەبەکان پێی دەڵێن (بیضة القبان) یان وەك پسپۆڕانی ڕۆژئاوا پێیدەڵێن شادروستکەر ( King Maker) دەبێت پارێزگاری پێوە بکەین و ڕێگە نەدەین لە ناو پرۆسەکە لایەنێکی دیکە بە ناچاری جێگەی فراکسیۆنی کوردستانی بگرێتەوە.

بۆ پاراستنی ئەم ڕۆڵە گرنگەی فراکسیۆنی کوردستانی، قەوارە سیاسیەکانی کوردستان ئەزموونیان لەگەڵ بەرێز مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە، کە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکان یان بەشداری گەلی کوردستان لە حکومەتی عێراقدا، بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆڵی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان ( بەسنوری جوگرافی و مێژووییەوە) دەگێرێت، بەرێزی لەسەر پرانسیپە نەگۆڕەکانی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ لیستە براوەکانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق کۆدەبێتەوە،هەربۆنموونە رۆڵی گەورەی سەرۆك بۆ سنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستان واتە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئەوجا دوای ئەوەی ئەم ناوچانە گەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەی بەلاوە گرنگ نیە، قائیمقامی خانەقین کوردە یان عەرەب یان تورکمان، یان پارێزگاری کرکوك کوردە یان عەرەبە یان تورکمان یان کریستیانە، بەهەمان شێوە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش، ئەوەی بەلای سەرۆکەوە گرنگە هەر کەسێك قائیمقامی شەنگار بێت یان خانەقین، کەرکوك یان شێخان، گرنگ ئەوەیە ناسنامەی کوردستانی ئەو ناوچانە بپارێزن، بۆیە بۆ بەغداو بەشداری فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراقدا، ئەوەی بۆ سەرۆکی کوردستان گرنگە ئەم خاڵانەیە:

١- پابەندبوونی هەموو لایەك بە پرانسیپە گشتیەکانی پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستان و یەکریزی گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوەو ئایینەوە،بەوانەشی کە لەسنووری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردستان دەژین و ئێستا لەبەر هەر هۆکارێك بێت لەناو لیستێکی دیکە بێجگە لەفراکسیۆنی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا ئەندامن.

٢- پابەندبوونی هەموو لایەك بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابراوەکان و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.

٣- پابەندبوون بەوەی دەستووری عێراق نەخشەی رێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەشی دەستووری عێراق هەرێمی کوردستانی وەك هەرێمێکی فیدرالی لە عێراقدا ناساندووەو هێشتا هەرێمەکانی دیکە بەپێی دەستووری لەبەشەکانی عێراق دروست نەبوون و هێشتا حکومەتی بەغدا وەك دەسەڵاتێکی سەنتراڵی مامەڵەلەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەکات، دەبێت فراکسیۆنی کوردستان رێگە نەدات ئەو دەسەڵاتە فراوانەی بەپێی دەستوور دراوە بەهەرێمە فیدراڵیەکان ( کە ئێستا تەنها هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بوونی هەیە)، ئەو دەسەڵاتە بچووکبکرێتەوە و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ( کە ئێستا بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق حکومەتی ناوەندیە )زیاتر بکرێت، لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەموو کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت هەربۆنموونە:

أ- بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان ( وەك هەرێمێکی فیدراڵی ) تەنها هەرێمە لەعێراقدا کە پێویستە لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان هەرێمی فیدرالی و حکومەتی فیدرالی پەیوەندیەکانیان پتەو بکرێت، ئەمە بۆ عێراق تازەیە بۆیە دەبێت لەم پەیوەندیە تازەیەی لەسەر بنەمای دەستووری عێراق پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر- بەغدا رێکدەخرێتەوە، دەبێت دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان فراوان و گەورەتر بێت لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی عێراق، دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی دەسەڵاتێکی سنوردار دەبێت و تایبەت دەبێت بەدەسەڵاتە سنووردارەکانی حکومەتی فیدرالی لەهەرێمی کوردستاندا، کە تەنها ٣ بوار دەگرێتەوە( بەرگری، دەرەوە، دابەشکردنی داهات) لە دەرەوەی ئەم سێ دەسەڵاتە سنووردارە نابێت حکومەتی فیدراڵی عێراق هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستاندا هەبێت.

ب- ئەمە خاڵێکی ئێکجار سەختە کە حکومەتی عێراق و لایەنە سیاسیەکانی عێراق شانی بدەنەبەر، بۆیە ئیقناعکردنی لایەنە سیاسیەکان بەوەی پێویستە هەرێمەکان (بۆ بەرێوەبردنی ئیدارەی ناوخۆی هەرێمەکان ) دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی کارێکی ئاسان نیە، دەکەوێتە سەر لێهاتوویی فراکسیۆنی کوردستان کە چۆن ئەم ئەرکە گرنگە راڤە دەکات. هەر بۆنموونە ئێستا پارێزگای بەسرا کە نەبۆتە هەرێمێکی سەربەخۆ دەسەڵاتی ئەوەی نیە گرێبەستی نەوتی تازە لە کێڵگە نەوتیە تازەکانی بەسرا لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەك گرێبدات، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەم دەسەڵاتەی هەیە، ئەم دەسەڵاتەش لە دەستوورەوە سەرچاوە دەگرێت لەبەر ئەوەی کوردستان هەرێمێکی فیدرالیە، خۆ ئەگەر بەسراش ببێتە هەرێمێکی فیدرالی بە پێی دەستوور هەمان دەسەڵاتی دەبێت، بۆیە ناکرێت ئێستا کێشەی یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەسرا بەراورد بکرێت، ئەمە هەر ناشبێت چونکە پەیوەندی نێوان بەسرا و حکومەتی بەغدا پەیوەندی نێوان پارێزگایەك و حکومەتێکی سەنترالیە، بەڵام پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، پەیوەندی نێوان هەرێمێك و حکومەتێکی فیدرالیە، واتە لە یەکەمدا دەبێت حکومەت دەسەڵاتی لە پارێزگاری بەسرا زیاتر بێت، بەڵام لە دووهەمدا دەبێت دەسەڵاتی هەرێم لە کوردستاندا لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی زیاتر بێت، ئەمە پێمان دەڵێت نابێت کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، وەك کێشەیەکی سەرتاسەری عێراق سەیر بکرێت، ئەمە خۆجیاکردنەوە نیە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، بەڵکو ئەمە ئیزدواجیەتی حکومڕانیە لە عێراقدا، لەکاتێکدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان حکومەتێکی فیدرالیە و لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق حکومەتێکی سەنترالیە.

ت- مەسەلەی پێشمەرگە کە ئێستا بەناوی پاسەوانی کوردستان( گاردی

رۆڵی سەرۆکایەتی هەرێم و شەخسی سەرۆک بارزانی، هەوڵدانە بۆ دارشتنی ستراتیژیەتی بەرێوەبردنی دەوڵەت



كوردســـتان) ڕێكدەخرێن و پێویستە وەك بەشـێك لە سـوپای عێراق حسابی بۆ بكرێت، دیسان ئەمەش نابێت تەفسیری جـۆراو جۆری بۆ بكرێـت یان لەگەڵ هێزێكـی دیكەی غەیـرە نیزامی وەك پێشـتر لە عێراقدا هەبـوون( فەیلەقی بەدر و چەكدارەكانی تەیاری سـەدر) حسابیان بۆ بكرێت، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردســتان بە ئیعترافی كۆنگـرەی موعـارەزە لە لەنـدەن و هاوینەهەواری سەلاحەددین و دوكانیش، هەموو هێزەكانـی موعارەزەی عێراقی وەك هێزێكـی نیزامـی عێراقی بۆتە بەشـێك لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ ڕزگاركردنی عێراق، ئێستا پێویستە ئەم هێزە نیزامیە عێراقیـە ببێتە بنەما بۆ دووبارە بونیادنانـەوەی عێراق و بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان دەبێت ڕێژەكەی ٪٢٠-٢٥ كەمتر نەبێت لەبەر ئەوەی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان( بە ناوچە دابڕاوەكانیشەوە) بەپێی ڕێژەی بەشداربوانی هاوڵاتیانی عێراق لـە هەڵبژاردنەكاندا بە و ڕێژەیە لە قەڵەم دەدرێت( ئەم ڕێژەیە نەگۆڕ نیە لەبەر ئەوەی دەبێت لەمسـاڵدا ئاماری گشتی لە عێراقدا بكرێت) بۆیە گرنگە فراكسـیۆنی كوردسـتان پێ لەسـەر ئەوە دابگرێت، بەوەی پێویسـتە ڕێژەی گاردی كوردسـتان ٪٢٠-٢٥ سوپای عێراق پێكبهێنێت،هەروەها پێویستە ئەو بەرەوپێشەوەچوونەی لە ڕووی لۆجیستی و مەشـق و ڕاهێنان لە سوپای عێراق ڕوودەدات بەهەمان ئاسـت لە گاردی كوردستانیشدا ڕووبدات، ئەمە مەرج نین هەتا فراكسیۆنی كوردستان خاڵ بەسەر بەرامبـەردا بیسـەپێنێت، بەڵكو ئەمە جێبەجێكردنی دەستووری عێراقە.

ث- خاڵێكی دیكەی گرنگ كە بەپێی دەسـتووری عێراق مافی فراكسیۆنی كوردسـتانە پێداگیری لەسـەر بكات ئەوەیـە كە كـورد نەتـەوەی دووەمی سـەرەكیە دوای عـەرەب لەعێراقدا، بۆیە گرنگە ئەم ئیعترافە دەسـتوورییە كاری لەسـەر بكرێـت بـۆ ئـەوەی بەشـداریكردنی نوێنەرایەتـی گەلی كوردســتان لە حكومەتی عێراقدا تەنها بەشـداریكردنێكی ڕەمزی نەبێت بەڵكو بەشـداریكردن بێت لە پرۆسـەی بڕیار دروستكردن لە عێراقدا، بۆ ئەمە گرنگە بەشـداری كورد لە ئاستە جیاوازەكاندا هەبێت و پۆسـتەكانی دەوڵەتی عێراق دابەش بكات بەمجۆرە:

• دەوڵەتـی عێراق لەسـێ پۆسـتی سـەروەریی گرنگ پێكدێت، كە بریتیە لە پۆسـتی سـەرۆك كۆمار، پۆستی سـەرۆكایەتی ئەنجوومەنـی وەزیران، پۆستی سەرۆكایەتی پەرلەمانی عێراق،

**سەرۆک بارزانی پێشوەختە بۆچوونەكانی هاوپەیمانی كوردستان نادات بەسەر بۆچوونەكانی لیستەكانی گۆڕان و یەكگرتوو و كۆمەڵی ئیسلامیدا، نەخێر كۆبونەوەكە بۆ ئەوەیە كە هەموو پێكەوە كۆببنەوە تابزانن، ئایا چۆن بیربۆچوونەكانی یەكگرتوو و گۆڕان و كۆمەڵ، كەموكورتیەكانی گوتاری هاوپەیمانی كوردستانی پڕدەكاتەوە و چۆن بیروبۆچوونەكانی هاوپەیمانی كوردستانی كەموكورتیەكانی گوتاری لیستەكانی گۆڕان و كۆمەڵ و یەكگرتوو پڕدەكاتەوە**



لەم ناو ئەم سێ پۆستە دوانیان ( سەرۆک کۆمــار و ســەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیــران) هــەر یەکەیان بەشــێوەیەک نوێنەرایەتی عێراق دەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی، بۆیە گرنگە یەکێک لەو دوو پۆستە گرنگە بەر کورد بکەوێت وەک نەتەوەی سەرەکی و دووەم لە عێراقدا،چونکە سیستەمی حکومڕانی عێراق پەرلەمانیە و دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران لە دەســەڵاتی سەرۆک کۆمار فراوانترە، ئــەوا عەرەبی عێراق( ئەوجا شیعە بن یان ســونە)خۆیان پێداگیری لەســەر وەرگرتنی پۆســتی ســەرۆک وەزیران دەکەن، بۆیە نابێت فراکسیۆنی کوردستانی کۆمپرۆمایز لەسەر پۆستی ســەرۆک کۆمار بــکات، لەبەر ئەوەی بەشــداری کورد لە دەوڵەتــی عێراقدا مانایەکی بۆ نامێنێتەوە، کەواتە لەسەر وەرگرتنەوەی پۆســتی سەرۆک کۆمار کە ئێســتا لەلایەن بەرێز مسعودبارزانی سەرۆکی کوردســتانەوە جارێکی دیکە وەک نوێنەری هاوپەیمانی کوردســتان و فراکسیۆنی کوردستان کاندید کراوەتەوە دەبێت کۆمپرۆمایزی لەســەر نەکرێت، ئەگەر تەنها یەکجار ئەوجا لەبەرامبەر هەر شــتێک بێت،کۆمپرۆمایز لەســەر پۆســتی سەرۆک کۆمار بکەین ئەوا بۆ هەتــا هەتایە ئەو هاوســەنگیەمان بۆ دروست نابێتەوە کە کورد نەتەوەی دووەم و سەرەکیە لە عێراقدا، لێرەدا مەسەلەکە ئەوەنیە کــە جەنابی مام جەلال بۆ ئەو پۆســتە کاندیدکراوەتەوە یان نە، بەڵکو مەسەلەکە پێگەی کوردە لە سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتی عێراقدا، ئینجا کە جەنابی ســەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز جەنابی مام جەلال بۆ ئەو پۆستە کاندیــد دەکاتــەوە، لەبەر ئــەوەی لە خولی یەکەمی ســەرۆکایەتی سەرۆک مــام جەلال لــە عێراقــدا توانیویەتی نوێنەرایەتی پێکهاتەی مۆزایکی عێراق لە ئاســتی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی بکات و عێراقــی بەرووبەکی جوانەوە وەک دەوڵەتێکــی دیموکراتی و فیدرالی گێڕاوەتــەوە بۆ نــاو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و کاتێک ســەرۆک مام جەلال لەســەر ئاســتی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتــی لە کۆڕو کۆبوونەوە جیهانیەکانــدا نوێنەرایەتی عێــراق دەکات، خەریکە تــەواو تەواو ئەو ناســنامە ناشــرینەی دەســەڵاتە دیکتاتۆریەکان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بۆ عێراقیان دروستکردووە، دەسڕێتەوەو روویەکی جوانی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیــاوازەکان و دیموکراتیەتی دەوڵەتی عێراقی پیشاندەدا، لەم قۆناخەشدا دەبێت هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆک بین، کە دەبێت بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئیعتراقی کۆنگرەی موعارەزە لە لەندەن و هاوینەهەواری سەلاحەددین و دوکانیش، هەموو هێزەکانی موعارەزەی عێراقی وەک هێزێکی نیزامی عێراقی بۆتە بەشێک لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ رزگارکردنی عێراق**

کۆمـــار بۆ کورد لەم خولەدا زۆر ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەو کاندیدەی کە شایســـتەی ئەو پۆستەیە و دڵنیاین لێی کـــە روویەکی جوانی بەشـــداری کـــورد لەحکومڕانـــی دەوڵەتی عێراق پیشـــانی جیهـــان دەدات و ئەزموونی رابردوویشی ئەو راستیەی سەلماندووە، بـــۆ ئەم قۆناخە لەجەنابـــی مام جەلال کەسی دیکە ئەو دڵنیایەمان پێ نادات، بۆیە گرنگە فراکســـیۆنی کوردستانی لەســـەر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمـــار و پاڵاوتنـــەوەی مام جەلال بۆ ئەو پۆســـتە هەموو یەك دەنگ و یەك هەڵوێستبین، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی جەنابی مام جـــەلال لە خولی دووەمی ســـەرۆك کۆمـــاری عێراقدا،نەریتـــی حکومڕانی لە عێراقـــدا دەگۆڕێت بۆ ئەوەی دەبێت لە نێوان پۆســـتی سەرۆك کۆمار و ســـەرۆك وەزیراندا لە عێراقدا، هەمووکات یەکێك لەو پۆستانە زامنی بەشـــداریکردنی کورد بێت لە پرۆسەی حکومڕانی عێراقدا، کەواتە مەسەلەی جەختکردنەوە لە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ ئێمە وەك کوردستانی، مەسەلەکە پۆست و پلە وپایە نیە، بەڵکو مەســـەلەکە حزوری کوردە لە پرۆسەی بریاردروســـتکردن لەعێراقـــدا، غیابی کوردیش لە پرۆسەی بریار دروستکردن لەعێراقدا دەبێتە بەشداریەکی رەمزی کە بـــوون و نەبوونی وەك یەك وایە، کەواتە لەم روانگەیەوە کە ســـەیری پێداگرتنی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین لەســـەر کاندیدکردنەوەی مـــام جەلال بـــۆ ئەو پۆســـتە، کاتێـــك بەقووڵایی رەهەندەکانی ئەم پێداگرتنەی ســـەرۆك بارزانی رۆدەچین، دەبینین مەســـەلەکە هێندەی پەیوەســـتە بەوەی کە نەریتی بەشـــداری کورد لە حکومڕانی عێراقدا ببێتە وەرگرتنی یەکێك لەو دوو پۆستە ســـەرورییەی دەوڵەتی عێـــراق، هێندە پەیوەندی بەمام جەلالـــەوە نیە، بەڵکو کاندیدکردنـــەوەی مام جـــەلال بۆ ئەم پۆستە پەیوەندی بەوە هەیە کە جەنابی مام جەلال بۆ دروستکردنی ئەم نەریتەی بەشـــداری کورد لە حکومڕانی عێراقدا

**ئەو کاندیدەی کە شایستەی ئەو پۆستەیە و دڵنیاین لێی کە روویەکی جوانی بەشداری کورد لەحکومڕانی دەوڵەتی عێراق پیشانی جیهان دەدات و ئەزموونی رابردوویشی ئەو راستیەی سەلماندووە، بۆ ئەم قۆناخە لەجەنابی مام جەلال کەسی دیکە ئەو دڵنیایەمان پێ نادات، بۆیە گرنگە فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار و پاڵاوتنەوەی مام جەلال بۆ ئەو پۆستە هەموو یەک دەنگ و یەک هەڵوێستبین**

ســـەرکەتوو بووە، بۆیە زۆر گرنگە لەم روانگەیەوە ســـەیری وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کورد بکرێت نەك لە روانگەیەکی تر.

• لەنـــاو حکومەتـــی عێراقیشـــدا بێگومـــان هەندێـــك وەزراەت هەیە بە وەزارەتی ســـەروەری لـــە قەڵەم دەدرێن وەك وەزارەتەکانـــی ( دەرەوە، ناوخـــۆ، دارایی، نـــەوت ) تارادەیەك بەرگریش، بەڵام ئەو چـــوارەی یەکەمیان دەتوانین بڵێین بـــۆ حکومەتێکـــی دیموکراتی و فیدرالـــی چوار وەزارەتی هاوشـــانی یەکـــن، بۆیە ناکرێـــت بوونی کورد لەم چـــوار وەزارەتە نەبێت،کەواتە داواکردنی یەکێـــك لەم چـــوار وەزارەتـــە بۆ کورد واتە بوونی کورد لـــە یەکێك لە کەناڵە گرنگەکانی پرۆســـەی بریاردروستکرن لـــە حکومەتی عێراقـــدا، بوونی کورد بۆ راگرتنی هاوسەنگی دروستکردنی بڕیار بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی عێراقی نەك نەتەوەیەك یـــان مەزهەبێك. لەبەر ئـــەوە کە پێکهاتـــە جیاوازەکانی عێراق بەکوردیشەوە لە وەزارەتە سەروەریەکاندا بوونی هەبوو، مانای وایە کەس بەتەنها ناتوانێت بڕیاری هەســـتیار و گرنگ بـــۆ بەرژەوەندی لایەك یـــان نەتەوەیەك یان مەزهەبێـــك دەربکات،هەموو ناچار دەبن بیر لە بەرژەوەندی عێراق بکەنەوە، بۆیە دەبێت وەك ئیســـتحقاقی کورد لە حکومەتی عێراقدا یەکێك لەو پۆســـتە سیادییانە بۆ کورد بێت.

• دەمێنێتەوە بۆ بەشـــداری وەرگرتنی پۆســـتە وەزاریەکانـــی دیکە، دیســـان پێویستە پۆستەکانی دیکەش بەشێوەی رێککەوتـــن و رێـــژەی کـــورد بێـــت لەحکومەتی عێراقدا.

• بـــۆ ئەوەی بەرژەوەندی نیشـــتمانی عێراقیـــش زیاتـــر لە پرۆســـەی بڕیار دروســـتکردنی دەوڵەتـــی عێراقـــدا رەنگبداتەوە، بۆیە پێویست دەکات پۆستە سەروەرییەکانی دەوڵەتی عێراق و پۆستە وەزرایە سەروەرەیەکانی عێراق، بەرایەڵەی نیشتمانی جارێکی دیکە گرێبدرێتەوە، بۆ نموونە ســـەرۆك کۆمار جەنابی مام جەلال دەبێت، بـــەڵام جێگرەکانی کورد نابـــن، بەڵکـــو پێکهاتـــە جیاوازەکانی دیکـــەی عێـــراق دەبن،بەتایبەتی دوو پێکهاتە ســـەرەکیەکەی دیکە عەرەبی ســـونە و شیعە، سەرۆك وەزیران شیعەیە دەبێـــت جێگرەکانی کورد و ســـونە بن، ئەمـــە ئەگەر د.ئەیاد عـــەلاوی ببێتە سەرۆك وەزیران گۆڕانی بەسەردا دێت، لەبەر ئەوەی راســـتە ئەیـــاد عەلاوی شیعەیە بەڵام نوێنەرایەتی سونە دەکات، بۆیە ئەگەر ئەیاد عەلاوی بووە سەرۆك وەزیران لەگەڵ ئـــەوەی خۆی عەرەبی شیعەشـــە، بەڵام دەبێت جێگرەکانیشی کورد و عەرەبێکی دیکەی شـــیعە بێت. بۆ ســـەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەهەمان شێوە،ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان عەرەبی شیعە بێت، ئەوا دەبێت جێگرەکانی کورد و عەرەبی ســـونە بن، ئەمە زۆر کەس رەخنـــەی ئەوەی لێدەگرێـــت کە ئەمە پێچەوانەی دیموکراتی و ئیســـتحقاقی هەڵبژاردنە، بەڵام دەبێت ئەوانە لەو راستیە ئاگادار بن، ئێمە ئێســـتا لە عێراقدا لە قۆناخـــی بونیادی دیموکراتی و پێکەوە ژیانـــی ئارەزوومەندانەیـــن لە قۆناخی جێبەجێکردنی دیموکراتی، ئەم قۆناخە پێویستی بە زامن و گەرەنتی هەیە هەتا هەموو پێکهاتەکان لە ئاییندەی خۆیان دڵنیابن، هێشتا ئەو زەمینەیە نەرەخساوە کە هیچ کام لە پێکهاتەکان لە ئاییندەی خۆیان دڵنیابن.

ئـــەم خاڵـــە ســـەرەکیانەی ئاماژەمان پێکردن، هیچیان کەم تازۆر پەیوەندی بە هیچ قەوارەیەکی سیاسی فراکسیۆنی کوردســـتانەوە نیـــە و پەیوەنـــدی راستەوخۆشی بەهەموو لیستەکانی ناو فراکســـیۆنی کوردستانەوە هەیە، ئەوجا لێرەوە بۆ زیاتر شـــرۆڤەکردنی ئەم پرسە گرنگـــە دوو خاڵی گرنـــگ دەخەینە روو:

یەکەمیان: کـــە دەڵێیـــن هیچیان کەم تـــازۆر پەیوەندی بە لیســـتەکانی ناو فراکســـیۆنی کوردســـتانەوە نیە، ئەمە روانگەی سەرۆکی کوردستانە بۆ ماف و ئیستحقاقی فراکسیۆنی کوردستان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە کێشەی ناوچە دابراوەکانیشەوە،



پۆستەکانیش وەك بەرکەوتە و ئیستحقاقی کورد لە پرۆسەی حکومڕانی و بڕیاری دروستکردن لە دەوڵەتی عێراقدا، کەواتە هەمـــوو لایەنەکانی ناو فراکســـیۆنی کوردستان دەبێت ئەمە وەك ئیستحقاقی گەلی کوردســـتان پێی لەسەر دابگرن بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە نوێنەری کام لیست بۆ پۆستەکان کاندید دەکرێن.
دووەم: کە دەڵێیـــن پەیوەندی بە هەموو لیســـتەکانەوە هەیە، واتە لێرەدا ئەمەیان ( بێجگـــە لـــە کاندیدکردنـــەوەی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری، کە ئەویش لە خزمەتی چەسپاندنی نەریتی بەشـــداریکردنی کورد لـــە حکومڕانی عێراقدایـــە) ئـــەوی دیکە ســـەرۆکی کوردستان بەجێیدەهێڵێت بۆ ڕێککەوتنی نێوان سەرۆکی لیســـتەکان خۆیان، واتە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناچێتە ناو ئەو وردەکاریەوە ئایا فلان پۆستی وەزارەت بەر یەکێتی دەکەوێت یان پارتـــی یان گۆڕان یان کۆمەڵ یان یەکگرتوو، ئەوەی لای سەرۆك بارزانی گرنگە ئەوەیە فراکســـیۆنی کوردستان لـــەم شـــەڕە دبلۆماتی و سیاســـیەدا ســـەرکەتوو بێت و چەندی بۆی دەکرێت مـــاف و ئیســـتحقاقی کورد بەدەســـت بهێنێت، راســـتە ئەوەی ئێمە ئومێدمانە لەم پرۆســـەیە هەمووی نایەتەدی بەڵام لانی کەم ئەوانە لە گوتاری هاوبەشـــی فراکســـیۆنی کوردســـتاندا وەك نەگۆڕ ئاماژەیان پێکراوە بەنەگۆڕی بمێننەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت،ئەگەر پێویست بـــوو هەندێك نەرمـــی کۆمپرۆمایزیش بکرێت لەســـەر ئەو مەسەلانە بکرێت کە کاریگەری لەســـەر ئاییندەی کوردستان نابێـــت لەچوارچیوەی عێراقـــدا، بۆیە کـــە مەســـەلەکە هاتـــەوە نـــاو ماڵی فراکســـیۆنی کوردستان و موناقەشەکان بووە موناقەشـــە و دانوســـتاندنی نێوان لیســـتەکانی هاوپەیمانـــی و گۆڕان و کۆمـــەڵ و یەکگرتوو، چۆن ڕێکدەکەون و چـــۆن دابەشـــی دەکەن، ئـــەوە لای ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان کێشەیەك نابێت، ئەوەی گرنگە کورد لەم شـــەرە سەرکەتووبێت.

**مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناچێتە ناو ئەو وردەکاریەوە ئایا فلان پۆستی وەزارەت بەر یەکێتی دەکەوێت یان پارتی یان گۆڕان یان کۆمەڵ یان یەکگرتوو، ئەوەی لای سەرۆك بارزانی گرنگە ئەوەیە فراکسیۆنی کوردستان لەم شەڕە دبلۆماتی و سیاسیەدا سەرکەتوو بێت و چەندی بۆی دەکرێت ماف و ئیستحقاقی کورد بەدەست بهێنێت**

ستیفن زۆنس بۆ گوڵان :

# دەبێت کورد بتوانێت راشکاوانە ئەو راستیە بخاتەڕوو کە بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لە بەرژەوەندی تێکڕای عێراقدایە



پێویستە لایەنە کوردییەکان بەرژەوەندییەکانی کورد لەبەرچاوبگرن و کار بۆ هێنانەدیان بکەن

**پرۆفیسۆر ستیفن زۆنس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی سانفرانسیسکۆ، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و فەلەستین و سیاسەتی ئەمریکا و پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها وەك شرۆڤەوانێکی جیهانیش لەسەر پرسی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە و زۆربەی میدیا جیهانییەکان لەکاتی کێشە گەرمەکاندا راو سەرنجەکانی وەردەگرن، بۆ خوێندنەوەی پێگەی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی تازەی عێراق و رۆڵی کورد لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا، پرۆفیسۆر زۆنس بەمجۆرە راو سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.**

*** بەپێی لێکدانەوەی زۆرێك لە چاودێران، ناتوانرێت بێ بەشداربوونی کوردەکان حکومەت پێکبهێنرێت، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی کوردەکان ژمارەیەکی زۆر لە کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقیان بەدەستهێناوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کوردەکان لە عێراقدا پێکهاتەیەکی گرنگن ـ ئایا بەشداری نەکردنیان تا چ رادەیەك مایەی مەترسی بۆ سەر عێراق دەبێت؟**

- ئەمە تەواو راست و دروستە و تەنانەت عەرەبەکانی عێراقیش درك بەو راستیە دەکەن کە پێویستە بەرژەوەندییەکانی کورد بە هەند وەربگیریت بۆ ئەوەی وڵاتەکە سەقامگیر بێت، واتە عەرەبەکانیش پێیانوایە بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق و لە پێناو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی عێراق، دەبێت مافی کوردەکان رەچاوبکرێت و داواکاریەکانیان لەبەرچاوبگیرێت. هەروەها پێموایە پێویستە لایەنە کوردییەکان بەرژەوەندییەکانی کورد لەبەرچاوبگرن و کار بۆ هێنانەدیان بکەن، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە کە هەندێ لە هێز و لایەنەکانی دیکە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد کاردەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت کوردەکان ئەوە بخەنەڕوو کە

بەشداری ئەوان لە حكومەت و لە پرۆسە سیاسییەكەدا لە بەرژەوەندیی تێكڕای عێراقدایە، لە هەمان كاتدا بەشداری كوردەكان هۆكارێك دەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەكە وەك پرۆسەیەكی شەفاف و كراوە و دیموكراسیانە بمێنێتەوە.

*** پێدەچێت هەموو لایەنەكان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ كوردەكاندا بكەن، بەڵام مەرجی كوردەكان ئەوەیە كە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەكەن پابەندبوونی خۆی بە دەستوورەوە رابگەیەنێت، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا لایەن و پێكهاتە عەرەبییەكان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟ چونكە ئێمە دەزانین كورد چەندین كێشەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حكومەتی مەركەزیدا هەیە، وەك كێشەی كەركوك و یاسای نەوت و گاز و كێشەی دابەشكردنی داهاتی نەوت، ئایا كوردەكان دەتوانن لە یەكلاكردنەوەی ئەم كێشانەدا سەركەوتووبن؟ یاخود راسپاردەی ئێوە لەم رووەوە بۆ كوردەكان چییە؟**

- روونە كە زۆرێك لە پارت و هێزە عێراقییەكان پەرۆشی پاراستنی بەرژەوەندی كوردەكان نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو راستییەیان لەبەرچاوە كە كوردەكان بەشێكی گرنگی وڵاتەكە پێكدەهێنن و لە راستیدا ناتوانرێت بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەكانی كورد یەكێتی و یەكگرتوویی عێراق بپارێزرێت، كەواتە لەم رووەوە كوردەكان هێز و پێگەی خۆیان هەیە، یاخود پێگەیەكی باشیان لە گفتوگۆكاندا هەیە، لە هەمان كاتدا پێویستە كوردەكان كار بۆ ئەوە بكەن كە پرۆسەكە تا ئەو رادەیەی مومكینە بە كراوەیی و شەفافیەت بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هیچ حكومەتێك نەتوانێت هەوڵی پەراوێزخستن و دوورخستنەوەیان بدات. واتە پێویستە زەمانەتی مانەوەی پرۆسەكە وەك پرۆسەیەكی شەفاف و كراوە بهێڵنەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا رێگەچارەگەلی جیاوازیان لەبەردەمدا بێت.

*** سەرەرای فرەلیستیان، بەڵام كوردەكان لەسەر پرسە گرنگەكان یەكهەڵوێستن، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك هۆكارێك دەبێت بۆ چارەسەركردنی كێشە هەڵپەسێردراوەكان؟**

- لە راستیدا یەكگرتنی ئەو لیستانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان زۆر گرنگە، لە هەمان كاتدا پێویستە هەردوو پارتە سەرەكییەكە ئامادەبن دەرفەت بەو لاوانە بدەن كە سەر بە پارتێكی دیاریكراو نین و ئینتیمایەكی سیاسی دیاریكراویان نییە، بەڵام زۆر باش لە واقیعەكە تێگەیشتوون و هەلومەرجەكەیان بە راستی و دروستی خوێندۆتەوە، واتە دەرفەت بدرێت بەم كەسانە بۆ ئەوەی بێنە پێشەوە و بەشێك لە بەرپرسیارێتییەكە بگرنەئەستۆ، چونكە پێویستە كوردەكان ئەو كرانەوە و شەفافیەتە لە نێو خۆیاندا پیادە بكەن كە داوا دەكەن بەغدا لە ئاستی كوردەكاندا پیادەی بكات.

*** ئایا دواخستنی پێكهێنانی حكومەتی عێراقی تا چ رادەیەك دەبێتە هۆی زیانگەیاندن یان دروستكردنی مەترسی لەسەر پرۆسە سیاسییەكەی عێراق، بە تایبەتی كە ئەگەری ئەوە هەیە بە هۆی پابەندنەبوونی لایەنە عێراقییەكانی دیكە بە مەرجی كوردەكانەوە بۆ جێبەجێكردنی دەستوور پێكهێنانی حكومەت دوابكەوێت؟**

- لە راستیدا پێویستە لەم رووەوە هاوسەنگی بپارێزرێت، لەبەر ئەوەی لە لایەكەوە پێویستە كوردەكان پێداگیری لەسەر بەرژەوەندییەكانیان بكەن، لە لایەكی دیكەوە دواكەوتنی پرۆسەكە رەنگە ببێتە هۆی روودانی توندوتیژی و ناسەقامگیری، ئەمەش زیان بە بەرژەوەندییەكانی كورد دەگەیەنێت. واتە لە لایەك دەبێت كوردەكان كار بۆ بەرژەوەندییەكانیان بكەن، لە لایەكی دیكەوە دەبێت بەو شێوەیە دەربكەون كە ئەوان هۆكاری تێكدانی پرۆسەكەن.



**پێویستە كوردەكان كار بۆ ئەوە بكەن كە پرۆسەكە تا ئەو رادەیەی مومكینە بە كراوەیی و شەفافیەت بمێنێتەوە**

**دواكەوتنی پرۆسەكە رەنگە ببێتە هۆی روودانی توندوتیژی و ناسەقامگیری، ئەمەش زیان بە بەرژەوەندییەكانی كورد دەگەیەنێت**

گوڵان
ژمارە (٧٧٥)
٢٠١٠/٤/٥





مارینا ئۆتاوا بۆ گوڵان:

# ئەوەی بۆ کورد گرنگە یەکڕیزی نێوخۆیانە لەناو پەرلەمانی عێراقدا، ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێت لە پەرلەمانی کوردستاندا جیاواز بن

ناتوانم ئەوە یەکلابکەمەوە ئایا باشترە بۆ کوردەکان هاوپەیمانێتی لەگەڵ مالیکی یان عەللاویدا بکەن

**خاتوو مارینا ئۆتاوا ئێستا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ئامۆژگای بەناوبانگی کارینجی و کار لەسەر قۆناغی راگواستنی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی دەوڵەتانی کەنداو دەکات و یەکێک بووە لە گەورە راوێژکارانی پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراق، ئەفغانستان و بەڵکان و دەوڵەتانی ئەفریقیا، پرۆفیسۆر ئۆتاوا یەکێکە لەگەورە راوێژکارانی پرۆژەی دیموکراسی و سەروەریی یاسا لە ئامۆژگای کارینجی و یەکێکە لەو گەورە تۆژەرانەی کە بۆ پەنێلێکی کارینجی لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق ( دوای هەڵبژاردنەکان: دەسپێکێکی نوێ بۆ عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان AFTER THE ELECTIONS:A NEW-BEGINNING FOR IRAQ AND THE UNITED STATES?) بانگهێشکراوە، ئەمەش واتە خاتوو ئۆتاوا یەکێکە لەو شارەزایانەی کە لەسەر ئاستی سیاسەتی عێراقی لە ناوەندەکانی توێژینەوە رایەکانی بە بایەخەوە وەردەگیرێن، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا، خاتوو مارینا ئۆتاوا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** دوای ئاشکرابوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایە کە کاتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکان دەستی پێکردووە، ئەوەش روونە کە کوردەکان لەم رووەوە رۆڵیان هەیە و پێدەچێت بێ بەشداری کوردەکان ئەو هاوپەیمانێتیە دروست نەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە پێویستە کوردەکان بە چ شێوەیەك بەشداری لەم هاوپەیمانێتیەدا بکەن؟**

- لە راستیدا بەشداربوونی کوردەکان لە هەر هاوپەیمانێتیەکدا کە بۆ پێکهێنانی حکومەت دێتەئاراوە، گرنگی خۆی هەیە، واتە زۆر زەحمەتە کوردەکان بەشداریان لە حکومەتدا پێنەکرێت، —جا ئەیاد عەللاوی سەرۆك حکومەت بێت یاخود مالیکی-. لە لایەکی دیکەوە گرنگە تێکڕای پارتە کوردییەکان، بە

گۆڕان و هەردوو پارتە ئیسلامییەکەوە لەگەڵ هەردوو پارتە سەرەکییەکەدا بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن، بەڵام ناتوانم ئەوە یەکلابکەمەوە ئایا باشترە بۆ کوردەکان هاوپەیمانێتی لەگەڵ مالیکی یان عەللاویدا بکەن، لەبەر ئەوەی هەردووڵایان کەموکوڕی راستەقینەی خۆیان هەیە، بەڵام دەبێت کوردەکان بە دوای ئەوەدا بگەڕێن چ لیستێکیان کەمترین لایەنی سلبی هەیە.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن بارودۆخی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە دەبینیت؟**

- پێموایە هەلومەرجێکی هەستیارە و عێراقیش پێدەنێتە دۆخێکی مەترسیدارەوە، بە تایبەتی کە هەندێ لایەن خەریکە سنووری یاساییەکان تێدەپەڕێنن، بۆ نموونە من زۆر نگیەرانم لە کاری دەستەی موسائەلە و عەدالە هەوڵدەدات چەند پاڵێوراوێك لە دوای بەدەستهێنانی دەنگی پێویست لە پرۆسەکە دووربخاتەوە، کە پێویست بوو ئەم کارەی پێش پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدایە، ئەگەر بە راستی ئەو کەسانە بەپێی یاسا مافی خۆپاڵاوتنیان نییە، لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من دۆخێکی مەترسیدار لە عێراقدا هەیە.

*** ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبوونی خۆی بە دەستوورەوە رابگەیەنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟ چونکە ئێمە دەزانین کورد چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، وەك کێشەی کەرکوك و یاسای نەوت و گاز و کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت، ئایا کوردەکان دەتوانن لە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانەدا سەرکەوتوو بن؟ یاخود راسپاردەی ئێوە لەم رووەوە بۆ کوردەکان چییە؟**

- شتێکی سروشتییە کوردەکان مەرجیان بۆ بەشداری کردن لە هەر هاوپەیمانێتییەکدا هەبێت، بەڵام پێویستە کوردەکانیش ئەوە راستییە بزانن کە ئەوان تەنها لایەنێکن لە نێو چەندین لایەنی دیکە لە عێراقدا و ئەوەش ئاشکرایە کە کوردەکان ناتوانن هەموو داواکارییەکانیان بهێننەدی، بۆ نموونە کوردەکان خوازیاری ئەوەن کەرکوك بکەنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان و گرێبەستی نەوت ئیمزابکەن و کۆنترۆڵیان بەسەر زۆرترین داهاتی نەوتدا هەبێت، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد هیچ لایەنێك نە کوردەکان و نە پێکهاتەکانی دیکە ناتوانن تێکڕای داواکارییەکانیان بهێننەدی.

*** کوردەکان ئامادەن لە پرسەکانی دیکەدا سازش لە پێناو کەرکوکدا بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو پرسانە چین کە پێویستە کوردەکان سازشیان لەسەر بکەن؟**

- دڵنیانیم لەوەی پێویستە کوردەکان سازش بکەن یان نا، بەڵام تێڕوانینی من ئەوەیە پێداگیری کوردەکان بۆ ئەوەی لەم ساتەوەختەدا راپرسی لەسەر کەرکوك ئەنجام بدرێت، کارێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی رای گشتی لە کەرکوکدا دابەش بووە، هەروەها ئێوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەزانن کە ژمارەی کورسییەکانی هاوپەیمانی کوردستانی و لیستی ئەلعێراقیە لەو شارەدا یەکسان بوو، ناڵێم ئەنجامدانی راپرسی راستە یان هەڵە، بەڵام لە رووی تاکتیکیەوە، دەڵێم ئەمە ساتەوەختێکی گونجاو نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو راپرسیە.

*** سەرەرای فرەلیستیان، بەڵام کوردەکان لەسەر پرسە گرنگەکان یەکهەڵوێستن، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك هۆکارێك دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان؟**

- یەکهەڵوێستی ئەم لیستانە زۆر گرنگە، هەروەها زۆر گرنگە ئەم لیستانە بتوانن لە پەرلەمانی عێراقدا بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن، ئەگەرچی ئەتوانن لە پەرلەمانی کوردستاندا درێژە بە جیاوازبوونی خۆیان بدەن، چونکە گەشەکردنی دیموکراسی پێویستی بە بوونی دەنگی جیاوازە، بەڵام لە ئاست عێراقدا گرنگە یەکگرتوو بن.

*** ئایا دواخستنی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی تا چ رادەیەك دەبێتە هۆی زیانگەیاندن یان دروستکردنی مەترسی لەسەر پرۆسە سیاسییەکەی عێراق، بە تایبەتی کە ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی پابەندنەبوونی لایەنە عێراقییەکانی دیکە بە مەرجی کوردەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت؟**

- لە راستیدا دواخستنی پێکهێنانی حکومەت، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیری لە وڵاتەکەدا، هەروەها تاوەکو ماوەی پێکهێنانی حکومەت درێژە بکێشێت، ئەوا مالیکی وەك سەرۆکی وەزیرانی حکومەت راییکردنی کاروبارەکان (تصریف الاعمال) دەمێنێتەوە، رەنگە ئەمەش زۆر کەس توڕەبکات، بە تایبەتی ئەگەر مالیکی هەڵسا بە دەرکردنی بریارگەلێك یاخود رێوشوێنێك کە لە دەسەڵاتی ئەمجۆرە حکومەتەدا نەبوو.

*** بەپێی لێکدانەوەی زۆرێك لە چاودێران ناتوانرێت بێ بەشداربوونی کوردەکان حکومەت پێکبهێنرێت، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی کوردەکان ژمارەیەکی زۆر لە کورسییەکانی پەرلەمانی عێراقیان بەدەستهێناوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کوردەکان لە عێراقدا پێکهاتەیەکی گرنگن ـ ئایا بەشداری نەکردنیان تا چ رادەیەك مایەی مەترسی بۆ سەر عێراق دەبێت؟**

- ئەمە راستە، واتە دەکرێت بێ بەشداربوونی کوردەکانیش زۆرینە لە پەرلەمانی عێراقدا دروست بکرێت و حکومەت پێکبهێنرێت، بەڵام زەحمەتییەکە، یاخود کێشەکە لەوەدایە کە ئەم حکومەتە، حکومەتێکی سەقامگیر نابێت، ئەویش بەهۆی ئەو موعارەزە بەهێزەی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دووچاری دەبێتەوە، لەبەر ئەوە بەشداری نەکردنی کوردەکان مایەی مەترسیە بۆ عێراق.

*** ئایا ئەگەر ئەمە رووبدات هەڵوێستی**

دەستەی موسائەلە و عەدالە هەوڵدەدات چەند پاڵێوراوێك لە دوای بەدەستهێنانی دەنگی پێویست لە پرۆسەکە دووربخاتەوە

هیچ لایەنێك نە کوردەکان و نە پێکهاتەکانی دیکە ناتوانن تێکڕای داواکارییەکانیان بهێننەدی

**ئەمەریکا چی دەبێت؟**

- ئەمەریکا هەوڵدەدات تا ئەو رادەیەی مومکینە بێلایەنی خۆی بپارێزێت، بەڵام لە هەمـــان کاتدا ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیگەران دەبێت ئەگەر هاتوو کوردەکان لە بەشداریکردن لە حکومەتدا بێبەشکران، بە هەمان شێوە بێبەشکردنی سوننەکانیش لە پرۆســەی پێکهێنانی حکومەتـــدا ئەمەریکا نیگەران دەکات، لەبەر ئەوەی بێبەشـــکردنی هەر یەکێك لەم دوو پێکهاتەیە دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتێکی ناسەقامگیر بێتە ئاراوە. لە لایەکی دیکـــەوە هەرچەندە هەندێ لە ســـوننەکان لێدوانی زۆر توندیان لە دژی کورد داوە، بەڵام بەشـــداریکردنی ســـوننەکان لـــە حکومەتـــدا زۆر زۆر گرنگە.

*** چۆن گرنگـــی رۆڵی کـــوردەکان هەڵدەسەنگێنیت لە پرۆسە سیاسیەکەی عێراقدا و ئایا کوردەکان تا چ رادەیەك ســـەرکەوتووبوونە لە بینینی رۆڵێکی ئیجابی لە رابردوودا؟**

- بە شـــێوەیەکی گشـــتی کـــوردەکان ســـەرکەوتوبوونە و زۆرێـــك لـــە ئامانجەکانـــی خۆیان بەدەســـتهێناوە، بـــەڵام من نیگەرانم لـــەوەی کوردەکان پێداگیرییەکی سەرســـەختانە لەســـەر هەندێ لـــە داواکارییەکانیان بکەن لە کاتێکی نەگونجـــاودا، بۆ نموونە ئێمە دەزانین بەپێی دەستووری عێراق دەبێت راپرسی لەســـەر یەکلاکردنەوەی پرسی کەرکوك ئەنجام بدرێت، بەڵام لە رووی سیاسییەوە ئەمە کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی ئەو راپرســـیە ئەنجام بدرێت، هەروەها بە حوکمدان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەوە، ئـــەوا هیچ زەمانەتێك نییە ئەنجامی ئەو راپرســـیە لە بەرژەوەندی کوردەکان بشکێتەوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- زۆر گرنگە هیچ لایەنێك ســـنووری یاســـا تێنەپەڕێنێـــت، چونکە کارێکی لەم چەشـــنە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی دووبارە توندوتیژی ســـەرهەڵبداتەوە، ئەمـــەش بۆ هەموو لایەك مایەی کارەسات دەبێت.



پێداگیری کوردەکان بۆ ئەوەی لەم ساتەوەختەدا راپرسی لەسەر کەرکوک ئەنجام بدرێت، کارێکی مەترسیدارە

بەشداریکردنی سوننەکان لە حکومەتدا زۆر زۆر گرنگە



ئالۆن بن مایەر بۆ گوڵان:

# کورد لەگەڵ هەر لایەک هاوپەیمانی بکات پێ لەسەر چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک دادەگرێت، بۆ ئەم مەسەلەیە عەلاوی لە مالیکی ئاسانترە

**پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی نیویۆرک و بەڕێوەبەری پرۆژەی دیراساتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، بن مایەر یەکێکە لە رۆژنامەنووسە دیارەکانی جیهان و ستوونووسی ویکلی جۆرناڵە کە ئامۆژگای یۆساك لە تورکیا دەریدەکات و سەبارەت بە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و تورکیا بەردەوام لە رۆژنامەکانی ئەمریکا ستوون بڵاو دەکاتەوە، پرۆفیسۆر بن مایەر سەبارەت بە ئایندەی عێراق دوای هەڵبژاردن و کورد لە هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراقدا، بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن باروودۆخی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە دەبینیت؟**

- جێی داخە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان یەکلاکەرەوە نەبوون، بە تایبەتی نە لیستەکەی ئەلمالیکی و نە لیستەکەی عەللاوی نەیانتوانی بۆ ئەوەی بە تەنها حکومەت پێك بهێنن دەنگی پێویست بەدەست بهێنن، واتە لەم رووەوە ناچارن پەنا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی ببەن. لەلایەکی دیکەوە دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا مایەی نیگەرانیە و سەرچاوەیەکی راستەقینەی گیروگرفتە بۆ عێراق، لەبەر ئەوە ئومێدەوارین عێراقییەکان بتوانن حکومەتێك پێکبهێنن کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە.

دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا مایەی نیگەرانیە و سەرچاوەیەکی راستەقینەی گیروگرفتە بۆ عێراق

*** روونە کە کاتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکان دەستی پێکردووە و ئەوەش روونە کە کوردەکان لەم رووەوە رۆڵیان هەیە و پێدەچێت بێ بەشداری کوردەکان ئەو هاوپەیمانێتیە دروست نەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە پێویستە کوردەکان بە چ شێوەیەك بەشداری لەم هاوپەیمانێتیەدا بکەن؟**

- ئەوە دیارە کە پارتە سەرەکییە کوردییەکان تەنها ٤٣ کورسیان بەدەستهێناوە و رەوتی سەدر لە چوارچێوەی ئیئتیلافی نیشتمانی ٣٩ کورسی و ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقیش ٧٠ کورسی و مالیکی ٨٩ کورسی و عەللاوی ٩١ کورسیان مسۆگەر

> **ئەگەر عەللاوی بتوانێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقیدا گرێبدات، ئەوا دەتوانێت لە پەرلەماندا زۆرینە پێکبهێنێت**

> **دوورخستنەوە و بێبەشکردنی کوردەکان لە بەشداری کردن لە حکومەتدا کێشەی زۆر گەورە و جددی لە عێراقدا دەخوڵقێنێت**

کـردووە، واتە هیچ لیسـتێك ناتوانێت بە تەنهـا حکومەت پێکبهێنێـت، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین نەخشـەی هاوپەیمانێتییـەکان بە چ ئاراسـتەیەکدا دەشـکێنەوە، پێموایـە ئەگـەر عەللاوی بتوانێـت هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیئتیلافی نیشـتمانیی عێراقیـدا گرێبـدات، ئەوا دەتوانێت لە پەرلەماندا زۆرینە پێکبهێنێت، بەڵام دەبێـت لەم ڕووەوە چاوەڕێی ئەنجامی ئـەو ڕاپرسـیە بکەین کە ڕەوتی سـەدر لە نێـو لایەنگرانـی خۆیـدا ئەنجامی دەدات بـۆ ئەوەی ئـەوە یەکلابکەنەوە کە بەرژەوەندیان لـە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ چ لایەنێکدایە، لە هەمان کاتدا مالیکیش لە ڕووی یاساییەوە تەحەددای ئەنجامی هەڵبژاردنـەکان دەکات و ئەمـەش کاتی دەوێت بۆ ئەوەی بە تەواوەتی یەکلاببێتەوە، هەروەها ڕاپرسـییەکەی ڕەوتی سـەدریش کاتی دەوێـت، لە هەمان کاتـدا ئێرانیش دەسـتێوەردان دەکات و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراق بەکاردەهێنێت، کەواتە دەبێت هەموو ئەمانـە یەکلابکرێنەوە. هەرچۆنێك بێت باوەڕم وایە ئەگەر عەللاوی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومـەت دووربخرێتەوە، ئەوا کێشـەی جددی دروسـت دەبێت، چونکە دەبێتە هۆی پەراوێزکردن و گۆشەگیرکردنی سـوننە و کوردەکانیش، لەبەر ئەوە حاڵەتە میسـالییەکە ئەوەیە عەلـلاوی و مالیکی پێکەوە حکومـەت پێکبهێنن، چونکە ئەو کاتە دەنگی پێویستیان دەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەگەرچی لەم حاڵەتەشدا ناتوانن کوردەکان بەشداری پێنەکەن.

*** نکۆڵـی ناکرێت کە هەمـوو لایەنەکان ئامـادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بـەڵام مەرجی کـوردەکان ئەوەیە کە ئـەو لایەنـەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکـەن پابەندبوونی خۆی بە دەسـتوورەوە ڕابگەیەنێت، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننـەدی؟ چونکە ئێمـە دەزانین کورد چەندین کێشـەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، وەك کێشـەی کەرکوك و یاسـای نەوت و گاز و کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت، ئایا کوردەکان دەتوانـن لە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشـانەدا سـەرکەوتوون؟ یاخود ڕاسپاردەی ئێوە لەم ڕووەوە بۆ کوردەکان چیە؟**

- کـوردەکان لەگـەڵ هـەر لایەنێکـدا هاوپەیمانێتی ببەسـتن، ئـەوا پێداگیری لەسەر چارەسـەرکردنی کێشەی کەرکوك دەکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی سەختە، واتە کوردەکان داوا لەو لایەنە دەکەن کە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکات کە ئەوان تەفزیلی دەکەن، کە من پێم وایە لەم ڕووەوە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ عەللاویدا ئاسانترە نەك مالیکی، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەی عەللاوی دەتوانێت بە ئاسانی بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ کوردەکاندا، بەڵام هێشـتا ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، چونکە پێویستی بە نزیکبوونەوە لە ڕەوتی سـەدر و ئیئتیلافی نیشـتمانی عێراق دەبێت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دوورخسـتنەوە و بێبەشـکردنی کوردەکان لە بەشداری کردن لە حکومەتدا- گرنگ نییە ئەو حکومەتە لەلایەن عەللاوی یاخود مالیکیەوە پێکهێنرابێت- کێشەی زۆر گەورە و جددی لە عێراقـدا دەخوڵقێنێت، چونکـە بێبەشـکردنی کـوردەکان دەبێتە هۆی دروسـتبوونی گرفتی گەورە لەسەر چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی پرسـی کەرکوك و ئەمـەش ئەگـەری ئـەوەی لێدەکرێت توندوتیژییەکـی گـەورەی لێبکەوێتەوە، لەبەر ئەوە پێویسـتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو دەتسرۆیشـتوویی خۆی بەکاربهێنێـت بۆ ئـەوەی کـوردەکان لە بەشداریکردن لە حکومەت دوورنەخرێنەوە.

*** ئایا دواخسـتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراقـی تـا چ ڕادەیـەك دەبێتە هۆی زیانگەیاندن یان دروسـتکردنی مەترسی لەسـەر پرۆسە سیاسـییەکەی عێراق، بە تایبەتی کە ئەگـەری ئەوە هەیە بەهۆی پابەندنەبوونـی لایەنە عێراقییەکانی دیکە بە مەرجـی کوردەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی دەسـتوور، پێکهێنانـی حکومـەت دوابکەوێت؟**

- لە ڕاسـتیدا هەمیشـە ئەو مەترسیە لە ئارادایە، چونکە ئەگەر پێکهێنانی حکومەت لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا یاخود دوو مانگی داهاتـوودا کۆتایی پێنەیەت، ئەوا ئەگەری لەبەریەکهەڵوەشانەوەی پرۆسە سیاسـییەکە دێتەئاراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە ئەوەم دوپات کردۆتەوە کە پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێش ئەوەی عێراق جێبهێڵێت، کار بۆ چارەسـەرکردنی دوو کێشـەی گەورە بکات، یەکەم کێشەی یاسـای نەوت و دووەم کێشـەی کەرکوك، بە چەشنێك هەر حکومەتێك پێکبهێنرێت، بـێ چارەسـەرکردنی ئەم دوو کێشـەیە، نابێتـە حکومەتێکـی سـەرکەوتوو. لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە کوردەکان بەشێك بن لە هەر هاوپەیمانێتیەك کە بۆ دروستکردنی حکومـەت پێکدەهێنرێت، بۆ ئەوەی بتوانن کار بۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کەرکوك بکـەن، چونکـە ئەگەر هاتوو کێشـەی کەرکوك لـە چوارچێوەی دەسـتوور و لە چوارچێوەی سیستمەکە و بەهۆی گەیشتن بـە ڕێککەوتنـەوە چارەسـەرنەکرا، ئەوا مەترسـی تەقینەوەی لێدەکرێت و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ببێتـە هۆی بەرپابوونی توندوتیژییەکی بەربلاو.

*** واتـە بەشـداری نەکردنی کـوردەکان مەترسـی لەسـەر یەکێتی عێراق دروست دەکات؟**

- بەڵێ بـە دڵنیاییەوە ئەمەیـە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، چونکە ئەگەر کوردەکان بەشـێك نەبن لـە پرۆسـەی پێکهێنانی حکومـەت، ئەوا ئەگەری ئـەوە هەیە لە عێراق جیاببنەوە، لەبـەر ئەوەی کوردەکان قەوارەیەکی سـەربەخۆیان هەیە، دامەزراوە و ژێرخانی خۆیان هەیە، چەکداری خۆیان هەیـە، لەبەر ئەوە بۆ ڕێگرتـن لە پارچە پارچەبوون و دابەشبوونی عێراق، پێویستە کوردەکان بەشداری لە حکومەتی عێراقیدا بکـەن، گرنـگ نییە عەلـلاوی یاخود مالیکی سـەرۆکی ئـەو حکومەتە بێت، تەنانەت ئەگـەر بتوانن بەبێ کوردەکانیش زۆرینە پێکبهێنن لە پەرلەماندا.

*** ئـەوە ڕوونە کە پرۆسـە سیاسـییەکە لـە عێراقدا ئـەوە دەخوازێت کـە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق سازش لەگەڵ یەکدا بکـەن، واتە ئەمە سـاتەوەختی ئەوەیە ئەم پێکهاتانـە بیر لە سازشـکردن لە بەرامبەر یەکدا بکەنەوە، لـە لایەکی دیکەوە ئەوەی ڕێگرە لە بەردەم هاتنـەدی ئەم ئامانجەدا بریتییە لە نەبوونی کولتووری سازشـکردن، کە ئەمەش پێویسـتی بە هاتنـە ناوەوەی لایەنی سێیەم هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکا دەتوانێت ببێتە ئـەو لایەنە سـێیەمە و چۆن ڕۆڵی ئەمەریکا لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنێت؟**

- بە دڵنیاییەوە هەر یەك لە عەللاوی و مالیکی خوازیاری ئەوەن پۆسـتی سـەرۆك وەزیران بگرنەدەسـت، هەروەها ئێمە لە هەڵبژاردنی پێشووی ئیسرائیلەوە ئەوەمان بەدی کرد کە

پارتەکەی سیبی لیڤنی ئەگەرچی ژمارەی کورسییەکانی لە پارتەکەی نەتنیاهۆ زیاتر بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نەتنیاهۆ لە دروستکردنی هاوپەیمانێتی و پێکهێنانی حکومەت سەرکەتو بوو و پارتەکەی سیبی لیڤنیش بووە پارتی موعارەزە، باوەڕناکەم عەلاوی هەمان ئەزموون دووبارە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی سوننەکان هەست بە پەراوێزبوون دەکەن و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە متمانەی خۆیان بە عەللاوی بەخشی، لێرەدا پێموایە گرنگە عەللاوی و مالیکی گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن و هەموو رێگە و رێگەچارەکان بگرنەبەر بۆ گەیشتن بەو چارەسەرەی کە بەرژەوەندی عێراقییەکانی تێدایە.

*** چۆن گرنگی رۆڵی کوردەکان هەڵدەسەنگێنیت و ئایا کوردەکان تا چ رادەیەك سەرکەوتووبوونە لە بینینی رۆڵێکی ئیجابی لە رابردودا؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە هەر لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە کوردەکان نیمچە سەربەخۆن و ئەوەش روونە کە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردودا رۆڵی گرنگیان لە حکومەتی عێراقیدا بینیوە، هەروەها باوەڕم وایە دوورخستنەوەی کوردەکان مەترسی لەسەر یەکێتی خاکی عێراق دروست دەکات، بە هەمان شێوە پەراوێزخستنی سوننەکانیش دەبێتە هۆی ئەوەی سوننەکانیش هەوڵبدەن بە چەشنی کوردەکان قەوراەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە عێراقدا پێکبهێنن، لەم روانگەیەوە ئەگەر مالیکی یاخود عەللاوی پەرۆشی پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقن، ئەوا دەبێت بەرژەوەندی تێکڕای وڵاتەکە لەبەرچاوبگرن، نەك تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆیان و لەم روەوە دەبێت ئاگاداربن ئەو دوو پێکهاتەیە پەراوێز نەکەن و هەروەها رێگە بە دەستڕۆیشتوویی ئێرانیش نەدەن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- زۆر لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆر گرنگی بەو وڵاتە دەدەم، لێرەد دەڵێم عێراقییەکان ئێش و ئازارێکی زۆریان چەشتووە، با ئیتر کوشت و بڕ و توندوتیژی بەس بێت، ئەمەش تەنها ئەوکاتە دێتەدی کە عێراقییەکان خۆیان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن و رێگە بە دەستێوەردانی دەرەکی نەدەن، چونکە دەستێوەردانی دەرەکی دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئایندەی وڵاتەکە.



**ئەگەر کوردەکان بەشێک نەبن لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە لە عێراق جیاببنەوە**

**پەراوێزخستنی سوننەکانیش دەبێتە هۆی ئەوەی سوننەکانیش هەوڵبدەن بە چەشنی کوردەکان قەوراەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە عێراقدا پێکبهێنن**

# ئاوێنە، لای وایە خۆی هەتاوەکەیە



فەلەکەدین کاکەیی

(١-٢)

(أ)

ئاوێنە دەڵێ:
لەگەڵمدا دووپاتی بکەنەوە:
- سوپاسگوزارین، کە ئا ئێستا عەشقی یەزدانی لەمندا خۆی دەنوێنێ.
دووپاتی بکەنەوە:
- سوپاسگوزارین، کە عەشقی یەزدانی لە گشت دارو درەخت و گیانلەبەرانا خۆی دەنوێنێ.
ئاوێنە، هەروەها بەخۆی دەڵێ:
- سوپاسگوزارم کە ئێستا هەتاو دەنوێنم... منم هەتاو!

ئەوەتا زیادەڕەوی ئاوێنەکە... کە تەنیا (وێنەی) هەتاو دەداتەوە، بەڵام لای وایە خۆی هەتاوەکەیە.

هەقی پێبدەن، هەقیش بە هەلاج[1] بدەن کە ئەوەندە تیشکی هەمە خۆی لە وجودی ئەودا دەنواند، ئیتر وایدەزانی کە(خۆی هەقەکەیە).

(ب)

لە ئاوێنەکەی مەگرن ئەگەر وتی: (منم هەتاو).
هەر کەسێکیش تیشکبداتەوە لای وایە کە خۆی تیشکەکەیە.
لێ نازانێ کە تیشکدەرەوەی هەتاوەکەیە.
سەراپای گەردوون بە جوولەی تیشکهاویشتن دەژێ.
سروشت گیانداریکی ڕەنگین و شەپاڵە.[2]
هەناسە دەکێشێ و هەناسە دەدات.
بەشێکی بوونەوەران هەوا هەڵکێشن، لەسەر گەنجینەی ئەو تۆزە ئۆکسجینەی هەوا دەژین... من و تۆ و قرژاڵ و بزن مژک و فیل و قومری و سەگ و پشیلە و ملیۆنان گیانداری دیکە توخمی ئۆکسجین هەڵدەمژین و دوو ئۆکسیدی کاربۆن دەدەینەوە.

(ج)

لە هەر چرکە ساتێکدا دیان ملیۆن پرۆسەی هەناکێشان و هەناسەدان لە سروشتا ڕوودەدەن.
لێ ، لەو بەر، داروردەخت و سەوزاییەکان پێچەوانەی دەکەنەوە.. دوو ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و تۆخمی ئۆکسجین دەدەنەوە.
بازنەکە دێتەوە یەك و... هەستی[3] خوولی خۆی دەباتە سەر.
کەوابێ، بە گشت لایەکەوە بەشداری بوون و نەبوونین.

(د)

لەو هەوایەی تۆ هەردەم هەڵیدەکێشی ملیۆنان گیانداری بچووك و گەورە پشکدارن.[4] تۆ بەو کەمە هەوایە دەژێی کە لە هەناسەی ئەسپ و مار و بەراز و بزن و کۆتر و ملیۆنان جانداری[5] دیکەوە، بۆت دەمێنێتەوە.
تۆ هەناسەدانەوەی گوڵ و گیا و دارو درەخت هەڵدەکێشی.
قورباقە =(بۆق) و ماسی و هەڵۆش لەو هەناسەیە بەشدارن.
تۆ زەرەیەکی ئەو پرۆسە مەزنەی، وا مەزانە کە خۆت گەردوونەکەی!
بەڵێ: ئەگەر بەو باوەڕەوە بژێی، کە هەمیشە و هەر لەحزەیەك تۆ قەرداربارى گشت بوونەوەرەکانی دیکەی سروشتی، ئەوە بە چمکێکی ڕاستی وجود گەیشتووی.
لێ، تۆ کە لە نژادی نەفام[6] و خەواڵوو پەیدا بوویی، ئەوە هەردەم خۆ بەزلزان و سەرکەش و لەخۆبایی دەبینی، چونکە ناتوانی بەری پێی خۆت ببینی.
تۆزێك وەرە خواری.. وەرە خوارتر، داچەمێ، کرنۆش بەرە، تا نێوچاوانت بە خاکا دەماڵێ.. تۆزێکیش پەشیمان ببەوە، لە گشت بوونەوەران و خاك و هەوا و ئاو پۆزش و لێبوردن بخوازە... رابمێنە. گوێ لە زەنگی ناسکی دەروون بگرە... کە لەو ناخەوە تیشکدەهاوێژرێ. ئەو کاتەیە کە بە کۆتایی تونێلی تاریکی نەفامی و غافڵبوون دەگەی و، تروسکایی رزگاری دەبینی.

**پەراوێز:**

(١) هەلاج: مەنسوری هەلاج-سۆفیگەری عاشقی مێژوو، کە بەر لە نزیکەی هەزار ساڵ لە شاری بەغدا، لە سێدارەیاندا و لەت و پەتیان کرد و تەرمەکەیان سووتاند، چونکە لە ڕازی عەشقی یەزدانی ئەو تێنگەیشتن، بەڵکو بە کافر و خوانەناسیان لە قەڵەمدا و ئەو سزا قورسەیان بەسەریانە سەپاند...
ئێستاش هەلاج سومبولی شەهیدانی عەشقی یەزدانییە.
(٢) شەپاڵ: جوان، شۆخ و شەنگ.
(٣) هەستی : وجود.
(٤) پشکدار: بەشدار، پشك(کرمانجی ژووروو): بەش.
(٥) جاندار: گیاندار، جان و گیان لەیەك سەرچاوەن... کە ژیانە لە ئاڤێستا دا گیان بە شێوەی (گیئان) هاتووە.
(٦) نەفام: نەزان و گێژ و تێنەگەیشتوو.
- قورباقە: قوڵباقە= بۆق.



ئابووری بازاڕ پرۆسەیەکە جەماوەر تێیدا خۆیان خاوەنی ئابووری و بازاڕن

ئابووری بازاڕ بوو وای لە هۆنگ کۆنگ کرد، لەگەڵ گەورەیی و بەهێزی ئابووری وڵاتی چین، کەچی نەتوانرا سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووری هۆنگ کۆنگ بگۆڕدرێت و بخرێتەوە ناو باوەشی چینییەکانەوە



# باشترین ستراتیژییەت بۆ زامنکردنی گەشەکردنی خێرا..

ئەو وڵاتانەی سیستەمی ئابووری بازاڕ پەیڕەو دەکەن و خاوەنی دامەزراوەیی سەرمایەداری گەورەو ڕێکوپێکن، بەشێوەیەکی فراوان و خێرا گەشە دەکەن

## ئابووری کوردستان لەو ڕێگایە باشتر هیچی تری لەبەردەستدا نییە!

ئابووری بازاڕ لەژێر سەروەری یاسا کار دەکات و بەرگری لەموڵکداریتی تایبەتی و ئازادییەکانی تاک دەگرێت، کاتێك فەلسەفەو سیاسەتێکی ئابووری تۆکمە نەبێت بۆ بەهێزکردنی ئابووری وڵات و گەشەکردنی کەرتی تایبەت، ئەو کات سەرجەم فاکتەرەکانی گەشەسەندن پاشاکشە دەکەن و دۆخی بێبازاڕی لێدەکەوێتەوە. ڕەنگە پەیڕەوکردنی فەلسەفەو سیستەمی ئابووری بازاڕ لەگەڵ هەموو خواست و ئومێدەکانی مرۆڤایەتی نەگونجێت، بەڵام مرۆڤایەتی لەو ڕێگایە باشتر هیچی تری لەبەردەستدا نییە.

لەم باسەدا نامانەوێت لەسەر بەرنامە قسە بکەین بەرنامە باشە یاخوود خراپە مەبەستی ئەم بابەتە نییە، زیاتر دەمانەوێت لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامە قسەبکەین، کەئایا پەیوەندی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی چی یە؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم دوو کەرتە هاوکارو هەماهەنگ بن بۆ گەیشتن بەئابووری بازاڕو لابردنی ئاستەنگ و گرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی ئابووری؟ ئەمە ئەرکی میدیاو ڕاگەیاندنی ئابوورییە کە هەڵسەنگاندنی بەرنامەو کارەکان بکات و خوێندنەوەی ئابوورییانەی تایبەت بەخۆی هەبێت، میدیا ڕاستییەکان بەخەڵکی دەڵێت و خوێندنەوەی زانستی و پرۆفیشناڵانەشی بۆ پێشکەوتنی کەرتە ئابوورییەکان هەیە، ڕاگەیاندنی ئابووری لەدژی ڕەخنەو دەرخستنی دەستکەوتەکان نییە بەڵکو ڕۆژنامەنووسی ئابووری هەردوو واقیعەکەو ڕاستییەکان بەخەڵکی دەڵێت. هەرێمی کوردستان لەقۆناغێکی هەستیاردایە ئەویش قۆناغی بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوەیە، دانانی بەرنامەو پلانی ئابووری کارێکی ئاسان نییە، ڕەنگە هەموو کتێبخانەی جیهان بگەڕێین مێژوویەك بۆ وڵاتانی دواکەوتوو تازەپێگەیشتوو نەدۆزینەوە کەباس لەئەزموونێکی سەرکەوتووی پەرەپێدانی خۆیمان بۆ بکات،تاوەکو لەهەرێمی کوردستان پیادەی بکەین، وڵاتانی تازەپێگەیشتوو مێژووی شەڕیان هەیە، هاوکات بارودۆخەکەو واقیعەکانیش جیاوازە، ئەوەتا ئەزموونی مەنگۆلیاو بیلاروسیا وەکو ئەزموونی چیك و سلۆڤاکیا نییە، لەپیرۆش ئەزموونی پەرەپێدانی ئابووری کەموکورتی تێکەوت و هاوڵاتیانی پیرۆ پۆلیس بەدوژمن دەزانن نەك بەپارێزگاریکردنی یاسا. لەدەوڵەتە دیموکراسییەکاندا پۆلیس داری بەدەستەوەیە بۆ چەسپاندنی یاساو لەدەوڵەتانی تازەپێگەیشتووەکانیش چەکی پێیە، لەوڵاتانی دیموکراتییەت میللەت یاسا جێبەجێ دەکات و پۆلیس دەیپارێزێت، بۆیە ئاساییە لەم قۆناغە ڕاگوزەری ئابووری هەرێمی کوردستان کەموکورتی ڕوو بدات، گرنگ ئەوەیە زوو لەڕێگای هەڵسەنگاندنەوە خەلەلەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەریان بۆ بدۆزرێنەوە، ئەوەتا ئابووری هەرێمی کوردستان ئاراستەی ئابووری بازاڕ دەکرێت، جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەش کارێکی وائاسان نییەو بێ ئاستەنگ و بەربەست نییە، پێویستە ئەو ئاستەنگانە هەڵگیرێت تاوەکو بەهاوشێوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی جیهان ئابوورییەکەمان بگاتە دۆخی پەرەپێدانی ئابووری.

پەیڕەوکردنی فەلسەفەو سیستەمی ئابووری بازاڕ لەگەڵ هەموو خواست و ئومێدەکان ناگونجێت، بەڵام مرۆڤایەتی لەو ڕێگایە باشتر هیچی تری لەبەردەستدا نییە

## ئەو وڵاتانەی ئابووری بازاڕ پەیڕەو دەکەن خاوەنی دامەزراوەیی تایبەتی ڕێکوپێکن و خێرا گەشە دەکەن

پێشـــکەوتنی پـــڕ متمانـــەو ئەنجامدانـــی ریفۆرمـــی ئابووری، بەبێ بەرەو پێشـــچوونی فاکتـــەرە ئابوورییـــەکان ئەنجـــام نادرێـــت، حکومەتەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو تاوەکو خاوەنـــی فەلســـەفەیەکی روونـــی ئابووری نەبـــن، کەلەفەزایەکـــی دیموکراســـی و دوور لەپاشـــکەوتەیی و دواکەوتن گەشـــە بەهێزی ئابوورییـــان بـــدەن و زامنی بەشـــداریکردنی زۆرینـــەی هاوڵاتییان بکەن لەو پرۆســـەیەدا، ناکرێـــت ڕێژەی گەشەســـەندنی ئابووری روو لەهەڵکشان بکرێت. بێ پەیڕەوکردنی سیستەمی ئابووری بازاڕ مومکین نییـــە ئەم ئامانجانە بەدی بهێنرێـــن، ئابووری بازاڕ پرۆســـەیەکە جەمـــاوەر تێیـــدا خۆیان خاوەنـــی ئابووری و پەڕێوەبردنـــی بـــازاڕن، لەچوارچێوەی کەرتی تایبەت بەشـــداری زۆرینـــەی هاوڵاتییان لەم ئابوورییەدا ڕێك دەخرێت، لێرەدا بەرنامەو ئەرکی حکومەت دەردەکەوێت، کە بزوێنەرو چاودێری پرۆســـەکە دەکات و بەو ڕێگایەدا ئاراســـتەی دەکات، کە تەعبیر لە خواســـت و ئاواتەکانی جەمـــاوەر بـــکات و، زامنی بەشـــداریکردنی زۆرینەو گەیشتن بە خۆشـــگوزەرانی دەکات، هەروەهـــا بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەســـی و کەمکردنەوەی بێکاری و چارەســـەرکردنی چەندین کێشـــەو گرفتی دیکـــەی ئابووری لەئەستۆ دەگرێت.لەسیستەمی فیدرالییەتیشدا دەســـەڵاتە ئابوورییەکان لەناوەندێکدا کۆنترۆڵ و قۆرخ ناکرێت، بەڵکو لەحکومەتی فیدرالیدا دەســـەڵاتی مەرکەز ســـنووردارەو دەسەڵاتی فراوان بۆ هەرێمەکان و بازاڕە، کەبەیاسا مافی دەســـەڵات و هەمـــوو ئـــەرك و مافەکانی تر لەناوچوارچێوەی ئەو دەســـەڵاتەدا دەسەپێنرێت و، بەمەش ئابووری بازاڕ لەژێر سەروەری یاسا کار دەکات و پاڵپشتی و بەرگری لەموڵکداریێتی تایبەتی و ئازادییەکانی تاك دەکات.

ڕەنگە پەیڕەوکردنی فەلســـەفەو سیســـتەمی ئابـــووری بـــازاڕ لەگەڵ هەموو خواســـت و ئومێدەکانـــی مرۆڤایەتـــی نەگونجێت، بەڵام مرۆڤایەتـــی لەو ڕێگایە باشـــتر هیچی تری لەبەردەستدا نییە، لەم سیستەمەدا رۆژ لەدوای رۆژ حکومـــەت بەقەبـــارە بچـــوك دەبێتەوەو چالاکتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە کەرتی تایبەت و بەشـــداری هاوڵاتییـــان فراوانتـــر دەکرێت، حکومەتیش دەبێتە خزمەتگوزاری هاوڵاتییان و، بۆ ئەو دەستکەوت و ئامانجانە تێدەکۆشێت کە زامنی بەرزکردنـــەوەی داهاتی هاوڵاتییان و باشـــترکردنی بژێـــوی ژیانیـــان دەکات. زۆربەی میللەتانـــی جیهان و حکومەتەکانیان بـــەم ئەزموونـــە تێپەڕبوون، ئەوەتـــا وڵاتانی ئەوروپـــای رۆژهەڵات و یەکێتی ســـۆڤێتی پێشـــوو بڵنگەکانی ئاســـیاو کۆریای باشوورو ژاپـــۆن و ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی دنیا لەڕێگای پەیڕەوکردنی فەلســـەفەو سیاسەتی (ئابووری بازاڕ) گەیشتنە ئەو خۆشگوزەرانی و بەرهەمە گەورانەی کەشـــانازی پێوە دەکەن. ئابووری بازاڕ بوو وای لە هۆنگ کۆنگ کرد بەبێ مۆڵـــەت خەڵکی چین نەتوانن بچنە ناو ئەو هەرێمە پێشـــکەوتووە، لەگەڵ گەورەیی و بەهێزی ئابووری وڵاتی چین، کەچی نەتوانرا سیســـتەمی پەڕێوەبردنی ئابـــووری هۆنگ کۆنـــگ بگۆڕدرێت و بخرێتەوە ناو باوەشـــی ئابووری زەبەلاحی چینەوە، ئەوەتا زانکۆکانی ئەو هەرێمە لەریزبەندی ١٠٠ یەمین زانکۆکانی جیهاندا دێن. ئابووری بازاڕ بوو وای لەمالیزیا کرد لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵییەوە پێشبکەوێت و ببێت بەئابوورییەکی پیشەسازی. چاکسازییە

> **داهاتی تاك لەکۆریای باشوور گەیشتۆتە داهاتی تاکێکی ئەمەریکی، کەچی لەکۆریای باکوور خەڵکی لەسەر گژوگیا دەژی و قەیرانی خۆراکی تێکەوتووە**

> **چی وای لەبیهاری باکوور کرد لە هەرێمێکی داڕماوەوە ڕێژەی گەشەسەندن بگاتە لە١١٪ و ژمارەی گەشتیارانیش لە ٩٥ هەزار گەشتیارەوە بگاتە٣٥٦ هەزار گەشتیار؟**



گۆڕانی حکومەت تەنها بەمانای گواستنەوەی دەسەڵات نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە ناو ئابووری دا

ئابوورییەکان و پەیڕەوکردنی لیبرالییەتی ئابووری لەئەندەنوسیاو زۆر وڵاتی تری ئاسیا دەرکەوتنی چینی ناوەندی لێکەوتەوە، سیستەمی ئابووری بازاڕەکەیان زۆر هەلی رەخساند بۆ پەرەپێدانی باری ژیان و دابینکردنی کار. ئەو وڵاتانەی سیستەمی ئابووری بازاڕ پەیڕەو دەکەن خاوەنی دامەزراوەیی سەرمایەداری گەورەو ڕێکوپێکن بەشێوەیەکی فراوان و خێرا گەشە دەکەن، هەردوو کۆریای باشوورو باکور نموونەیەکی باشن بۆ راستی ئەم بۆچوونە، داهاتی تاك لەکۆریای باشوور گەیشتۆتە داهاتی تاکێکی ئەمەریکی، کەچی لەکۆریای باکوور خەڵکی لەسەر گژوگیا دەژی و قەیرانی خۆراکی تێکەوتووە.

ئابووری بازاڕیش چەند پرەنسیپێکی پێویستی هەیە دەبێت پیادەی بکرێت، کاتێك فەلسەفەو سیاسەتێکی ئابووری تۆکمە نەبێت بۆ بەهێزکردنی ئابووری وڵات و گەشەکردنی کەرتی تایبەت، ئەو کات گەشەی هەردوو کەرتەکە ناهاوسەنگی تێ دەکەوێت و هەوڵەکانی راکێشانی بیزنسکارەکان و وەبەرهێنانی بیانی دووچاری ئاستەنگ دەبێتەوەو زیان بەسەرجەم پرۆسەی پەرەپێدان دەکەوێت، تەنانەت بیزنسکاران و وەبەرهێنەکان متمانەیان بەو ئابوورییە ناسەقامگیرییە نامێنێت، بەمەش سیستەمی ئابووری بەرەو بەرنامەو کاری مەرکەزییەت و باڵا دەستی ناوەند هەنگاو دەنێتەوە، کەرتی تایبەت و بەشداری زۆرینەش تەنیا بانگەشەو دروشم دەبێت، ئەمە ئەو هەڵەیە بوو کە حکومەتەکەی مالیکی و حکومەتەکانی تری پێشووی عێراق تووشی بوون، فراوانبوونی کەرتی گشتی لەسەر حسابی کەرتی تایبەت، لە وڵاتێکی وەکو عێراق کە ناوی لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەوە دێت کە گەندەڵکارو ناشەفاف و خراپە لە دابینکردنی هەلی کارکردنی کەرتی تایبەت. لەراپرسییەیەکی بانکی نێودەوڵەتی دا عێراق پلەیەکی زۆر خراپی لە ریزبەندی ئەو وڵاتانە تۆمارکرد کە ئاسانکاری بۆ هاتنە ناوەوەی کەرتی تایبەت ناکەن، خراپی کەرتی تایبەت و بوونی قۆرخکاری و دەستێوەگلانی سیاسی بۆ ناو کاروباری ئابووری و بازرگانی، هەمووی کۆمەڵە هۆکارێکن بۆ لاوازی بەڕێوەبردنی ئابووری و تێوەگلانی دەزگاکانی حکومەتەکەی مالیکی لە گەندەڵی دا دەگەڕێتەوە..

لاوازی و بێ بەرنامەیی حکومەتی ناوەندی بۆتە دیاردەیەکی ترسناك و شکست بەهەموو هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری عێراق دەگەیەنێت، شوێنەوارەکانیشی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە خراپە، دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەراندن لەبەغدا هەمووی بۆتە داردەستێك بەدەست پارت و گروپە شۆڤێنییەکانەوە، کاتێك بەڕێوەبردنی ئابووری لەسەر بنەماکان و فاکتەرەکانی ئابووری بازاڕ نەبرێت بەڕێوە، زیان بە بنەماکانی ئابووری بازاڕو بەرنامەی حکومەت دەگەیەنێت، ئەمەش وایکردووە ئابووری بەبێ پلان بچێت بەڕێوەو دەرفەتەکانی وەبەرهێنانیش لە عێراقدا لاواز بێت و کاردانەوەی نێگەتیڤیشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەبووە.

### هەروەکو چۆن وڵات بەبێ یاسا ناچێت بەڕێوە ئابووریش نییە بەبێ پلان بچێت بەڕێوە

کەرتی تایبەت و بەتایبەتکردن باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، زۆرینەی کۆمەڵگاو حکومەتەکانی دنیا هەنگاویان بەرەو ئەم کەرتە ناوە بەتایبەت دوای رووخانی بلۆکی سۆشیالیستی و پارچەبوونی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، بەڵام ئەم بانگەشەو هەنگاوانە لەزۆر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و تازەپێگەیشتوو بەپێی واقیعی گۆڕانکارییە ئابوورییەکەی جیهان نەبووە، تەنانەت کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەپێی ئەو هاوکاری و کار ئاسانییەی حکومەت گەشەیان نەکردووە، ژمارەیەکی کەمیان روویان لەبواری پیشەسازی و بەرهەمهێنان کردووە، گەرچی ئەم بارودۆخە واقیعی سەرجەم وڵاتانی تازەگەشەکردووە،کە ژینگەی پەرەپێدان بەتایبەتی لەبواری نەبوونی متمانەی تەواو وایکردووە سەرمایەدارو بیزنسکار روو لەبواری وەبەرهێنانی پیشەسازی و دوور مەودا نەکەن.

ئەم دۆخە ئابوورییە هاوکاتە لەگەڵ بوونی کێشەو گرفتەکانی تایبەت بەقۆرخکاری و گەندەڵی و ناسەقامگیری ئابووری کە زۆربەی ئەو وڵاتانە دووچاری بوون، چارەسەرکردنی ئەمبوارەش تەنیا لەرێگای دانانی پلانی ئابووری و بەهێزکردن و چەسپاندنی یاساوە جێبەجێ دەکرێت و گۆڕانی حکومەت تەنها بەمانای گواستنەوەی دەسەڵات نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە ناو ئابووری دا.

پێشکەوتنی ئابووری لەئەولەوییاتی بەرنامەو کاری حکومەتەکانی دنیادا دێت، حکومەتەکانی بلۆکەکانی ئاسیاو کۆریای باشوورو ژاپۆن و ئەمەریکای لاتینی و چەندین وڵاتی تری ئەوروپایی پێشکەوتنی ئابوورییان بەستۆتەوە بەدروشمی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە، ئەم پێشکەوتنەش بەبێ کەلتورێکی نوێی ئابووری و بەپیشەسازیبوون و گۆڕینی واقیعی ئابووری هەرێمەکە بنیات نانرێت کەلەگەڵ سەردەمی نوێی جیهاندا بگونجێت.

### بێ پلانی ئابووری پەرەپێدانی کەرتی تایبەت روو نادات

سالانی هەشتایەکان بەخاڵی وەرچەرخان دەناسرێت لەپێشکەوتنی ئابووری ئەندەنوسیادا کەلە رێگای پلانی ئابوورییەوە زۆر گۆڕانکاری گرنگ روویاندا، لەوانە نەمانی ئەو یاسایانەی کە رێگر بوون لەبەردەم پێشکەوتنی ئابووریداو نەمانی کۆت و بەربەستەکانی بەردەم گەشەسەندنی ئابووری، هەروەها ئازادی بازاڕیش هاتە کایەوە ئەمە لەگەڵ رێخۆشکردن بۆ هاتنی وەبەرهێنەرانی دەرەکی و گواستنەوەی دەسەڵاتی ئابووری لە حکومەتەوە بۆ کەرتی تایبەت.

«بەپلانی خەونی نیشتمانی» کۆمەڵگای مالیزیا بنیاتنراو بوونە خاوەن ئابوورییەکی گەشەسەندوو دادپەروەر . ئێمە لەم راپۆرتەدا پشتگیری ئەوە ناکەین راستەوخۆ ئەو مۆدێلە ئابوورییە جێبەجێ بکەین، وڵاتێك کە ٣٠ ساڵ لەپێش ئێمەوە هەنگاوی بەرەو جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکانی ناوە، واقیع و دابونەریت و بگرە دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکانی جیاوازە، دەکرێت لەو ئەزموونە فێری بەندەکانی چاکسازی و گۆڕان بین، حکومەتێك چۆن



**دووبارە بنیاتنانەوەی پۆلیس و دادگاکان دەستکەوتی ئابووری گەورەی لێدەکەوێتەوە**

**ئەو هەڵە ئابوورییەی مالیکی و حکومەتەکانی پێشووی عێراق تێکەوتوون بە میراتی بۆیان ماوەتەوە**

ماوە کورتە توانی پلانی ئابووری دابڕێژێت و لەڕووی پراکتیکییەوە کەرتی تایبەت و گشتی جێبەجێی بکەن.

بوونی پیلان دژ بەگەلی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، تەحەددای بەردەم حکومەتی هەرێم ئاڵۆز گەورە کردووە، پێویستە بەوە دەکات حکومەتەکە پرۆفیشناڵ و لەئاست ئەو تەحەددایە بێت، هەنگاوی خێراو زانستییانە بکرێتە بەر بۆ سەقامگیری ئابووری و بەهێزکردنی هەرێمەکە. حکومڕانی سەرکەوتووش بێ پلانی ئابووری و بەدامەزراویکردنی ئابووری شانسی کەمترەو ڕووبەڕووی ئاستەنگ و گرفتی ئابووری دەبێتەوە.

## بەرزکردنەوەی بژێوی ژیان و گەشەکردنی کەرتی تایبەت

ناکرێت ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسی لە گەشەسەندنی ئابووریدا پشتگوێ بخرێت، چونکە زۆر لەکێشە ئاڵۆزەکانی ئابووری و تەشەنەکردنی گەندەڵی و ئاستەنگەکانی تری وەکو قۆرخکاری و گەمەکردن بەئابووری و بەرژەوەندی گشتییەوە لەلایەن کەسان و گروپێکەوە ئەنجام دەدرێن کەخۆیان لەیاسا بەرزتر دەزانن، لەم ڕوانگەیەوە بوونی سەرکردەی بەتواناو ئەزموون و بوێر بۆ قۆناغی گەشەکردن پێویستە.

بەتایبەتکردن و ئاراستەکردنی وڵات بەرەو ئابووری بازاڕ یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت لەپێشکەوتنی وڵات، ئەمەش هەروەکو ئاماژەمان پێدا لەڕێگای پلانی ئابوورییەوە بەدەست دەهێنرێت، بەمەرجێك گەشەسەندنی ئابووری زامنی سودمەندبوونی هەموو هاوڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان و بنبڕکردنی هەژاری و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی بکات، ئەمەش گرنگترین ئامانجی سەرەکی پلانی ئابووری درێژخایەنەو دوا ئامانجیشە لەگەشەسەندنی ئابووریدا، لەو ڕێگایەشەوە زامنی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو بەرهەمهێن دەکرێت. پرۆسەی گەشەسەندنیش بێ ستراتیژییەت بنیاتنانرێت، باشترین ستراتیژییەتێکیش بۆ بنبڕکردنی هەژاری بریتییە لە دابینکردنی هەلی کارو موچەی بەرز، لەهەمانکاتدا برینەوەی یارمەتی و مووچە بۆ پیرو پەککەوتەو کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت. پێویستە گوندەکان لەپرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری پشتگوێ نەخرێن و گرنگییەکی تایبەتیان پێ بدرێت بە (ژێرخان، تەندروستی، قوتابخانە)، تاکو پشتیوان بن لە پێشکەوتنی ئابووری وڵات و بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد بکات. پێشکەوتنە گرنگیدان بەسەرجەم ناوچەکان و بەناوچە لادێییەکانیشەوە هەستێکی وا لای خەڵکی دروست دەکات، کەئەوانیش بەشێکن لەپێشکەوتنی ئابووری وڵات و پەراوێز نەخراون.

## بنیاتنانەوەو ئاوەدانکرنەوەی ژێرخان تەنیا بەکەرتی گشتی ناکرێت، بەڵکو کەرتی تایبەت لە فەلسەفەی نوێی ئابووری دا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە

هەڵئاوسانی کەرتی حکومی و لاوازی گەشەکردنی کەرتی تایبەت، بۆتە کێشەیەکی بەستراو بەیەکترەوە، بەبێ بەرنامەو کارێکی هاوبەشی هەردوو کەرت ناتوانرێت چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. شکستەکانی کەرتی تایبەت و دارمانی کەرتەکە لە ئاکامی ئەو هەموو شوێنەوارانەی جەنگ و گەمارۆی ئابووریی و سیاسەتی چەوتی حکومەتی ناوەندییەوە دێت کە عێراق و هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ بووە، بگرە شکستی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لەبواری بەرهەمهێناندا کە هاوکاتە لەگەڵ نغرۆکردنی بازاڕەکان بە کەلوپەل و کەرەستەی بێکەڵك و هەرزانی وڵاتانی دەوروبەر، ئەوەندەی تری نەهامەتی بۆ کەرتی بەرهەمهێنان هێنا، بە شێوەیەك زیانی بە ئاستی گەشەی کۆمپانیا بچوکەکان گەیاند ...

حکومەتی ناوەندی گەورەو فراوان دەبێت بێ ئەوەی فاکتەرەکانی ئابووری گەشە بکات و چالاك بێت، ئەمەش دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکانی حوکمڕانی مەرکەزییە ئەم شێوازو ئاراستەیە قۆرخکردنی دەسەڵاتی ناوەندە بەسەر پرۆسەی ئابووری و دوورخستنەوەی زۆرینەیە لە کاروباری ئابووری.

**ئەرکی میدیاو ڕاگەیاندنی ئابووری هەڵسەنگاندنی بەرنامەو کارەکانی ئابووری و پەرەپێدانی سەرتاپاگیرییە**

**لەپیرۆ ئەزموونی پەرەپێدانی ئابووری کەموکورتی تێکەوت و هاوڵاتی پیرۆ پۆلیس بەدوژمن دەزانن نەک بەپارێزگاری یاسا**


سەرۆکی ڕشکەساڵی و قەیرانی دارایی بیهار گەشەیەکی ئابووری بێ وێنەی تۆمار کردووە


کۆمار لەبواری ئیداری و ئابووریدا مەرکەزییەتی توندی ئابووری هەڵگرت و حکومەتەکەی لەحزبایەتی و ئەو پارتانە دوورخستەوە کەلاواز بوون و پێگەی جەماوەرییان لەهەرێمەکەدا نەبوو

چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی ئابووری کوردستان تەنیا لە ڕێگای کەرتی تایبەت و ئابووری بازاڕو لیبرالییەوە گەشەدەکات، لەم پێناوەشدا هەندێك سەرکەوتن بەدەست هاتووە، ژمارەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان زیادیکردووە، بازاڕەکانیش جموجوڵییان تێکەوتووە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کەمە جێگای دڵخۆشکەری نییە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم پرۆسەکەی گەشەکردنی کەرتی تایبەت بەرەو پێشەوە نەچووە.

## لە هەرێمی بیهاری هیندییەوە چی فێردەبین؟

لێکچوونێکی مێژوویی لەنێوان قۆناغەکانی مێژوویی و گەشەی ئابووری نێوان هەرێمی بیهاری باکوور لەهیندستان و کوردستان هەیە، بیهار دەکەوێتە باکووری هیندستانەوەو بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ هێزە کۆڵۆنیالیزمەکان و سیستەمی دەرەبەگایەتی هەرێمەکەیان وێرانکرد، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی هیندستانیش هیچ ڕۆڵێکیان نەبینی لە ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی ئەم هەرێمە لەبەر نەبوونی سیولەی پارەوداهاتی پێویست، بەتێپەڕبوونی کات بیهار بووە پێگەیەك بۆ ململانێی توند، تا لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوەو ئەوەندەی تر هەرێمەکەی کاولکرد، حکومەتەکانی بیهاریش لەبری ئەوەی ژێرخانی هەرێمەکەیان ئاوەدان بکەنەوە، کەوتنە ناو زەلکاوی گەندەڵییەوەو خزمەتگوزارییەکان بەرەو نەمان چوو، پارتە سیاسییەکانیش جگە لەدروشم و بەڵێن شتێکی تریان لەهەکبەیاندا نەبوو.. بەتێپەڕبوونی کات بیهار بووە هەرێمێکی شکستخواردوو(دامەزراوەکان دارِمان و یاسا هەیبەتی نەماو سیستەمی ئابووریش بوونی نەبوو..). چی وای لەبیهاری باکوور کرد لە هەرێمێکی دارِماوەوە ڕێژەی گەشەسەندن بگاتە لە ١١٪ و ژمارەی گەشتیارانی ساڵانەی لە ٩٥ هەزار گەشتیارەوە بگاتە٣٥٦ هەزار گەشتیار؟ بەرادەیەك لەگەشەسەندنی خێرای ئابووری ریزبەندی دووەمین هەرێمی لەهیندستان پێ بەخشراو لەماوەیەکی کورتدا گەشەیەکی ئابووری بێ وێنەی بەخۆوە ببینی، لەخێرایی گەشەکردنیشدا لەدوای وڵاتی چین ناوی هات .

نهێنی ئەم سەرکەوتنە بۆ (نیتچ کۆماری) سەرۆك وەزیرانی ئەو هەرێمە دەگەڕێتەوە، کەلە ساڵی ٢٠٠٥ەوە دەسەڵاتی گردە دەست و سەرەڕای وشکەساڵی و قەیرانی دارایی بیهار گەشەیەکی ئابووری بێ وێنەی تۆمار کردوو، بووە ئەزموونێك بۆ سەرجەم ویلایەتەکانی تر، ئەمەش تەنیا لەڕێگای جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەوە بوو، کۆمار زیاتر جەختی لەسەر تواناکان دەکردەوە نەك مەحسوبییەت و دانانی بەرپرسەکان لەڕێگای ئینتمای سیاسی و واسیتەوە، لەبواری ئیداری و ئابووریدا مەرکەزییەتی توندی ئابووری هەڵگرت و حکومەتەکەی لەحزبایەتی و ئەو پارتانە دوورخستەوە کەلاواز بوون و پێگەی جەماوەرییان لەهەرێمەکەدا نەبوو، جێبەجێکردنی بەرنامەو کارەکانیش هەمووی لەژێر چەتری یاسادا بوو، ئەو یاسایەی تەواوی دەسەڵاتەکانی بۆ گەڕاندەوەو دادوەرەکانی بەهێز کرد، دووبارە بنیاتنانەوەی پۆلیس و دادگاکان دەستکەوتی ئابووری گەورەی لێکەوتەوەو جەنگی دژ بەگەندەڵی راگەیاندن و چەندین پیاوانی مافیاو بیزنسکاری گەندەڵی لەڕێگای دادگاکانەوە خزاندە ناو زیندانەکانەوە،هەرچەندە ئەو کەسانە پاڵپشتی پارتەکان و پشتگیری سیاسەتمەدارەکانیشیان هەبوو، بەڵام لەسزادانی یاسایی و دادگاکان دەربازیان نەبوو، سەرەڕای ئەم گەشەسەندنە خێراییەی ئابووری بەڵام دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی بەدەست نەهاتووە، ئەمەش واقیعی ئابوورییە کەسەرەتا دەستکەوتە ئابوورییەکان بەدەست دەهێنرێت و دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و یەکسانی و ئازادییەکان دواتر دێن و کاری بۆ دەکرێت، واتە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە ئابوورییەکان لەریزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکان دێن، هەر بۆیە رەنگە کۆمار لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت، بەڵام ئەمە گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە ئێستاکە لەهیندستان دواکەوتووترین هەرێم بۆ پێشەوە هەنگاوی خێرا دەنێت و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش ئاساییە لەناو پرۆسەی دیموکراتیدا.

**ئاساییە لەم قۆناغە راگوزەری ئابووری هەرێمی کوردستان کەموکورتی روو بدات، گرنگ ئەوەیە زوو لەڕێگای هەڵسەنگاندنەوە خەلەلەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەر بکرێن**

**حکومڕانی سەرکەوتوو بێ بەدامەزراویکردنی ئابووری شانسی کەمترەو رووبەرووی گەندەڵی و ناشەفافییەت و بێ بەرهەمی دەبێتەوە**

ئابووری بازاڕ وای لە مالیزیا کرد لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دواکەوتوو بەرەو پێشەسازی پێشکەوتوو هەنگاو بنێت





## دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی دراوسێی عێراق

# یاریزانەکانی پشت پەردە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا

خوێندنەوەی پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق، ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە، بۆیە کاتێك خوێنەران ئەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵان دەخوێننەوە، دەبینن کە ئەم ژمارەیە بە سێ ڕاپۆرت و چەندین دیمانە ئەم پرۆسە گرنگەی خوێندۆتەوە، دەمانەوێت پێیان بڵێین پرۆسەی سیاسیی عێراق تەنها (یار)ی عێراقییەکان نییە، هەتا عێراقییەکان خۆیان پێیدا هەڵبڵێن، ئەم پرۆسەیە پێش هەمووان (یار)ی ئەمەریکایە ئینجا (یار)ی دەوڵەتانی ئیقلیمی و دوای هەموویان ئینجا (یار)ی عێراقییەکانە، بۆیە ئەو بەدواداچوون ڕاپۆرتانەی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی دوای ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەخوێنینەوە، هەر یەکەیان لە بیربۆچوونێکەوە سەیری ئەم پرۆسە سیاسییە تازەیەی عێراق دەکەن و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە تاوتوێ دەکرێن، ئەم واقیعە وایلێکردین خوێندنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکان پێکەوە بۆ خوێنەرانی گوڵان بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی لە کۆی گشتی بۆ چوونەکان هەڵوێستەیەك یان بۆچوونێکی هاوبەش لای خوێنەران لەسەر کۆی پرۆسە سیاسییەکە دروست ببێت. لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەین:

• هەموو ئەو بۆچوونانەی لە میدیا و کەناڵە جیهانییەکان بڵاو دەکرێنەوە، هەست دەکرێت جۆرێك لە خوێندنەوەی سیاسەتی ئەمەریکی بۆ عێراق بەسەردا زاڵە، زۆرتر ئەو ڕەهەندانە پێشانی خوێنەر دەدەن کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆیی ئەمەریکایە بۆ تێڕوانین بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسێی عێراق، هەروەها گرێدانەوەی ئەم ڕەهەندانە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە کە باسی حکومەتی ئایندەی عێراق دەکرێت، هەست دەکەین ئەو جۆرە میدیایانە بەو جۆرە پێشنیار و شرۆڤەکانیان دەخەنەڕوو کە خزمەتی ئەو خوێندنەوەیە دەکات کە ئەمەریکا دەیەوێت بە خێرایی حکومەتێك پێکبێت و ئامانجەکانی خۆی بێتەدی.

• لایەنێکی دیکە کە کۆماری ئیسلامی ئێرانە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقە، ئەوجا چ لە ئێران یان لە عێراق ئامادەبوونی بەرچاوی هەیە، هەست دەکەین هەوڵدەدات کە هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی تێکەڵی یەکتری بکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەت لە دەستی ئەو لایەنە شیعیانەدا بمێنێتەوە کە ئێران بە باشیان دەزانێت و هەوڵیش دەدات کە یارمەتی هەردوو لیستی ناوبراو بدات لە چۆنیەتی گرێدانی هاوپەیمان و دابەشکردنی ڕۆڵە سیاسییەکان بەسەر سەرکردەکانی هەر دوو لیستەکەدا بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆڵی باردۆخەکە بکەن.

• لایەنی سێیەم کە دەوڵەتانی عەرەبی دراوسێی عێراق کە سوریای هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامیشی لەخۆی گرتوو، هەووەها تورکیش، هەموویان لە قسەکردنیان لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق دەکەن، هەوڵەکانیان بەو ئاراستیەیە کە حکومەتێکی عروبی سوننە بە سەرکردایەتی شیعەیەکی عەلمانی پەردەپۆش بکەن، ئەمەش واتە دژی ئەوەن حکومەت لە دەسەڵاتی عەرەبی شیعەدا بمێنێتەوە، پشتگیری ئەوەدەکەن دەسەڵاتێکی عەرەبی سوننە لە عێراقدا دابمەزرێتەوە، بۆئەم هاوکێشەیە لەگەڵ ئەوەی عەرەبستانی سعودیە ئەوەندەی ئاماژە پێکردووە (ئەگەر دەتانەوێت ئاستەنگەکانی بەردەمی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و بەغدا کۆتایی بێت) ئەوا باشترە د.مالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید نەکرێتەوە، لەدوای ئەمەوە بەپێی بۆچوونی هەندێك چاودێر و بۆ پەردەپۆشکردنی ئاراستەی عروبی حکومەتی ئایندەی عێراق، لەوانەیە تورکیا لەبری دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی بێتە سەرخەت و ڕۆڵی خۆی لەمبارەوە بگێڕێت.

## بەجێهێشتنی بەغدا و فڕین بۆ پایتەختەکانی دیکە

ئەمەریکا ڕێگەی دووری نێوان واشنتۆن و بەغدای بە کامێرای ڤیدیۆیی سەتەلایت کورتکردۆتەوە، بۆیە بێجگە لەوەی کریستۆفەر هیل و تیمەکەی لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا هەموو دەسەڵاتێکیان پێدراوە و ئەگەر پێویست بکات واشنتۆنیش ئاگادار بکرێتەوە، ئەوە ڕێگەی دوور گەیشتنە گرین زۆنە بۆ ئەوەی واشنتۆن بەغدا لە ژوورێکدا کۆبکرێتەوە، لەم ڕاستەوە کە دەبینن جموجۆڵەکان بۆ واشنتۆن هەستی بۆناکرێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کۆشکی سپی و گرین زۆن هەموو کاتێك ئەگەر پێویست بێت لە ژوورێکدا دەتوانن کۆببنەوە، بۆیە ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکرێت، فڕینی بەرپرسانی عێراقە لە بەغداوە بۆ تاران و ئەنکەرە و ئەگەر پێویست بکات ڕیازیش، هەندێك لە چاودێران پێیانوایە ئەوەی پێویست بێت لە ڕیاز ئاماژەی پێبکرێت و قسەی لەسەر بکرێت لە ئەنکەراش دەتوانرێت باس بکرێت، کەواتە بۆ ڕێکخستنی زەمینەسازی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەم هاوکێشەیەدا بەغدا پێگەی سەرەکی نییە، هەروەك چۆن لەوەتەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەنراوە، گەشتەکان بۆ تاران و پایتەختەکانی دیکەی ئیقلیمی دەستی پێکردووە، د.ئەیاد عەلاویش کە زیاتر سعودیە و تورکیا پشتگیری لێدەکەن، ڕایگەیاندووە ئامادەیە سەردانی تارانیش بکات.

مەترسی کاریگەری دەوڵەتانی ئیقلیمی لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا مەترسی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، بەڵکو هاوکات لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە بە جۆرێك لە گومان و دوو دڵییەوە سەیری ئەم هاوکێشە تازەیە دەکەن و پێیانوایە سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا دەبێتە پێشینەیەك بۆ ئەوەی ئایندەی ئەو ڕژێمانەش بکەوێتە مەترسیەوە. بۆیە بە هەموو جۆرێك دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدەن، بۆ ئەوەی هاوکێشەی سیاسیی عێراق بەو ئاراستیە بچێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش دەپارێزرێت، بەڵام زۆر زەحمەتە عێراق بتوانێت ئەم هەموو بەرژەوەندییانە لەسەر حسابی ئایندەی وڵات و گەلەکەی بپارێزێت و لەوانەیە عێراقیش وەك فەلەستین ببێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی کێشەی نفوز و دەسەڵاتی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و سەرەنجامیش چۆن وەك ئێستا دەبینن کەس زەرەرمەند نەبووە بێجگە لە گەلی فەلەستینی، ئەگەر فریای عێراقیش نەکەون، ئەوا بێجگە لە گەلانی عێراق کەسی دیکە زەرەرمەند نابێت



# ئێران و سعودیە ئامانج و ئەجێندای جیاوازیان لە عێراقدا هەیە، ئێران ئێستا رۆڵی زیاتر بووە و سعودیەش نایەوێت شیعە کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق بکات

**پرۆفیسۆر تید گەلن کارپنتەر گەورە تۆژەری ئامۆژگای بەناوبانگی کاتۆیە و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی عێراق و ئاگاداری رەوشی عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو سەختی پرۆسەی گرێدانی هاوپەیمانی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق و کاریگەریی ئەو ناتەباییە لەسەر رەوشی سیاسیی ئایندەی عێراق و رۆڵی دەوڵەتانی ئیقلیمی لەناو پرۆسەکەدا، پرۆفیسۆر کارپنتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

> ئەمەریکا لە نێوان مالیکی و عەللاویدا تەفزیلی ئەوە دەکات عەللاوی دەسەڵات بگرێتەدەست

*** بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە چۆن دەبینیت؟**

- بارودۆخێکی بارگرژ لە ئاردایە، ئەوەش ئاشکرایە کە مالیکی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان خۆشحاڵ نییە، لەبەر ئەوەی نەیتوانی ئەو لیستە بێت کە زۆرترین کورسی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، لە هەمان کاتدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە رەوتی سەدر توانیویەتی ببێتە هێزی هاوسەنگی و ئەوە یەکلابکاتەوە ئایا مالیکی یاخود عەللاوی جڵەوی حکومەت بگرنەدەست، پێموایە ئەمە دوایەمین شتە کە بەرپرسە ئەمەریکییەکان خوازیاری بن رووبدات، مەبەستم ئەوەیە ئەمەریکا بەم پێگە نوییەی رەوتی سەدر خۆشحاڵ نییە، کە پێگەیەکی بەهێزە ئەگەر نەڵێین باڵادەستە، لە لایەکی دیکەوە ئەمەریکا لە نێوان مالیکی و عەللاویدا تەفزیلی ئەوە دەکات عەللاوی دەسەڵات بگرێتەدەست.

*** بەڵام ئەو مەسەلەیە زیاتر پەیوەستە بە هەردوو دەوڵەتی ئێران و سعودیەوە، چونکە ئێران و سعودیە هەوڵدەدەن کاریگەربن لەسەر رەوتی رووداوەکان لە عێراقدا، ئێران پشتگیری شیعەکان دەکات بۆ ئەوەی باڵادەست بن لەو وڵاتەدا، سعودیەش پاڵپشتی سوننەکان دەکات، ئایا گرنگی عێراق بۆ ئەم دوو وڵاتە چیە؟**

- لە راستیدا گرنگیەگە بۆ پێگە و هەڵکەوتەی جوگرافی عێراق دەگەڕێتەوە، هەروەها ئێران و سعودیە ئامانج و ئەجێندای جیاوازیان لە عێراقدا هەیە، ئەوەش ئاشکرایە کە سعودیە خوازیاری ئەوە نییە حکومەتێك لە عێراقدا حکومڕانێتی بکات کە لە لایەن شیعەکانەوە کۆنترڕۆڵکرابێت، لە راستیدا سعودیە خۆشحاڵ نەبوو بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاو و بە چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی رەوتی رووداوەکان لەو وڵاتەدا، لە لایەکی دیکەوە ئێران تا رادەیەك خۆشحاڵ بوو بە چۆنیەتی بەرەوپێشچونی رووداوەکان، لەبەر ئەوەی توانیتی کاریگەر و

دەستڕۆیشتوو بێت لەو وڵاتەدا و هەوڵدەدات زیاتر ئەو دەستڕۆیشتوویيە بچەسپێنێت، بەڵام پێموایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێی سەرسوڕمانی ئێران بوو، لەبەر ئەوە هەوڵدەدات دووبارە کاریگەری و سەنگی خۆی لە عێراقدا بگەڕێنێتەوە بە چەشنێك مالیکی و کەسانی دەوروبەری مالیکی هان دەدات بۆ ئەوەی گورزێك لە لیستەکەی عەللاوی بسرەوێنن لە ڕێی دوورخستنەوەی چەند پاڵێوراوێکی ئەو لیستەوە، لە کاتێکدا پێموایە ئەگەر ئێرانیش پشتگیریان نەکات و هانیان نەدات، ئەوا مالیکی خۆی بەم کارە هەڵدەستێت. کە ئەگەر ئەم کارەش سەرکەوتووبێت، ئەوا دووبارە ئێران دەتوانێت کاریگەری و دەستڕۆیشتتویی خۆی بەدەست بهێنێتەوە.

*** بە پێی لێکدانەوەی چاودێرە سیاسییەکان دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە عێراقدا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی عێراق نییە، بەڵکو بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی خۆیانە لەسەر خاکی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تاکەی عێراق ڕێگە دەدات ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە؟**

- عێراق وڵاتێکی لاوازە و کەوتۆتە نێوان دوو دەوڵەتی بەهێزەوە، سعودیەو ئێران کە هەردوولایان هەوڵی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە عێراقدا دەدەن، ڕۆڵی ئەمەریکا بەرەو کزبوون و داکشان دەچێت و ئەمەش لە بەرژەوەندی خەڵکی وڵاتەکەدا نییە، هەروەها ئەمە بەرەوپێشچوونێکە دەبێتە هۆی نیگەرانکردنی کوردەکان، چونکە پاڵپشتی سعودیە بۆ ئەوەی سوننەکان دەسەڵات بگرنەدەست، کوردەکان نیگەران دەکات و لە هەمان کاتدا پشتیوانی ئێرانیش بۆ ئەوەی شیعەکان کۆنترۆڵیان بەسەر عێراقدا هەبێت مایەی نیگەرانییە بۆ کوردەکان و کوردەکان پێشوازی لە هیچ کام لەم دوو هەوڵە ناکەن.

*** وڵاتی سعودیە هەوڵدەدات سەنگ و دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی سوننەکان لە ڕێی ئەیاد عەللاویەوە جڵەوی حکومڕانێتی بگرنەدەست، ئایا عەللاوی دەتوانێت بە پاڵپشتی سعودیە حکومەت پێکبهێنێت، یاخود ئایا کاریگەری سعودیە لەسەر ئایندەی عێراق چی دەبێت بە تایبەتی لە ڕوانگەی پشتگیری کردنی لە لیستەکەی عەللاویەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی قورسە، پێموایە ئەگەر مالیکی بتوانێت هاوپەیمانێتیەکی گەورە پێکبهێنێت، ئەوا دەتوانێت سنوورێك بۆ دەستڕۆیشتوویی سعودیە دابنێت، کە لەم کاتەدا لیستەکەی ئەیاد عەللاوی ڕۆڵی موعارەزە دەبینێت، ئەگەرچی پێکهاتنی ئەم هاوپەیمانێتیە زیاتر دەوەستێتەسەر هەڵوێستی ڕەوتی ئەلسەدر. لێرەدا نابێت ئەگەری سێیەمیش فەرامۆش بکەین ئەویش بریتییە لە بە بنبەستگەیشتنی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ، واتە پێکنەهێنانی حکومەتێکی نوێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، کە ئەمە یەکێکە لە ئەگەرەکان و دەبێت لەبەرچاوی بگرین.

*** ئایا ئێران لە دووبارە گەڕاندنەوەی مالیکی بۆ دەسەڵات سەرکەوتوودەبێت ؟**

- نازانم ئەمە ڕوودەدات یان نا، بەڵام ئاشکرایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بووە هۆی لاوازبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەڵام ئایا تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی ئێران لەم ڕووەوە لاوازبووە، ئەوا ئەمە دەوەستێتەسەر ئەو مانۆڕە سیاسییانەی لە چەند هەفتە یاخود چەند مانگی داهاتوودا لە عێراقدا ڕوودەدەن، کە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ڕەنگە ئەنجامەکە بە ڕێگەیەکی داخراو بگات و نەتوانرێت حکومەت پێبهێنرێت، ناڵێم بە دڵنیاییەوە ئەمە ڕوودەدات، بەڵام ئەمە یەکێکە لە ئەگەرەکان و ڕەنگە ئەو کاتە پەنا بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانیش ببردرێت.

*** هەندێ لە چاودێرە سیاسییەکان پێیانوایە شیعەکان دەسەڵات بگرنەدەست یاخود سوننەکان، ئەوا شەڕی تائیفی لە عێراقدا ڕوودەدات، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە ئەگەرەکان و پێموایە بارودۆخە سیاسییەکەی عێراق ئەوەندە هەستیار و لەرزۆکە کە هەموو ئەگەرێك هەڵدەگرێت.

*** تا چ ڕادەیەك دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان هۆکاری ناسەقامگیری عێراقن و دەبنە هۆی دابەشبوونی عێراق؟**

- لە ڕاستیدا هەڵکشانی توندوتیژی لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە زیاتر بوونە بە بەراورد بە دوو مانگی پێش هەڵبژاردن، ئەمەش مایەی نیگەرانییە و ئاماژەیە بە لەرزۆکی دۆخە سیاسیەکە.

*** دوای ئاشکرابوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کاتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکان دەستی پێکردووە چۆن ئەو هاوپەیمانێتیانە پێکدەهێنرێن و ئایا مەترسی دووبارە دروستبوونەوەی شەڕی تائیفی لە ئارادانییە؟**

- لە ڕاستیدا مەترسییەکی جددی لەم ڕووەوە لە ئارادایە، لەبەر ئەوەی ڕەفتارەکانی مالیکی و کەسانی دەوروبەری بوونەتە هۆی توڕەکردن و بێزارکردنی سوننەکان، بۆ نموونە سوننەکان هەست دەکەن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بە شێوەیەکی ناعادیلانە زۆرێك لە پاڵێوراوەکانیان لە مافی بەشداری کردن لە خۆپاڵاوتن دووخراونەتەوە، لێرەدا گرنگ نییە ئایا بانگەشەی سوننەکان ڕاست و دروستە یاخود بڕیاری دوورخستنەوەیان، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەگەر سوننەکان بە تەواوەتی توڕەبکرێن، ئەوا ڕەنگە پەنا بۆ کاری یاخیگەرانە ببەنەوە و ئەمەش سەردەکیشێت بۆ دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕی شیعە و سوننە بە چەشنی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا بینیمان. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی ڕوون نییە ئەوەیە ئایا ڕۆڵی کوردەکان لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا چی دەبێت، کە ئەوەش ئاشکرایە کوردەکان لەم چوارچێوەیەدا هەوڵدەدەن زۆرترین سازش بە لایەنەکانی دیکە بکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر لایەنەکانی دیکە جا مالیکی بێت یاخود عەلاوی ئامادەی ئەم سازشە نەبن چی ڕوودەدات، یاخود بە دەربڕینێکی دیکە ئەو کاتە کوردەکان ئەو پرسیارە دەکەن ئایا هیچ ڕۆڵێکیان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەبێت یاخود نا، لە ڕاستیدا ئەمە دۆخێکی زۆر ناسك و هەستیارە.

*** ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبوونی خۆی بە دەستورەوە ڕابگەیەنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەگەر عەللاوی یاخود مالیکی سازش بۆ کوردەکان بکەن، ئەوا بەشێك لە لایەنگرەکانی خۆیان لەدەست دەدەن، لە هەمان کاتدا ئەگەر سازش بۆ کوردەکان نەکرێت و کوردەکان بەشداری لە حکومەتدا نەکەن، ئەوا ناتوانرێت حکومەتی زۆرینە پێکبهێنرێت، کەواتە ئەمە بەرەوپێشچوونێکی دیکەیە کە دووبارە دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە بخاتە دۆخێکی خراپەوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە پێکهێنانی حکومەتی نوێ درێژ نەکێشێت و چەند مانگێك نەخایەنێت، بەڵکو لەم چەند هەفتە کەمەی داهاتوودا کۆتایی پێبێت.

**ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێی سەرسوڕمانی ئێران بوو، لەبەر ئەوە هەوڵدەدات دووبارە کاریگەری و سەنگی خۆی لە عێراقدا بگەڕێنێتەوە**

**پاڵپشتی سعودیە بۆ ئەوەی سوننەکان دەسەڵات بگرنەدەست، کوردەکان نیگەران دەکات**

ڤینسنت فیرارۆ بۆ گوڵان:



# سعودییە تەحەفوزو تێبینی لەسەر عەلاوی هەیە، بەڵام لە باڵادەستبوونی شیعە و د.مالیکی بەباشتر دەزانێت بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق

**پرۆفیسۆر ڤینسنت فیرارۆ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ماسیۆشێتدو پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی دەوڵەتانی ئیقلیمی لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق و هاوپەیمانییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق پرۆفیسۆر فیرارۆ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

سعودییە عێراق وەک بەربەستێک لە بەردەم ئێراندا دەبینێت، هەروەها سعودییە مەترسییەکی جیددی هەیە لە باڵادەستبوون و زاڵبوونی ئێران یاخود شیعەکان لە عێراقدا

*** بەشێوەیەکی گشتی چۆن بارودۆخی عێراق دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە دەبینیت ؟**

- بەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنەکان بەباشی بەڕێوەچوون، توندوتیژییەکی کەم لە کاتی پرۆسەی دەنگدانەکەدا ڕوویدا، هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لێکنزیکبوون، پێم وایە ئەگەر بتوانرێت بە ئاسانی و بە ئاشتییانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت، ئەوا ئەمە دەبێتە نیشانە و ئاماژەیەکی ئیجابی کە عێراق بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** عێراق دەوڵەتێکی گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە چەشنێك هەموو وڵاتانی ناوچەکە خوازیاری ئەوەن ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوویان هەبێت لە عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم گرنگییەی عێراق لە چیدا دەردەکەوێت؟**

- عێراق یەکێکە لە گەمەکارە سەرەکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئێراندا گرنگی و کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ ئایندەی وڵاتەکە، هەروەها ئاشتی لە ناوچەکەدا نایەتەدی ئەگەر عێراق سەقامگیری بەخۆوە نەبینێت.

*** ئێران و سعودییە هەوڵدەدەن کاریگەربن لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە عێراقدا، ئێران پشتگیری شیعەکان دەکات بۆ ئەوەی باڵادەست بن لەو وڵاتەدا، سعودییەش پاڵپشتی سوننەکان دەکات، ئایا گرنگی عێراق بۆ ئەم دوو وڵاتە چییە؟**

- سعودییە عێراق وەك بەربەستێك لە بەردەم ئێراندا دەبینێت، هەروەها سعودییە مەترسییەکی جیددی هەیە لە باڵادەستبوون و زاڵبوونی ئێران یاخود شیعەکان لە عێراقدا، بەڵام دەرکەوتنی عەللاوی بەو شێوەیە تا ڕاددەیەك مەترسی و نیگەرانی سعودییە دەڕەوێنێتەوە، هەر

ئەمەش هۆکاری پشتیوانی لێکردنێتی، گەرچی سعودییە تێبینی و تەحەفوزی خۆشی هەیە لەسەر عەللاوی.

*** وڵاتی سعودییە هەوڵدەدات سەنگ و دەسترۆیشتوویی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی سوننەکان لە ڕێی ئەیاد عەللاوییەوە جڵەوی حکومڕانیتی بگرنەدەست، ئایا عەللاوی دەتوانێت بە پاڵپشتی سعودییە حکومەت پێکبهێنێت، یاخود ئایا کاریگەریی سعودییە چی دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق بە تایبەتی لە ڕوانگەی پشتگیری کردنی لە لیستەکەی عەللاوییەوە؟**

- من لە خواستی وڵاتی سعودییە تێدەگەم بۆ پاڵپشتیکردنی پێکهاتەی سوننە لە عێراقدا، بەڵام پێموایە موبالەغە دەکرێت لە گەورەیی و گرنگی ئەو ڕۆڵەی سعودییە دەیبینێت لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی سعودییە پاڵپشتی بەشێکی بچوکی وڵاتەکە دەکات. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی من تێبینیم کردبێت بەشێك لە سەرکردەکانی ڕەوتی سەدر خوازیاری ئەوەنین بکەونە ژێر کاریگەری و تەحەکومی ئێرانەوە و بە تێڕوانینی من ڕەوتی سەدر و عەللاوی خاڵی هاوبەشیان هەیە لەبەر ئەوەی هەردوولایان هەوڵی پاراستنی سەربەخۆیی عێراق دەدەن و کار دەکەن بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر دەسترۆیشتوویی و نفوزی ئێران یان سعودییەوە.

*** بە پێی لێکدانەوەی چاودێرە سیاسییەکان دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە عێراقدا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی عێراق نییە، بەڵکو بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی خۆیانە لەسەر خاکی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تاکەی عێراق ڕێگە دەدات ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە؟**

- پێموایە بەهۆی بوونی هەستێکی نیشتمانی بەهێز لای عێراقییەکان، هەروەها بەهۆی بەرهەڵستی کردنی فشارەکانی ئێران و سعودییە لە لایەن کوردەکانەوە، لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی فشار و دەسترۆیشتوویی نادروستی سعودییە و ئێران لە لایەن زۆرێك لە سەرکردە سیاسییەکانی عێراقەوە، ئەوا دەکرێت کار بکرێت بۆ دروستکردنی هەلومەرجێك بکرێت کە چیتر ڕێگەنەدرێت فشار و کاریگەری ئەم دەوڵەتانە تەحەکوم بە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە بکەن لە عێراقدا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخی سیاسی ئێستای عێراق لە دۆخێکی لاوازدایە.

*** گەورەترین کێشەی پرۆسەی سیاسییەکەی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە بریتییە لە پێکهێنانی حکومەت، کە ئەم کارەش پێویستی بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت ئەم هاوپەیمانێتییە پێکبهێنرێت؟ پێشبینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە، ئایا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی لە ئارادا نییە؟ ئایا لە حاڵەتی ڕوودانی شەڕی تائیفیدا ئەمەریکا پێداچونەوە بە سیاسەتی کشاندنەوەی هێزەکانی دەکات لە عێراقدا؟**

- پێموا نییە سیاسەتی ئەمەریکا لەم ڕووەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ڕەنگە ئەمەریکا ڕەوتی کشاندنەوەکە سست بکات، بەڵام لە کاتی بەرپابوونی شەڕی تائیفیدا ئیدارەی ئەمەریکا بڕیاری تێوەگلانی هێزەکانی نادات لەو شەڕەدا، ئەمە دەبێتە دۆخێکی ئەمنی یان ئەمە دەبێتە کێشەیەکی ئەمنی کە پێویستە حکومەتی عێراقی هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، من دڵنیام جۆرێك لە شەڕی تائیفی ڕوودەدات، ئەگەرچی لە مەودایەکی بچوکیشدا بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵنیام حکومەتی عێراقی دەتوانێت ڕووبەڕووی بێتەوە.

*** ئایا پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراقدا چەند دەخایەنێت؟**

- پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراقدا ڕەنگە شەش بۆ هەشت هەفتە بخایەنێت و ئەو کاتە حکومەتێك دێتەئاراوە کە دەرفەتێکی باشی دەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و درێژەبکێشێت.

*** ئایا ئێران سەرکەوتوو دەبێت لە دووبارە گەڕاندنەوەی شیعەکان بۆ دەسەڵات؟**

- نکۆڵی ناکرێت کە ئێران کاریگەرییەکی زیاتری هەیە بەسەر پارتە سیاسییەکانی عێراقەوە بە بەراورد بە سعودییە، بەڵام پێموایە ئەگەر عەللاوی بتوانێت هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕەوتی ئەلسەدر دا بکات ئەوا ئەم هاوپەیمانێتییە زۆر بەهێزتر دەبێت لە هاوپەیمانێتی نێوان ئەلحەکیم و مالیکی، هەروەها من باوەڕم وایە کورد و سوننە و بەشێکی زۆری شیعەکان، خوازیاری ئەوەنین عێراق بکەوێتە ژێر دەسترۆیشتوویی و نفوزی ئێرانەوە.

*** هەندێ لە چاودێرە سیاسییەکان پێیان وایە شیعەکان دەسەڵات بگرنەدەست یاخود سوننەکان ئەوا شەڕی تائیفی لە عێراقدا ڕوودەدات، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- تەنها یەك ڕێگا هەیە بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی، ئەویش بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ئابووری وڵاتەکەیە، بە چەشنێك هەموو لایەك بەرژەوەندییان هەبێت لەپاراستنی ئاشتیدا، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی خۆیان ڕێگری لە گەڕانەوەی بەرپابوونی توندوتیژی بکەن.

*** تا چ ڕادەیەك دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان هۆکاری ناسەقامگیری عێراقن و تا چ ڕادەیەك دەبنەهۆی دابەشبوونی عێراق؟**

- باوەڕم وایە تیکڕای دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق خوازیاری کۆتاییهێنانن بە توندوتیژی و لە ڕاستیدا تەنها ئێران بەرژەوەندی هەیە لە درێژەکێشانی توندوتیژی لە عێراقدا، بەڵام بە تێڕوانینی من دەسترۆیشتوویی ئێران بە شێوەیەك نییە بتوانێت توندوتیژییەکی بەردەوام لە عێراقدا بخوڵقێنێت، واتە ڕەنگە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ توندوتیژی ڕووبدات، بەڵام دەکرێت ئەحتیوابکرێت و لە ڕاستیدا ئەگەر بتوانرێت بارودۆخی ئابووری بەرەو پێشببردرێت ئەوا دەکرێت لە مەودای دووردا باشتر کۆنترۆڵی ئەو توندوتیژییە بکرێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە خەڵکی ناوچەکە پێویستیان بە ئاشتی هەیە و شایستەی ئەوەن لە ئاشتیدا بژین.

ڕەوتی سەدر و عەللاوی خاڵی هاوبەشیان هەیە لەبەر ئەوەی هەردوولایان هەوڵی پاراستنی سەربەخۆیی عێراق دەدەن

دەکرێت کار بکرێت بۆ دروستکردنی هەلومەرجێك بکرێت کە چیتر ڕێگەنەدرێت فشار و کاریگەری ئەم دەوڵەتانە تەحەکوم بە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە بکەن لە عێراقدا

# ئاكامی هەڵبژاردنەكانی عێراق هەورازێكی لایەنە سیاسیەكان و پێكهێنانی حكومەتی




به بۆچوونی (نایت) و (كارپینتەر)ش هەندێك لەو تەنگژانەی مەزندە دەكرێن لەماوەی حكومەتی بەرێوەبردنی كاری رۆژانە رووبدات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستووری عێراق دەسەڵات و رۆڵی سەرۆك وەزیرانی لەو ماوەیەدا دیاری نەكردووە، بۆیە حكومەتی پیادەكردنی رۆژانە كە نوری مالیكی سەرۆكایەتی دەكات، ئەگەر ئەو ماوەیە درێژبێت واتە چەند مانگێك بخایەنێت، زۆر نزیكە بۆ مەبەستی خۆی بەكاری بهێنێت، بۆیە چەند ماوەی پێكهێنانی حكومەت درێژە بكێشێت هێندە بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزی تر دەروات

# سەختی بۆ هاوپەیمانی نێوان تازە دروستکردووە



((باری سیاسی دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئیدارەی ئۆبامای خستوتە دووڕیانێکەوە، دیموکراتەکان گوشاری دەخەنەسەر بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا هێزەکانی پاشەکشە پێبکات و کۆمایەکان چەقۆکانیان تیژکردۆتەوە بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئەو سەرکەوتنەی بوش بەدەستی هێنا ئۆباما لەدەستی دا، بێ لایەنەکانیش کە حەزناکەن هێزەکانیان زیاتر لە عێراقدا بمێنێتەوە،حەزیش ناکەن شەرە کەبدۆڕێنن))

کینس پۆلاک

بەڕێوەبەری سەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز

پێکهێنانی حکومەتی ئەمجارەش ئەگەر لە(٥)مانگ زیاتری پێنەچێت ئەوا کەمتری پێناچێت

ڕەخنەی کۆمارییەکان کە چەقۆی ڕەخنەکانیان بۆ ئیدارەی ئۆباما تیژ دەکەنەوە بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئەو سەرکەوتنەی ئیدارەی بوش بەدەستی هێنا ئیدارەی ئۆباما دۆڕاندی



سکۆت کارپێنتەر لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك پێش هەموان وتارێکی نووسیی بەناونیشانی ((حکومەتی ئاییندەی عێراق لە مانگی ئەیلوولدا رادەگەیەنرێت))، مایکل نایت لەهەمان ئامۆژگا ترسی ئەوەی هەیە کە ئەو ماوەیەی کە پێی دەگوترێت حکومەتی بەرێوەبردنی کارەکان (تەسریفی ئەعمال) هەتا حکومەتی تازە پێکدەهێنرێت، بەپێی دەستووری عێراق شێوازی دەسەڵاتی ئەو حکومەتە و رۆڵی سەرۆکایەتی د.مالیکی لەو ماوەیەدا دیاری نەکراوە، هەروەها تەنها رێگە بۆ رێگرتن لە دروستبوونی تەنگژەی دەستووریش لە عێراقدا دادگای باڵای دەستوورییە لە عێراقدا، بەڵام (نایت) پێیوایە دادگای باڵای دەستووری هیچ رۆڵێکی بۆ رێگرتن لە تەنگژەی دەستووری نابێت، چونکە سروشتی عێراق بەوجۆرەیە هەتا تەنگژەی دەستووری روونەدات دادگای باڵای عێراقی بریار بۆ رێگرتن لەو تەنگژەیە دەرناکات، کەواتە بە بۆچوونی (نایت) و هەروەها (کارپینتەر)ش هەندێك لەو تەنگژانەی مەزندە دەکرێن لەماوەی حکومەتی بەرێوەبردنی کاری رۆژانە رووبدات دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی دەستووری عێراق دەسەڵات و رۆڵی سەرۆك وەزیرانی لەو ماوەیەدا دیاری نەکردووە، بۆیە حکومەتی پیادەکردنی رۆژانە کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، ئەگەر ئەو ماوەیە درێژبێت واتە چەند مانگێك بخایەنێت، زۆر نزیکە بۆ مەبەستی خۆی بەکاری بهێنێت، بۆیە چەند ماوەی پێکهێنانی حکومەت درێژە بکێشێت هێندە بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزی تر دەروات و گرێدانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازە قورس تر دەبێت. پرۆفیسۆر (نایت) مەترسی ئەم بەکارهێنانە خراپەی حکومەت لەلایەن د.مالکییەوە دەگێرێتەوە بۆ ئەو رەفتارانەی د.مالیکی کە پێش هەڵبژاردنەکان بۆ مەبەستی حزبی خۆی بەکاریهێناوە، وەك دامەزراندنی ١١٥ هەزار کارمەند لەناو حکومەت، دابەشکردنی موەلیدەی کارەبا بە ئارمی حزبی دەعواوە لە بەغدا لە کاتێکدا ئەو موەلیدانە بە پارەی ئەمانەی پایتەخت کڕدرابوون نەك حکومەت، هەروەها بەڵێندان بە گێڕانەوەی ٢٠ هەزار کەس بۆ ناو سوپای عێراق.

**ئەگەر سەربەخۆکان لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ببنە لایەنگیری دیموکراتەکان، ئەوا لە حاڵەتی ئەوەی ئەگەر ئەو کشانەوەیە ببێتە هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرژی و توندوتیژی مەزهەبی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، ئەوا دەبنە لایەنگیری کۆمارییەکان**

ئەم ئیشکالیەتەی ناوەندەکانی تۆژینەوەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك ئاماژەیان پێدەکات، کەمتر لە میدیاکانی عێراق ئاماژەی پێدەکرێت، لەوانەیە هیچ میدیایەکی عێراق و عەرەبی بەوجۆرە بایەخیان بە حکومەتی کاری رۆژانە نەدابێت کە دەتوانێت چ رۆڵێکی کاریگەری سلبی لەسەر رەوشی پرۆسەی گرێدانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەت دەگێرێت ئەگەر ئەو حکومەتەی پێکدێت لەبەرژەوەندی د.مالیکی نەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر ماوەی حکومەتی جێبەجێکردنی کاری رۆژانە چەند مانگێك بخایەنێت.لەو مەترسیانە:

١- بێگومان لەماوەی حکومەتی کاری رۆژانە(تەسریفی ئەعمال) بەهیچ جۆرێك ئەو کێشانەی پێش هەڵبژاردن هەبوون و چاوەروان دەکران حکومەتی تازە چارەسەریان بکات، چارەسەر ناکرێن، لەبەر ئەوەی حکومەتی تەسریفی ئەعمال دەبێت لە خزمەتی گریدانی هاوپەیمانی بێت نەك چارەسەرکردنی کێشەکانی پێشتر، ئەمەش واتە چەند ماوەی حکومەتی کاری رۆژانە درێژ بێتەوە هێندە چارەسەرکردنی کێشەکانیش دوادەکەون.

٢- لەبەر ئەوەی د.مالیکی لەناو هێزەکانی ئاسایش و سوپا نفوزێکی زۆری هەیە و بۆیە لەماوەی حکومەتی کاری رۆژانە، سوپا و هێزەکانی ئاسایش وەك جۆرێك لە ملیشیایی لێدێت بەدەستی د.مالیکیەوەوە لەوانەیە بەکاربهێنرێن بۆ بەرژەوەندی د.مالیکی و بەکارهێنانی لەوکاتەی د.مالیکی پێویستی پێی دەبێت.

هەرچی پرۆفیسۆر(کینس پۆلاك)یشە کە رۆژی ٢٠١٠/٣/٣١ وتارێکی لە ناشناڵ ئینترێست بە ناونیشانی (عێراق: هاوینێکی گەرم و درێژ) بڵاوکردۆتەوە و تیایدا هەمان مەترسیەکانی سکۆت کارپێنتەرو مایکل نایت دووبارە دەکاتەوەو لە هەمانکاتدا راشکاوانە هەڵوێستی ئیدارەی ئەمریکی سەبارەت بە چۆنیەتی تێروانینی بۆ حکومەتی ئاییندەی عێراق دەخاتەروو،بەڵام جیاوازتر لە تێروانینەکانی نایت و کارپێنتەر، بۆیە پرسیاری وروژێنراوی ناو باسەکەی پۆلاك هێندەی رووی لەئیدارەی ئۆباما و گوشارەکانی ئۆباما بۆسەر کریستۆفەر هیل و تیمەکەی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکی لەبەغدا کردووە، هێندە رووی لە سیاسەتمەدار و لایەنە سیاسیەکانی عێراق نیە، بۆ ئەمەش پۆلاك چەند راستیەکی ئاماژە پێکردووە، کە بەپێویستی زانیوە ئاماژەیان پێبکات وەك:

١- پۆلاك پێی وایە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٥ خۆی دەسەڵات بوو لە عێراقدا و کاریگەری بەسەر هەموو پێکهاتە سیاسیەکانی عێراقدا هەبوو،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی(٥) مانگی خایاند هەتا حکومەت پێکهات، ئێستا ناڵێن ئیدارەی ئەمریکا کاریگەری بەسەر پرۆسەی عێراقەوە نیە، بەڵام جیاوازی ئێستا لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥ بەوجۆرەیە. کە ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی داگیرکار لەساڵی ٢٠٠٥ خۆی خاوەنی دەسەڵاتی کاتی بوو، بەڵام ئێستا ئەمریکا هاوبەشی حکومەتی عێراقە کاریگەری تەنها لە بواری بەهێزکردنی هێزەکانی عێراق و زیاتر هاوکاریە ئابوریەکانە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێکهێنانی حکومەتی ئەمجارەش ئەگەر لە(٥)مانگ زیاتری پێنەچێت ئەوا کەمتری پێناچێت.

٢- لەبەر ئەوەی ئاکامی دەنگدان بەوجۆرەیە کە هەردوو لیستی د.مالکی و د.عەلاوی زۆر لەیەکتری نزیکن، لەلایەك مالیکی خۆی وا پیشاندەدات کە هاوپەیمانی ئەمریکایە و لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری لیدەکرێت، د.عەلاویش کە خۆی بە لایەنێکی عەلمانی و هاوپەیمانی ئەمریکا دەزانێت،ئەوا پۆلاك بەوجۆرە پێشنیار دەخاتە بەردەم ئیدارەی ئەمریکی، ئەوەی ئێستا پێویستە دەست ئەمریکا بکەوێت لە دەستێکدا پارێزگاری پێوەبکات و ئەوەی بۆی بەدەست نایەت بیخاتە دەستەکەی دیکەی و ئارامی لەسەر بگرێت و پەلەی تێدا نەکات.

رەهەندی ئەم قسەیەی پۆلاك نابێت ئەمریکا لە روانگەی سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکاوە سەیری پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق بکات، هەم دڵی ئەندام و هەوادارانی پارتی دیموکراتی رابگرێت بەوەی گوشار دەخەنە سەر ئیدارەی ئۆباما بەوەی لەکاتی خۆی هێزەکانی بکێشێتەوە ئەمەش واتە لە کۆتای مانگی ئابی دادێ هێزەکانی ئەمریکا کەمبکرێنەوە بۆ ٥٠ هەزار سەرباز لە عێراقدا، لەهەمانکاتدا

نەشکەوێتە بەردەم شاڵاوی ڕەخنەی کۆمارییەکان کە چەقۆی ڕەخنەکانیان بۆ ئیدارەی ئۆباما تیژ دەکەنەوە بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئەو سەرکەوتنەی ئیدارەی بوش بەدەستی هێنا ئیدارەی ئۆباما دۆڕاندی، لەمەش کاریگەرتر، پۆلاك ڕای سەربەخۆکانیشی (دەرەوەی لایەنگرانی پارتی کۆماری و دیموکراتیەکان) ئاماژە پێکردووە، ئەوانیش لەم هاوکێشەدا دەبنە لایەنگیری ڕای کۆماریەکان، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەربەخۆکان لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ببنە لایەنگیری دیموکراتەکان، ئەوا لە حاڵەتی ئەوەی ئەگەر ئەو کشانەوەیە ببێتە هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانەوەی گرژی و توندوتیژی مەزهەبی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، ئەوا دەبنە لایەنگیری کۆماریەکان بەوەی ئۆباما بۆوە هۆکاری دۆڕاندنی شەڕی عێراق، ئەمە ڕاستیەکی دیکە دەخاتە ڕوو کە ئەویش ئەوەیە (ئەمریکیەکان چۆن هاودەنگ و هاوسۆزن لەگەڵ پارتی دیموکراتی و ئیدارەی ئۆباما بۆ ئەوەی چیدیکە سەربازەکانیان لە عێراق نەبن و بگەڕێنەوە بۆ وڵات، لەهەمانکاتدا هاوسۆز و هاودەنگیشن لەگەڵ پارتی کۆماری کە نابێت شەڕی عێراق بدۆڕێنرێت) ئەم واقیعە تازەیە هەوڵەکانی ئیدارەی ئەمریکا بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی دەبات، ئەویش ئەوەیە، ڕاستە ئیدارەی ئۆباما و شەخسی سەرۆك ئۆباما بیرلەسەرکەوتن لە عێراقدا ناکەنەوە لەبەر ئەوەی شەڕی عێراق بەشەڕێکی ڕەوا نازانن و هەرچۆنێك بێت دەیەوێت لە کۆڵی بێتەوە، بەڵام ئەمریکیەکان دۆڕاندنی ئەم شەڕە لە ئیدارەی ئۆباما قبوڵ ناکەن و ئەگەر ئیدارەی ئۆباما هەموو ئامانجەکانی خۆی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی ئەمریکا بونیاد بنێت و پابەند بێت بەو خشتە زەمەنیەی کە دەبێت پێش هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس و هەتا کۆتایی مانگی ئابی دادێ هێزەکانی کەمبکاتەوە بۆ ٥٠ هەزار سەرباز،ئەوا دەبێت باجێکی گەورە بدات، بەڵام ئەگەر لەگەڵ واقیعی عێراق لەبەرچاو بگرێت و بەپێی واقیعی عێراق بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی هێزەکانی بدات، ئەوا دیسان هەر باجێکی دیکە دەدات کە نەیتوانیوە پابەند بێت بە خشتەی زەمەنی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق لە کاتی خۆیدا، بەڵام ئەم باجیان لە باجی کشانەوەی هێزەکان و گەڕانەوەی عێراق بۆ ناو بازنەی توندوتیژی و شەڕی ناوخۆ بە هاوشێوەی ساڵی ٢٠٠٦ کەمتر دەبێت، بۆیە پێشنیاری بەڕێوەبەری سەنتەری سابان بۆ ئۆباما ئەوەیە ئارامگر بێت و بەرگەی ئەو ئازارە کەمە بگرێت، لەوە باشترە باجێکی گەورەتر بدات.

### کریستۆفەر هێل و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا لەمانگی حوزەیران و تەموزدا دێنە ناو پرۆسەکە

لەبەر ئەوەی ڕۆڵی ئێستای ئەمریکا هاوبەشییە (شەریك)ە لە عێراقدا، بۆیە ڕاستەوخۆ نایەتە ناوپرۆسەکەوە، دەبێت لە شتی پەردەوە ڕۆڵی میانگیرێکی دادپەروەر بگێڕێت، تەنها هەوڵی بۆ ئەوە بێت کە زەمینەی هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسیەکاندا دروست بکات، بەڵام دروستکردنی ئەم زەمینە هاوبەشە کارێکی ئاسان نیە، لەبەر ئەو قەوارە سیاسیانەی کە بە قەوارەی گەورەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دادەنرێن وەك (لیستەکانی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا وهاوبەندی نیشتمانی عێراق) ئەمانە هەموویان لە کۆمەڵێك هاوپەیمانی پێکهاتوون، ڕاستە پێکهاتەکانی ناو ئەو هاوپەیمانیە کۆمەڵێك بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوە کۆی کردوونەوە، بەڵام لەکاتی گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ قەوارەکانی دیکەدا، بەرژەوەندی پێکهاتەکانی ناو هاوپەیمانیەکان هاودژی لەگەڵ بەرژەوەندی لیستەکە و بەرژەوەندی پێکهاتەکانی ناو لیستەکە دروستدەکەنەوە، چاودێرانی سیاسی و چاودێرانی بارودۆخی سیاسیی عێراق هەتا ئێستا لەو بڕوایەدان بێجگە لە لیستی کوردی کە گونجان و یەکگرتووییان تیدا ڕەچاو دەکرێت لەناو لیستەکانی دیکە ئەو هاوپەیمانیە ڕەچاو ناکرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕووکەش هەڵبژاردنەکان وادەخوێنرێتەوە کە ئەم هەڵبژاردنانە سنووری دابەشکردنی مەزهەبی و ئیتنی بەزاندووە، بەڵام لە ناوەرۆکدا بە دیویکی دیکە دووبارە ئەم هەڵبژاردنەش وەك هەڵبژاردنەکانی پێشوو دووبارە هەمان دابەشکردنی مەزهەبی و ئیتنی دووبارە چەسپاندۆتەوە،لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەهەندێك نموونە بکەین:

١- لیستی ئەلعراقیە کە د. ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات ڕێژەی کورسیەکانی ٩١ کورسی پەرلمانیە، حزبەکەی عەلاوی تەنها ٢١ کورسی هێناوە و زۆربەی ئەو کورسیانەشی هێناویەتی لە هەردوو پارێزگای نەینەوا وکەرکوك هێناویەتی، ئەوانەشی دەنگیان بە پاڵێوراوەکانی د.عەلاوی داوە، هەموویان دژی ئەوەن کە ئەو ناوچە دابڕاوانەی کوردستان لە هەردوو پارێزگای کەرکوك و نەینەوا بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە بێجگە لە پێکهاتەکانی دیکەی ناو لیستەکەی د.عەلاوی کەهەموویان لەسەر کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان دژی ئەوەن کە مادەی ١٤٠ دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە بکرێت، لەمەش زیاتر حزبی ئیسلامی عێراقی کە پێکهاتەیەکی دیکەی ناو لیستەکەی ئەیاد عەلاویە دژی ئەوەیە کە پۆستی سەرۆك کۆمار بدرێتەوە بەکورد، ئەمەش بەقسەی تاریق هاشمی ئەم داوایە دژی شەخسی مام جەلال نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە عێراق بگەڕێتەوە ناو بازنە عەرەبیەکەی جارانی.

٢- لەناو لیستی هاوبەندی نیشتمانی عێراقدا، کە هەر یەك لە تەیاری سەدر و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و بزاڤی گۆڕان و چاکسازی (التغیر والاصلاح)، کۆنگرەی نیشتمانی عێراق لەخۆی دەگرێت،لە ناو ئەم لیستەدا لەگەڵ ئەوەی عەمار حەکیم سەرۆکایەتی ئەم لیستە دەکات، بەڵام قسەی یەکەم بۆ موقتەدا سەدرە لەبەر ئەوەی زۆربەی کورسیەکانی ناو ئەولیستە پاڵێوراوەکانی تەیاری سەدر بەدەستیان هێناوە،زۆر مەسەلەی گرنگ لە عێراقدا هەن کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بیروبۆچوونی ئیجابیانەی لەسەری هەیە، هەر بۆنموونە سەبارەت بە تیکەڵاوکردنەوەی لیستی هاوبەندی نیشتمانی عێراق و لیستی دەوڵەتی قانوون، سەبارەت بە بەشداریکردنی لیستی ئەلعراقیە، سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان.

٣- لیستی دەوڵەتی قانوون کە حزبی دەعوا و د.مالکیی سەرۆك وەزیران سەرۆکایەتی دەکات لە (٥٠) قەوارەی جیاواز پێکهاتووە، لەناو پاڵێوراوانی ئەم(٥٠)

**پێشنیاری بەڕێوەبەری سەنتەری سابان بۆ ئۆباما ئەوەیە ئارامگر بێت و بەرگەی ئەو ئازارە کەمە بگرێت، لەوە باشترە باجێکی گەورەتر بدات**

**چاودێرانی سیاسی و چاودێرانی بارودۆخی سیاسیی عێراق هەتا ئێستا لەو بڕوایەدان بێجگە لە لیستی کوردی کە گونجان و یەکگرتووییان تیدا ڕەچاو دەکرێت لەناو لیستەکانی دیکە ئەو هاوپەیمانیە ڕەچاو ناکرێت**

**لیستی ئەلعراقیە کە د. ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات ڕێژەی کورسیەکانی ٩١ کورسی پەرلمانیە، حزبەکەی عەلاوی تەنها ٢١ کورسی هێناوە و زۆربەی ئەو کورسیانەشی هێناویەتی لە هەردوو پارێزگای نەینەواو کەرکوک هێناویەتی**

کەبەشێکیان عەرەبی سوننە بوون، هیچ کام لە پاڵێوراوەکانی سوننە لە ناو لیستی دەوڵەتی قانونندا دەنگیان نەهێناوە، ئەمەش واتە هەوڵی سیاسییەکان بەو ئاراستەیەیە کە پێکهاتەیەکی مۆزاییکی عێراق پێکبهێنرێت، بەڵام واقیعی رای گشتی عێراق ئەومۆزاییکە ڕەتدەکاتەوە و لەسەر بنەمای ئیتنی و مەزهەبی جارێکی دیکە هاوکێشە سیاسییەکان ڕەتدەکاتەوە، بۆیە ئێستا د.مالکیی لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی بۆ هەڵبژاردن ڕایگەیاندووە و ئەو بەرنامەیەی بۆ هاوپەیمانی کاری پێدەکات هاودژی دروست دەکات.

٤- فراکسیۆنی کوردستان کە ئەمجارەیان چەند قەوارەیەکی سیاسیی لە خۆی دەگرێت بریتی دەبن لە (هاوپەیمانی کوردستان (پارتی و یەکێتی)، لیستی گۆڕان، لیستی یەکگرتووی ئیسلامی، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی) بەپێی ڕای چاودێران تەنها فراکسیۆنێک بە یەکگرتوویی بچێتە ناو پەرلەمانی عێراق و بتوانێت لە پرۆسەی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی کەمترین هاودژی لەسەر کۆمپرۆمایزەکان دروست بکات فراکسیۆنی کوردستان دەبێت، بەڵام دیسان فراکسیۆنی کوردستانیش بە بەراورد لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٥ هەمان گوتاری یەکگرتووی لەسەر کێشەکان و ئیستحقاقی ئینتخابی کوردستان لە پۆستە سیادیەکانی عێراق و بەرکەوتەی کورد لە پۆستەکانی دیکەی عێراقدا بەهەمان ئاستی ٢٠٠٥ یەکگرتوو نابن، ڕاستە لەسەر کێشە چارەنووسسازەکان لەسەر گوتارێکی نیشتمانی ڕێککەوتوون، بەڵام مەرج نیە لەسەر دابەشکردنی پۆستە سەرەوەریی و گشتیەکانی بەر فراکسیۆنی کوردستان دەکەون لە چوارچێوەی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا بەهەمان ئاستی یەکگرتوو بن، ئەمە بەو مانایە نالێین کە گوتاری سیاسی کوردستان لەبەغدا درز و کەلێنی تێکەوتووە، نەخێر تەنها گوتار، گوتاری سیاسیی کوردستانە کە بەیەکگرتوویی ماوەتەوە، بەڵام ئەوە بۆ ئەوە ئاماژە پێدەکەین کە پرۆسەی گرێدانی هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق قورس و ئاڵۆز دەکات.

**ئێستا د.مالکیی لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی بۆ هەڵبژاردن ڕایگەیاندووە و ئەو بەرنامەیەی بۆ هاوپەیمانی کاری پێدەکات هاودژی دروست دەکات**

کەواتە ئاماژەکردنمان بۆ وردەکاریەکانی ناو پێکهاتەی چوار لیستە گەورەو براوەکانی عێراق(فراکسیۆنی کوردستان، ئەلعراقیە، دەوڵەتی قانوون، هاوبەندی نیشتمانی عێراقی)، بۆ ئەوەیە کە مەزندەکان بەو جۆرەن لەماوەی مانگەکانی نیسان و ئایاری دادێ ناگەنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی زەمینەیەکی هاوبەش بۆ پێکهێنانی حکومەت دروستببێت، کە دەشڵێین ناگەنە ڕێککەوتن، مەبەستمان ئەوەنیە کە ڕێککەوتن لەم پرۆسەیەدا دەگاتە خاڵی مەحاڵ، نەخێر سەرەنجام هەر دەبێت پێکهاتەکان بگەنە ڕێککەوتن لەبەر ئەوەی ناکرێت لەم بارودۆخەدا عێراق تەنها حکومەتی کاری ڕۆژانە(تەسریفی ئەعمال) حکومڕانی بکات کە شەرعیەتی نەماوە، بەڵام دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و پرۆسەی کۆمپرۆمایز لە نێوان پێکهاتە سیاسیەکاندا ماوەیەکی درێژتر لەو ماوەیە دەخایەنێت کە ئەمریکا دەیەوێت پێش مانگی ئابی دادێ حکومەت پێکبهێنرێت و دەست بە کەمکردنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا بکات، ئەمەیە کاتێک هەتا مانگی حوزەیران عێراقیەکان بەردەوام دەبن لە پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانی، ئیدارەی ئەمریکا لەو بەروارە نزیکدەبێتەوە کە پێویستە هێزەکانی تێدا بکێشێتەوە یان بەواتایەکی دیکە کەمیان بکاتەوە، چاودێران و پسپۆرانی بارودۆخی سیاسی مەزندەی ئەوە دەکەن، ئیدارەی ئەمریکا لە مانگی حوزەیران و تەمووز ڕاستەوخۆ بێنە ناو پرۆسەکەو گوشار بخەنە سەر پێکهاتەکانی عێراق بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت دەبێت ڕێکبکەون و حکومەتێك پێکبهێنن.

**ئەو فاکتەرانەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوادەخەن**

هەموو لیستێك کە لە هەڵبژاردنەکانی ٧ی



ئادار دەنگی پێدراوە و کورسی پەرلەمانی عێراقی پێدراوە، قەرزداری دەنگدەری خۆیەتی و پێویستە لەسەری نوێنەرایەتی ئەو دەنگانە بکات کەپێی دراوە، بەڵام بارودۆخی دوای هەڵبژاردنەکان و دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش بۆ ئەوەی ئەو لیستانە لەسەر یەك مێز کۆببنەوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوپەیمانی بۆ حکومەت پێکبهێنن،ئەم میکانیزمە پێویستی بە کۆمپرۆمایز هەیە،واتە پێویستە لیستەکان ئامادەبن هەندێك لەو دروشمانەی کە لەکاتی بانگێشەی هەڵبژاردن دەنگیان پێ کۆکردۆتەوە لەکاتی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەت کۆمپرۆمایزی لەسەر بکەن، کەواتە ئەوەی دەنگدەری عێراقی لە لیستەکانی چاوەڕێ دەکات و ئەوەی پێویستە بڕیاری لەسەر بدەن بۆ پێکهێنانی حکومەت دووشتی لێکجیاوازن.

هەر بۆنموونە ئێستا لەناو هاوبەندی نیشتمانی عێراق، لیستی تەیاری سەدر لە کۆی ٧٠ کورسی هاوبەندی نیشتمانی عێراق ٤٠ کورسی پاڵێوراوەکانی سەدری بردویانەو تەنها ١٨ کورسی ڕێکخراوی بەدر و ئەنجوومەنی ئیسلامی بەدەستیان هێناوە بۆیە ئاساییە لە ناو هاوبەندی نیشتمانی عێراقیدا قسەی موقتەدا سەدر قسەی یەکەم بێت و نەك هەر لە تێکەڵاوکردنەوەی لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی هاوبەندی نیشتمانی عێراقدا بەڵکو لە دەستنیشانکردنی پاڵێوراویش بۆ سەرۆکایەتی کابینەی داهاتووی حکومەتی عێراقی فیدراڵ. هەر بۆ نموونە:

١- دادگای باڵای دەستووری عێراق بڕیاریداوە دوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بە کۆی دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمانتاران کە دەگاتە ٢١٧ کورسی، ئەوکات سەرۆکی کۆماری عێراق سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی رادەسپێرێت کە حکومەت پێکبهێنێت.

٢- کەواتە تەنها هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە لایەن پەرلەمانەوە پێویستی بە بەهاوپەیمانی (٣) لیستی سەرەکی هەیە کە پێویستە فراکسیۆنی کوردستان یەکێکیان بێت، خۆ ئەگەر تەنها بۆ نموونە هاوپەیمانی کوردستان بەتەنها بۆ ئەم پۆستە هاوپەیمانی بکات ئەوا پێویستی بەرەزامەندی هەر ٣ لیستەکەی دیکەیە(ئەلعراقیە، دەوڵەتی قانوون و ئیئتلافی نیشتمانییە) ئەگەر هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی ببن بە یەك لیست ئەوا دەکرێت بە هاوپەیمانی نێوان فراکسیۆنی کوردستان و لیستە هاوبەشەکەی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی، دەنگی پێویست پەیدا دەبێت بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك

**تەنها گوتار، گوتاری سیاسیی کوردستانە کە بەیەکگرتوویی ماوەتەوە**

**چاودێران و پسپۆرانی بارودۆخی سیاسی مەزندەی ئەوە دەکەن، ئیدارەی ئەمریکا لە مانگی حوزەیران و تەمووز راستەوخۆ بێنە ناو پرۆسەکەو گوشار بخەنە سەر پێکهاتەکانی عێراق بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت دەبێت ڕێکبکەون و حکومەتێک پێکبهێنن**



**تەیاری سەدر لە کۆی ٧٠ کورسی هاوبەندی نیشتمانی عێراق ٤٠ کورسی پاڵێوراوەکانی سەدر بردویانەوە تەنها ١٨ کورسی رێکخراوی بەدر و ئەنجوومەنی ئیسلامی بەدەستیان هێناوە**

کۆمار تێپەڕێنرێت، بەڵام ئایا کێ گەرەنتی ئەوە دەدات هەر ١٥٩ ئەندامەکەی لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی دەنگ بەسەرۆک کۆمار بدەن، باشترین نموونە دەنگدانی ٢٢ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٨ی یاسای پارێزگاکان بوو. کە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان پێشنیاری کرد پرۆژەی یاساکە بخرێتە دەنگدانی نهێنییەوە پاشان پرۆسەکە بە قازانجی کورد تەواو نەبوو، بۆیە زامنکردنی ٢١٧ کورسی کارێکی ئاسان نیە، ئەگەر هاوپەیمانیەکە هەر چوار لیستە براوەکە نەگرێتەوە. یەکگرتنەوەی هەر چوار لیستەکەش لەسەر ئەم پرسە کارێکی ئاسان نیە و پرۆسەیەکی دوور ودرێژی دانوستاندن و کۆمپرۆمایزی دەوێت.

٣- بێگومان لەوانەیە مەسەلە سەختەکە لەسەر راسپاردنی کەسێك بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی داهاتووی عێراق دەست پێبکات، کە ئەمە چەندین لق و پۆپی جیاوازی لێدەبێتەوە:

* پێش هەموو شت هەر لە ئێستاوە ئیشکالیەتێك دروست بووە لەسەر ئەوەی ئایا ئەو لیستەی زۆرترین کورسی لەهەڵبژاردنەکان بەدەست هێناوە دەبێت رابسپێریت حکومەت پێکبهێنێت، یان ئەو فراکسیۆنەی لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەماندا خاوەنی زۆرترین کورسیە، بێگومان دادگای باڵای دەستووری عێراق ئەو مەسەلەیەی یەکلاییکردۆتەوە،کە سەرۆکی ئەو فراکسیۆنە رادەسپێرێت کە زۆرترین کورسی پەرلەمانی هەیە، ئەمە وایکردووە بۆ ئەوەی د.ئەیاد عەلاوی رانەسپێرێت حکومەت پێکبهێنێت، دەبێت لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی د.مالیکی و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی کە لەدوای راگەیاندنی ئاکامی دەنگدانەوە بەسەرۆکایەتی موقتەدا سەدرە(ئەم سەرۆکایەتیە فەرمی نیە ئاکامی هەڵبژاردن وایکردووە کە قسەی یەکەم بۆ موقتەدا سەدر بێت نەك بەرێز عەممار ئەلحەکیم کە بەفەرمی سەرۆکی لیستەکەیە)، پرسیار ئەوەیە ئایا بەچ میکانیزمێك لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی تێکەڵ دەبنەوە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ١٥٩ کورسی پەرلەمان و تەکلیف بکرێن بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنن، بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە، بەو مەرجانەی کە موقتەدا سەدر بۆ ئەم تێکەڵکردنەوەیەی دادەنێت، هەروەك رۆژی ٢٠١٠/٤/٢ موقتەدا سەدر پێنج پاڵێوراوی خستۆتە روو بۆ ئەوەی پرۆسەی ریفراندۆمی لەسەر ئەنجامبدرێت، ریفراندۆم بریاربدات کێ دەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەو پێنج کەسەش بریتین لە(د.نوری مالکیی، د.ئەیاد عەلاوی. د.ئیبراهیم جەعفەری،د. عادل عبدولمەهدی، محەمەد جەعفەر ئەلسەدر)، ئەگەر سەیری ئەم پێنج کەسە بکەین کە بە پێشنیارەکەی موقتەدا سەدر دەخرێنە بەردەم ئەو ریفراندۆمە، سیانیان سەر بە هاوبەندی نیشتمانی عێراقن و لە نێویشیاندا لە محەمەد جەعفەر ئەلسەدر زیاتر کەسیان چانسی ئەوەیان نیە لەو ریفراندۆمە دەربچنەوە، لەبەر ئەوەی تەیاری سەدر بەتەنها خاوەنی ٤٠ کورسی پەرلەمانیە و، د.جەعفەری هەر ١٠ کورسی هەیە، د.عادل عەبدولمەهدی ئەگەر رێکخراوی بەدریش دەنگی پێبدەن خاوەنی ١٨ کورسیە،د.ئەیاد عەلاوی لەم پرۆسەیەدا دەبێت زیاتر پشت بە دەنگەکانی خۆی ببەستێت تەنها خاوەنی ٢٠ کورسیە، د.مالیکیش کە بە هاوبەندی دەوڵەتی یاسا ٨٩ کورسی بەدەستهێناوە لەم ریفراندۆمەدا وەك شەخسی د.مالیکی دەنگەکانی دەکەوێتە دوای محەمەد جەعفەر سەدر، یان محەمەد جەعفەر سەدر ململانێکی زۆر توند لەگەڵ د.مالیکی دەکات،بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر مالیکی دەربچێت لە ریفراندۆمەکە یان محەمەد جەعفەر و عەرەبی شیعە ناچار بێت لە نێوان، محەمەد جەعفەر ئەلسەدر و مالیکی لە لایەك و د.ئەیاد عەلاوی لەلایەکی دیکە، کە دەبێت هەردوو لیستەکە تێکەڵ بکەن و پۆستی سەرۆك وەزیران بۆشیعە بمێنێتەوە(لەبەر ئەوەی راستە ئەیاد عەلاوی شیعەیە بەڵام دەنگەکانی دەنگی سونەن نەك شیعە) پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند لە ناو ریزی پەرلەمانتارەکانی هەردوو لیستەکەدا یەکریزی دەمێنێتەوە؟ ئایا تاچەند لیستی هاوبەندی عێراقی کە تەیاری سەدر تیایدا قسەی یەکەمن هاوکاری د.مالیکی دەکەن بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنن؟ ئایا د.ئەیاد عەلاوی چۆن دێتە ناو پرۆسەیەکەوە کە بە دادگای دەستووری ئەو هەلەی لێسەنرابێتەوە؟ ئایا کورد چۆن بەوە رازی دەبێت سونە و شیعە لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماری عێراق سازش بکەن؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە بەرادەیەك پرۆسەکە ئاڵۆز دەکەن، کە سیاسەتمەدارانی عێراق نەتوانن خاوی بکەنەوە ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی پرۆسەکە خۆی ئاڵۆزە، نەخێر لەبەر ئەوەی قەوارە سیاسیەکانی عەرەبی عێراق ئەزموونی هەڵبژاردن و بانگێشەی هەڵبژاردنیان وەك پێویست نیە، کاتێك دەکەونە هەڵمەتی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی دەنگ بۆ قەوارەکانیان، ئەو دروشمانە دێنە خوارێ کە دەنگدەر پێی رازی دەبێت، کاتێك ئاکامی هەڵبژاردن واپێویست دەکات خواستە تاکیانەی دەنگدەر بگوازرێنەوە بۆ ئاستی نیشتمانی، دەبینین قەوارەکان هەرچەند دەکەن لەنێوان خواستی دەنگدەر و بەرژەوەندی نیشتمانی هیچ رایەڵەیەك نیە، بۆیە پرۆسەکە دوای ئەوەی عێراقیەکان رووبەڕووی دەرگا داخراوەکان دەکات،بەرژەوەندی ئەمریکا وادەخوازێت بێتە ناو پرۆسەکە.

### ئەوکاتەی ئەمریکا ناچار دەبێت راستەوخۆ بێتە ناو پرۆسەکە

بەپێی بیروبۆچوونەکانی کینس پۆلاك بەرێوەبەری سەنتەری سابان لە بۆکینگز، مەزندە دەکرێت لە مانگی حوزەیران و تەمموزی دادێ،پاش ئەوەی لایەنە سیاسەکانی عێراق لەناو پرۆسەکە ناگەنە هیچ ئاکامێك،ئیدارەی ئۆباما ناچار دەبێت کە گوشار بخاتە سەر کریستۆ فەر هێل و تیمەکەی لە باڵیۆزخانەی عێراقی بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر لایەنە سیاسیەکان تا بگەنە رێککەوتنێك،پۆلاك بۆ ئەم گوشارەی ئیدارەی ئەمریکا لەسەر باڵیۆز هێل و تیمەکەی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا دروستی دەکات، دوو گریمانەی وەك پێشنیار خستۆتە بەردەم ئەمریکا:

١- ئایا ئیدارەی ئەمریکا ئامانجی ئەوەیە کە لە عێراقدا حکومەتێك پێکبهێنرێت کە بتوانێت حکومرانی بکات،خزمەتگوزاری شایستە پێشکەشی هاوڵاتیانی عێراق بکات، ئەمەش واتە ئایا ئامانج ئەو حکومەتەیە کە بتوانێت کۆنتراکتەکان بخاتە تەندەروە، ژێرخانی ئابوری رێکبخاتەوە،پیشەسازی

چالاكبكات،هەلی كار بدۆزێتەوە،شەڕی تیرۆریستان و یاخیبوان بكات، لەگەڵ دوژمنەكانیدا ئاشتەوایی بكات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای پۆلاك بەو شێوەیە ئەگەر ئامانجی ئەمریكا لە پێكهێنانی حكومەتی عێراق ئەو حكومەتەیە بتوانێت ئەو كارانە ئەنجامبدات،ئەوا ئەم حكومەتە بە پەلە پەل پێكنایەت.

٢- ئەگەر ئامانجی ئەمریكاش لە پێكهێنانی حكومەتی ئایندەی عێراق پەلەكردنە بۆ ئەوەی حكومەت زوو پێكبێت و لە كاتی خۆیدا هێزەكانی لە عێراق كەمبكاتەوە (لە كۆتایی مانگی ئابی دادێ) و گوشارە كان بەو ئاراستەیە بن حكومەتێك بە ناوی حكومەتی بنكە فراوانی یەكگرتوویی نیشتمانی پێكبهێنێت، ئەوا وەك چەند ساڵی پێشوو(٢٠٠٥-٢٠٠٩) كێشەكان دادەپۆشین بەبێ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە و مەترسی تێكچوونی رەوشی عێراقیش هەموو كات لە ئارادا دەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا كریستۆفەر هیڵ ئەمریكا لەم سێ رێگاچارە خراپە تاقیدەكاتەوە:

أ- هاوپەیمانیە تازەكەی لە نێوان پێكهاتە سەرەكیەكانی عێراقدا بە گوشاری ئەمریكی دروستبووە، كاریگەری ئەمریكای تێدایە و نفوزی ئەمریكا لەو هاوپەیمانیە تازەیە رۆڵی هەیە،بەڵام ئەو حكومەتەی لەبەر رۆشنایی ئەم هاوپەیمانیە پێكهاتووە شەرعیەتی سندوقەكانی دەنگدانی نیە، ئەم حكومەتە رۆڵی ئەمریكا لە میدیاكان و لەبونیادنانەوەی عێراق كەمدەكاتەوە.

ب- یان گوشاری خۆمان بخەینە گەڕ بۆ بونیادی حكومەتێكی بنكە فراوانی یەكگرتووی نیشتمانی دروستبكەین، بەڵام ئەم حكومەتە بنكە فراوانە نیشتمانیەش ناتوانێت حكومڕانی بكات.

ت- یان دەبێت ئارامگربین و هەندێك باج بدەین بۆ ئەو هەڵبژاردنەی نۆڤمبەر لە ئەمریكا.

پۆلاك لە نێوان ئەم سێ رێگە چارە خراپە، سێیەمیان لە دوو خراپەكەی دیكە بەباشتر دەزانێت و پێی وایە با پێكهێنانی حكومەت بكەوێتە دوای مانگی ئابی دادێ گرنگە كە حكومەتێك پێكبهێنرێت، كە بتوانێت حكومڕانی بكات و كێشەكانی چەند ساڵی رابردووی پێ چارەسەر بكرێت.



**لە محەمەد جەعفەر ئەلسەدر زیاتر كەسیان چانسی ئەوەیان نیە لەو ریفراندۆمە دەربچنەوە، لەبەر ئەوەی تەیاری سەدر بەتەنها خاوەنی ٤٠ كورسی پەرلەمانیە و، د.جەعفەری هەر ١٠ كورسی هەیە، د.عادل عەبدولمەهدی ئەگەر رێكخراوی بەدریش دەنگی پێبدەن خاوەنی ١٨ كورسیە،د. ئەیاد عەلاوی لەم پرۆسەیەدا دەبێت زیاتر پشت بە دەنگەكانی خۆی ببەستێت تەنها خاوەنی ٢٠ كورسیە، د.مالیكیش كە بە هاوبەندی دەوڵەتی یاسا ٨٩ كورسی بەدەستهێناوە لەم ریفراندۆمەدا وەک شەخسی د.مالیكی دەنگەكانی دەكەوێتە دوای محەمەد جەعفەر سەدر**




پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوون، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لایەنی براوەو لایەنی سەرکەوتوو دیار نییە

## مایکل گەنتەر (بۆ گوڵان):

# پێشنیاری من بۆ کورد ئەوەیە داواکارییەکانتان لە سەقفێکی مەعقول بهێڵنەوەو ئەو ڕاستییەتان لەبەرچاوبێت کە ناتوانن لە سەدا سەدی داواکارییەکانتان بهێننەدی

سروشتی هەڵبژاردن بە شێوەیەکە هیچ لایەنێک تەواوی داواکارییەکانی ناهێنێتەدی، کەواتە دەبێت لایەنەکان سازش لەگەڵ یەکدا بکەن

**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و وانەبێژە لە زانکۆی نەمسا، پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد و تورکیا و عێراقیش، پرۆفیسۆر گەنتەر ناوێکی ناسراوە لە نێو میدیاکانی کوردستاندا، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و کێشەکانی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەگەری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن بارودۆخی عێراق دەبینیت لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە؟**

- من تێڕوانینێکی ئیجابیم هەیە لەسەر هەڵبژاردنەکان، لەبەر ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوون، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لایەنی براوەو لایەنی سەرکەوتوو دیار نییە، یاخود بە دەربڕینێکی دیکە ئەوە روون نییە چ لایەنێك حکومەت پێکدەهێنێت، هەروەها هێشتا ڕوون نییە رۆڵی کوردەکان چی دەبێت لەو حکومەتەدا، بەڵام هەرچۆنێك بێت نابێت نائومێد بین، بە تایبەتی کوردەکان کە نابێت دووچاری نائومێدی ببن، چونکە ئەو دەستکەوتانەی لە عێراقدا بەدەستیان هێناوە وێنەی نەبوو لە رابردوودا. لەبەر ئەوەی سروشتی هەڵبژاردن بە شێوەیەکە هیچ لایەنێك تەواوی داواکارییەکانی ناهێنێتەدی، کەواتە دەبێت لایەنەکان سازش لەگەڵ یەکدا بکەن.

*** گەورەترین کێشەی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە بریتییە لە پێکهێنانی حکومەت، کە ئەم کارەش پێویستی بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت ئەم هاوپەیمانێتییە پێکبهێنرێت؟ پێشبینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە، ئایا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی لە ئارادانییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە یەکێکە لە ئەگەرەکان، بەڵام من باوەڕم وایە عێراق بە شەڕێکی تائیفی سەختدا تێپەڕیوە تێڕوانینی من ئەوەیە عێراقییەکان شەکەت بوون لەو هەموو شەڕو توندوتیژییەی بە دەستییەوە دەیاننالاَند، لەبەر ئەوە من ئومێدەوارم پەنا

بۆ گفتوگۆی دیبلۆماسی و دیموکراسی ببەن بۆ ئەوەی بگەنە سازشی پێویست لەسەر پرس و کێشەکان، چونکە ئەمە ڕێگاچارەی گەیشتنە بە ئامانجەکان، نەك توندوتیژی، چونکە پەنابردن بۆ توندوتیژی تەنها دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و توندوتیژی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

*** عێراق دەوڵەتێکی گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە چەشنێك هەموو وڵاتانی ناوچەکە خوازیاری ئەوەن ڕۆڵ و دەستڕۆیشتوییان هەبێت لە عێراقدا بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم گرنگییەی عێراق لە چیدا دەردەکەوێت؟**

- بوونی سەرچاوەیەکی گەورەی نەوت لەم وڵاتەدا، لە هەمانکاتدا هەڵکەوتەی جوگرافی عێراق بۆتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە گرنگی و بایەخێکی زۆری هەبێت لە ڕووی جیوستراتیجیەوە.

*** ئێران و سعودییە هەوڵ دەدەن کاریگەربن لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە عێراقدا، ئێران پشتگیری شیعەکان دەکات بۆ ئەوەی باڵادەست بن لەم وڵاتەدا، سعودییەش پاڵپشتی سوننەکان دەکات، ئایا گرنگی عێراق بۆ ئەم دوو وڵاتە چییە؟**

- گرنگی عێراق بۆ هەر یەك لەم دوو وڵاتە ئەوەیە عێراق ئەوە دیاری دەکات ئایا کام لەم دوو وڵاتە —ئێران یاخود سعودییە- باڵادەست دەبن بەسەر ناوچەکەدا، لە هەمان کاتدا لاوازی عێراق لەم کاتەدا دەوڵەتانی ناوچەکە ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی هەوڵی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتەدا بدەن.

*** بە پێی لێکدانەوەی چاودێرە سیاسییەکان دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە عێراقدا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی عێراق نییە، بەڵکو بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی خۆیانە لەسەر خاکی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تاکەی عێراق ڕێگە دەدات ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێکانی نێوان ئەم دەوڵەتانە؟**

- ئاشکرایە عێراق خوازیاری پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەری خۆیەتی، هەروەها شیعەکانیش لەم ڕووەوە هەمان ئامانجیان هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە عێراقێکی لاواز و ناسەقامگیر ئەم دەوڵەتانە ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکەن، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێی بکەین تاوەکو بزانین ئایا ئەو حکومەتەی پێکدەهێنرێت حکومەتێکی سەقامگیر دەبێت و دەتوانێت کار بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هەوڵانە بکات یان نا.

*** وڵاتی سعودییە هەوڵدەدات سەنگ و دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی سوننەکان لە ڕێی ئەیاد عەللاوییەوە جڵەوی حکومڕانێتی بگرنەدەست، ئایا عەللاوی دەتوانێت بە پاڵپشتی سعودییە حکومەت پێکبهێنێت، یاخود ئایا کاریگەری سعودییە چی دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق بە بە تایبەتی لە ڕوانگەی پشتگیری کردنی لە لیستەکەی عەللاوییەوە؟**

- سعودییە وڵاتێکی گرنگ و کاریگەرە، بەڵام نابێت لەم ڕووەوە ڕۆڵ و کاریگەری تورکیاش فەرامۆش بکەین، بە تایبەتی ڕۆڵی تورکیا زۆر گرنگە لە پەیوەندیدا بە ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

*** ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبونی خۆی ڕابگەیەنێت بە دەستورەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟ چونکە ئێمە دەزانین کە کورد چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا، وەك کێشەی کەرکوك و یاسای نەوت و گاز و کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت، ئایا کوردەکان دەتوانن لە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانەدا سەرکەوتووبن؟ یاخود ڕاسپاردەی ئێوە چییە لەم ڕووەوە بۆ کوردەکان؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەوا دەنگی کوردەکان لە کەرکوکدا بەو شێوەیە نەبوو کە حکومەتی هەرێم خوازیاری بوو، یاخود لە ئاستی چاوەڕوانی حکومەتی هەرێمدا نەبوو، لەبەر ئەوە بە حوکمدان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەو شارەدا، ئەوا کەرکوك نابێتە بەشێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە کوردەکان بەرژەوەندی گەلێکی زۆریان بەدەستهێناوەو ڕێگەمەدەن ئەو دەستکەوتانەتان لە دەست بچێت، بەرژەوەندیشتان لە مانەوەدایە لە عێراقدا، چونکە مانەوە لە عێراقێکی دیموکراسیدا بە بێ کەرکوك باشترە لەوەی شاری کەرکوك بکەنە بەشێك لە هەرێمەکەتان، بەڵام تێکڕای دەوڵەتانی دراوسێ هەوڵی لەناوبردن و بچوككردنەوەتان بدەن.

*** ئایا کاریگەری تورکیا چی دەبێت لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، بە تایبەتی ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرە ئاسایبوونەوە دەچن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە باجێکە دەبێت ئێوە بیدەن، پێویستە کوردەکان ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە نابێت هەوڵی وروژاندنی دژایەتی و دژومنایەتی تورکیا بدەن، چونکە تورکیا زۆر هەستیارە لە ئاست کەرکوکدا، لەبەر ئەوە نابێت هەوڵی ئەوە بدەن بێ ڕێگاچارەی دیموکراسی و بێ دەستپێشخەری دیموکراسی کەرکوك بکەنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان. واتە پێم وایە بەرژەوەندی درێژخایەنی کوردەکان لە بوونی تورکیایەکی دۆست و عێراقێکی دیموکراتیدایە، نەك پێداگیری لەسەر کردنی کەرکوك بە بەشێك لەهەرێمی کوردستان لەسەر حسابی تورەکردنی تێکڕای دەوڵەتە دراوسێکان، چونکە ئەو کاتە کەرکوك هیچ گرنگییەکی نامێنێت، هەرچەندە ڕەنگە زۆربەی کوردەکانیش لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەمدا هاوڕانەبن، بەڵام من باوەڕم وایە کەرکوك نابێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان و ئەمەش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت ئەگەر هاتوو عێراق بووە دەوڵەتێکی دیموکراسی و فیدراڵی و توانرا زەمانەتی وجودی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەو کاتە کەرکوك گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە پێداگیری کردن لەسەر ئەم پرسە بەو شێوەیە و لەبەرچاونەگرتنی پرسە گەورەکانی دیکە تیروانینێکی کورتبینانەیە. هەرچەندە ڕەنگە لە داهاتوودا، بۆ نموونە لە دە ساڵی داهاتوودا دۆخێك دروست بێت کە بە ئاسانی کەرکوك ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ئێستادا و بە حوکمدان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێم وانییە ئەمە کاتێکی گونجاو بێت بۆ ئەوەی کار بۆ ئەم ئامانجە بکرێت.

**دەنگی کوردەکان لە کەرکوکدا بەو شێوەیە نەبوو کە حکومەتی هەرێم خوازیاری بوو، بە حوکمدان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەو شارەدا، ئەوا کەرکوک نابێتە بەشێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەرژەوەندی درێژخایەنی کوردەکان لە بوونی تورکیایەکی دۆست و عێراقێکی دیموکراتیدایە، نەک پێداگیری لەسەر کردنی کەرکوک بە بەشێک لەهەرێمی کوردستان**



> **ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتێکی دیموکراتی و سەقامگیر بێتەئاراوە**

*** ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبوونی خۆی ڕابگەیەنێت بە دەستورەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟**

- لە ڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە ڕاستی عەرەبەکان پابەند دەبن بە دەستورەوە لە کاتێکدا ئەوان باوەڕیان وایە دەستور لە ساتەوەختی لاوازبوونی ئەواندا نوسراوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەوان لە ئێستادا هەست دەکەن لە پێگەیەکی بەهێزتردان و هەوڵی بە مەرکەزیکردنەوەی عێراق و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەدەن، لێرەدا بەرپرسیارێتییەك دەكەوێتە ئەستۆی سەرکردە کوردەکان کە بەو پەڕی ژیرییەوە مامەڵە بکەن بۆ ئەوەی دەستور وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، کە ئەوەش پێویستە بەوە هەیە زیرەکانە و ژیرانە ئەو بوارە دیاری بکەن کە سازشی تێدادەکەن و ئەو بوارانەش دەستنیشان بکەن کە هەڵوێست وەرگرتنێکی سەختی پێویستە. واتە دەبێت کوردەکان زۆر وریابن لە کاتی بەرگری کردن لە داواکارییەکانیان، لە هەمان کاتدا دەبێت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی تێکڕای عێراقدا ئامادەی سازشکردن بن.

*** ئایا باوەڕت وایە مەترسی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی تائیفی لە ئارادایە لە عێراقدا؟**

- باوەڕم وایە بەهۆی ئەوەی عێراقییەکان دووچاری نەهامەتییەکی زۆر بونەتەوە بەهۆی توندوتیژییەوە، ئەوا دووبارە بەرپابوونەوەی توندوتیژی ئەگەرێکی گەورە نییە، بەڵکو ئەگەری زۆر ئەوەیە عێراقییەکان پەنا بۆ سازشکردن و شێوازی دیموکراسی ببەن و ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتێکی دیموکراتی و سەقامگیر بێتەئاراوە، گرنگ نییە مالیکی یاخود عەللاوی سەرۆکی ئەو حکومەتە بن.

> **کشاندنەوەی تێکڕای هێزەکانی ئەمەریکا لەم کاتەدا نەخزمەت بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و نەخزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات**

*** ئێمە دەزانین ئەمەریکا بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی داوە لە عێراقدا، ئەوەش ئاشکرایە کە کەلتوری سازشکردن لە عێراقدا بوونی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر نەبوونی ئەم کەلتورە سەربکێشێت بۆ ئاڵۆزی و بارگرژی و شەڕی ناوخۆی و شەڕی تائیفی، واتە ئەگەر ئەمە ڕوویدات ئایا ئەمە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەیدا دەکاتەوە کەپەیوەستە بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا؟**

- باوەڕم وانییە ئەمەریکا تێکڕای هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە، بەڵکو بەشێك لەو هێزانە لە دەرەوەی شارەکاندا دەمێننەوە بۆ ئەوەی لە کاتی بەرپابوونی توندوتیژی و ناسەقامیگریدا هاوکاری عێراقییەکان بکەن لە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەدا، بەڵام ئەوەی ڕوون نییە ئایا حکومەتی داهاتووی عێراق دووبارە گفتوگۆ لە بارەی ڕێککەوتنامە ئەمنییەکە دەکاتەوە یان نا، لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە کشاندنەوەی تێکڕای هێزەکانی ئەمەریکا لەم کاتەدا نەخزمەت بە بەرژەوەندییەکان عێراق و نەخزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات. کەواتە من پێم وایە ئەمەریکا هێزەکانی لە عێراقدا دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری عێراقییەکان بکات لە بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتە دەرەکییەکان، هەروەها مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا زۆر زۆر گرنگە بۆ بەردەوامبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی بێ پشتیوانی ئەمەریکا ئەم حکومەتە لە پێگە و دۆخێکی زۆر خراپدا دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من ئەوەیە سەرکردە کوردەکان سەرکردەگەلێکی ژیر و ئارامگر بوون، من هیوادارم درێژە بەم پشوو درێژیی و ڕەفتارە ژیرانەیە بدەن، هەروەها ڕاسپاردەی من ئەوەیە داواکارییەکانتان لە سەقفێکی مەعقول بهێڵنەوە و ئەو ڕاستییەتان لەبەرچاوبێت کە ناتوانن لە سەدا سەدی داواکارییەکانتان بهێننەدی، تەنانەت ئەمەریکاش ناتوانێت تێکڕای داواکارییەکانی بهێنێتەدی، لەبەر ئەوە سەقفی داواکارییەکانتان زۆر بەزرمەکەنەوە بۆ ئەوەی پشتگیری ئەمەریکا لە دەست نەدەن و دەستەکەوتەکانی دیکەشتان لەدەست نەچێت.



## بینجامین فریمان بۆ گوڵان:

# ئەگەر عەلاوی حکومەت پێکبهێنێت بارودۆخی عێراق باشتر دەبێت

**پرۆفیسۆر بینجامین فریمان گەورەتۆژەری بەرگری و ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکایە لە ئامۆژگای کاتۆ و توێژینەوەکانی تایبەتمەندن لەسەر شەڕی دژە تیرۆر و سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسیی عێراق دوای هەڵبژاردن و هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لەم پرۆسە سەختەدا، پرۆفیسۆر فریمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** بارودۆخی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە چۆن دەبینیت؟**

- لە راستیدا زەحمەتە بتوانین پێشبینی بارودۆخەکە بکەین، بەڵام پێموایە بارودۆخی عێراق باشتر دەبێت ئەگەر عەللاوی جڵەوی حکومڕانێتی بگرێتە دەست، بەڵام ئایا ئەم حکومەتەی کە عەلاوی پێکی دەهێنێت، دەبێتە سەرچاوەی سەقامگیری لە عێراقدا، یاخود دەبێتە مایەی دروستبوونی کێشە بە تایبەتی لە باشووری وڵاتەکەدا. بەڵام ئومێدەوارم کە ئەم هاوپەیمانێتیە پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵاتەکە لەخۆبگرێت، بۆ نموونە ئەگەر لیستێکی گەورەی پەیوەست بە باشووری وڵاتەکە و کوردەکان لەخۆ بگرێت، ئەوا ئەمە حاڵەتێکی میسالی دەبێت، بەڵام ئێمە دڵنیانین ئەمە شتێکی مومکینە و دەکرێت رووبدات یاخود نا.

*** ئایا ئەگەر عەللاوی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت و کوردەکانیش پۆستی سەرۆك کۆمار، ئایا شیعەکان بە پۆستی سەرۆك پەرلەمان رازی دەبن، ئایا تا چ رادەیەك دابەشکردنی پۆستەکان بەم چەشنە دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی؟**

- ناتوانم پێشبینی بارودۆخەمە بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ئەم حاڵەتە نارەزایی و کێشەی لە باشووری وڵاتەکەدا لێبکەوێتەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم ناوچەیە کار بۆ ئەوە بکات جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی وەربگرێت، واتە لەبری ئەوەی لە دژی حکومەتی مەرکەزی بوەستێتەوە و پەنا بۆ توندوتیژی ببات، ئەوا کار بۆ چارەسەرێکی مام ناوەندی بکات کە بریتییە لە بەدەستهێنانی ئاستێك لە ئۆتۆنۆمی.

*** ئایا تا چ رادەیەك مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە ئارادایە، بە تایبەتی کە مالیکی دەنگی پێویستی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەست نەهێناوە، ئێستاش ئامادە نییە بە ئاسانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات قبوڵ بکات و دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت؟**

- دەبێت ئەو راستیە بزانین کە هەمیشە مەترسی دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی لە ئارادایە، بە تایبەتی کە لە ئێستادا دیارنییە چ کەس و لایەنێك دەسەڵات دەگرێتەدەست. واتە ئەم نیگەرانیە لە



جێی خۆیدایە، بە تایبەتی وەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن کە سەرەڕای ئەوەی مالیکی دەنگی پێویستی نەهێناوە، ئەوا هێشتا ئامادەنییە دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت، چونکە ئەگەر وابێت، ئەوا ئەمە ئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە بۆ ئەو دیموکراسییەی لە عێراقدا کار بۆ پەرەپێدانی دەکرێت، هیوادارم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم رووەوە هۆکارێکی یارمەتیدەر بێت ئەگەرچی ئەمەریکاش ناتوانێت هەموو کارێك بکات و هەموو شتێك بەسەر عێراقییەکان بسەپێنێت.

**رەنگە دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ مەبەستی پێکهێنانی حکومەت بێ بەشداری کوردەکان کارێکی مومکین نەبێت**

*** ئەوەی ئاشکرایە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبوونی خۆی بە دەستوورەوە رابگەیەنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبیەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟**

- رەنگە دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ مەبەستی پێکهێنانی حکومەت بێ بەشداری کوردەکان کارێکی مومکین نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە پێویستی بەوە هەیە تیکڕای لایەن و لیستە کوردییەکان بلۆکێك یاخود هاوپەیمانێتیەك پێکبهێنن لە نێو خۆیاندا بۆ ئەوەی بتوانن ببنە شەریك لەو هاوپەیمانێتییەی کە بۆ پێکهێنانی حکومەت دێتە ئاراوە. لە راستیدا ناتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە رۆڵی کوردەکان چی دەبێت، بەڵام بەشداری نەکردنی کوردەکان ئەنجامێکی باشی بۆ خەڵکی کوردستان لێناکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی هەمیشە یەکێك لە سەرچاوەکانی مشتومڕ و ململانێ ئەوەبووە ئایا دەبێت حکومەتی مەرکەزی تا چ رادەیەك دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا هەبێت، کە ئاشکرایە کوردەکان خوازیاری ئەوەن کەمترین دەسەڵاتی هەبێت، لەبەر ئەوە رەنگە بەشداری نەکردنی کوردەکان ببێتە سەرچاوەی کێشە و ئاڵۆزی لە وڵاتەکەدا.

**پێویستە ئەمەریکا کار بۆ ئەوە بکات کە مالیکی دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت**

*** ئەوە روونە کە پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا ئەوە دەخوازێت کە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق سازش لەگەڵ یەکدا بکەن، واتە ئەمە ساتەوەختی ئەوەیە ئەم پێکهاتانە بیر لە سازشکردن بکەنەوە لە بەرامبەر یەکدا، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی رێگرە لە بەردەم هاتنەدی ئەم ئامانجەدا بریتییە لە نەبوونی کولتووری سازشکردن، کە ئەمەش پێویستی بە هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ببێتە ئەو لایەنە سێیەمە و چۆن رۆڵی ئەمەریکا لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە راستیدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرژەوەندی گەورەی لە سازشکردنی عێراقییەکان لەگەڵ یەکدا هەیە، بە چەشنێك ئەو سازشکردنە ببێتە مایەی سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە، رەنگە هۆکارە سەرەکیەکە ئەوەبێت کە ئەمەریکا خوازیاری کشاندنەوەی هێزەکانێتی لە عێراقدا، واتە ئەگەر هاتوو دۆخێکی ناسەقامگیر لە عێراقدا هەبوو، ئەوا فشارەکان لەسەر ئەمەریکا زیاتر دەبن بۆ ئەوەی هێزەکانی پاشەکشە پێنەکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەمەریکا هەمو دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە بگەنە سازشێك کە سەربکێشێت بۆ سەقامگیری و پێویستە ئەمەریکا کار بۆ ئەوە بکات کە مالیکی دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت ئەگەرهاتوو بە پێی یاسا دەبوو پۆستەکە جێبهێڵێت. ئەگەرچی لە کۆتاییدا ئەمە پرسێکە و یەکلاکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان، نەك ئەستۆی ئەمەریکا.

*** ئێمە دەزانین ئەمەریکا بڕیاری**




**کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق داوە، ئەوەش ئاشکرایە کە کولتووری سازشکردن لە عێراقدا بوونی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر نەبوونی ئەم کولتوورە سەربکێشێت بۆ ئاڵۆزی و بارگرژی و شەڕی ناوخۆیی و تائیفی، واتە ئەگەر ئەمە رووبدات ئایا ئەمریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەیدا دەکاتەوە کە پەیوەستە بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا؟**

- لە راستیدا حاڵی حازر ئەو بۆچوونە لە ئەمەریکادا هەیە کە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەم کاتەدا کارێکی پێشوەختە و تەنانەت پێشنیاری ئەوەش کراوە کە دووبارە گفتوگۆ لە بارەی رێککەوتنامە ئەمنیەکە بکرێتەوە بۆ ئەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا درێژبکرێتەوە، کە پێموایە ئەگەر هاتوو بارگرژی لە عێراقدا بەرەو هەڵکشان چوو، ئەوا ئەم فشارانەش لەسەر ئەمەریکا زیاتر دەبن بۆ هێشتنەوەی هێزەکانی، بەڵام باوەڕم وایە هێزەکانی ئەمەریکا زیاد لە پێویست لە عێراقدا ماونەتەوە، بە تێڕوانینی من ئەگەر بمانەوێت تا ئەو کاتە لە عێراقدا بمێنینەوە کە دیموکراسیەتی لیبراڵی لە عێراق دەچەسپێت، ئەوا دەبێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بمێنینەوە، چونکە تەنانەت لە ئەمەریکاشدا چەسپاندنی ئەم کولتوورە رۆژگارێکی دوورودرێژی خایاند و تەنانەت شەڕی ناوخۆشی لێکەوتەوە، کەواتە ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت دامەزراوەگەلێکی دیموکراسی پێگەیشتوو لە عێراقدا بهێنێتە ئاراوە، دیموکراسیەتی لیبراڵی لەو وڵاتەدا بچەسپێنێت، ئەوا پێویستی بەوە هەیە بۆ ماوەی سەدەیەك لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە کە ئاشکرایە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەنییە ئەم ماوەیە بمێنێتەوە.

*** پێکهێنانی حکومەتی عێراق گرنگیەکی زۆری بۆ ئەمەریکا هەیە، هەروەها بۆ خودی عێراق خۆشی لەبەر ئەوەی بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت لە پەیوەندیدا بە بەرەوپێشبردنی دیموکراسیەوە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا بایەخ بەم پرسە دەدات و ئایا پێکهێنانی ئەم حکومەتە چەند دەخایەنێت؟**

- ئەمەریکا بایەخێکی زۆر بەم پرسە دەدات و پێویستیشە بایەخێکی زۆری پێبدات، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا کات و کۆششێکی زۆری بۆ عێراق تەرخان کرد، هەروەها داراییەکی زۆری بۆ ئەم وڵاتە دابین کرد و خوێنێکی زۆریشی لەم وڵاتەدا رشت. بەڵام ئەمەریکا ناتوانێت عێراق کۆنترۆڵ بکات، بەڵکو دەتوانێت یارمەتی بدات. هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوا لە راستیدا ناتوانم هیچ پێشبینیەکم لەم رووەوە هەبێت.

*** ئایا ئێوە گەشبینن بە ئایندەی عێراق؟**

- رەنگە لە مەودای نزیکیشدا عێراق توندوتیژی بەخۆوە ببینێت، بەڵام بە چەشنی ئەو توندوتیژییە نا کە لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا بەخۆیەوەبینی، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدەوارم ئایندەیەکی باش چاوەڕێی عێراق بکات و دیموکراسیەتێکی سەقامگیر لە وڵاتەکەدا بێتە ئاراوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- ئەوەندە دەڵێم با چیتر ئەوە بە عێراقییەکان نەڵێین دەبێت چی بکەن و چی نەکەن، واتە دەبێت رۆڵی ئێمە تەنها یارمەتیدانی عێراقییەکان بێت و عێراقییەکان خۆیان بریار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن، چونکە باوەڕم وایە ئەو یاخیبوونەی پێشتریش لە عێراقدا لە ئارادابوو، هۆکارەکەی خودی عێراقییەکان خۆیان بوون و ئێستا ئەوەی دەتوانێت سەقامگیری لە عێراقدا بچەسپێنێت هەر عێراقییەکان خۆیانن.

ئەگەر بمانەوێت تا ئەو کاتە لە عێراقدا بمێنینەوە کە دیموکراسیەتی لیبراڵی لە عێراق دەچەسپێت، ئەوا دەبێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بمێنینەوە

ئەمەریکا ناتوانێت عێراق کۆنترۆڵ بکات، بەڵکو دەتوانێت یارمەتی بدات



ئەگەر هاوپەیمانێتی لە نێوان عەللاوی و ئەلحەکیمدا دروست بێت ئەوا مایەی سەرسوڕمان دەبێت

## گاریس پۆرتەر (بۆ گوڵان):

# لەگەڵ ئەوەی عەلاوی لە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا نزیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاریگەری ئێران زیاترە چانسی عەلاوی بۆ پێکهێنانی حکومەت کەمترە

**رۆژنامەنووس و شـــرۆڤەوانی هەواڵ د.گاریس پۆرتەر ئەندامی ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو یەکێکە لە دبلۆماتکارە سەربەخۆکان و رۆژنامەنووسێکە کە تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق و ئێران، هەروەها لەسەردەمی شەڕی ڤێتنامدا پۆرتەر سەرۆکی ستافی پەیامنێران بووە لە سایگۆن و راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی لە زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمەریکا وەك واشنتۆن پۆست و نیۆرك تایمز، لەساڵی ٢٠٠٥ یشەوە خۆی تایبەتمەندکردووە لەسەر سیاسەتی ئاسایشی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق و ئێران.**
**بۆ قسەکردن لەسەر عێراقی دوای هەڵبژاردن د. پۆرتەر بەمجۆرە (بۆ گوڵان) هاتە ئاخاوتن.**

*** گەورەترین کێشەی پرۆسەی سیاسییەکەی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە بریتیە لە پێکهێنانی حکومەت، ئەم کارەش پێویستی بـــە دروســـتکردنی هاوپەیمانێتـــی هەیە، پرســـیارەکە ئەوەیـــە چـــۆن دەتوانرێت ئەم هاوپەیمانێتیە پێکبهێنرێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە هاوپەیمانێتییەکانەوە ئەوا ئەگەری پێکهاتنی دوو هاوپەیمانێتی لـــە ئارادایە، هاوپەیەمانێتیەکی شـــیعە و هاوپەیمانێتیـــەك کە مۆرکی شـــیعەبوونی پێوەنەبێـــت، ئەوەش ئاشـــکرایە کە ئەگەر هەردوو لیســـتی شـــیعەکان یەکبگرن ئەوا رێژەکەیان زیاتر دەبێت لەو هاوپەیمانێتیەکی عەللاوی پێکی دەهێنێت، هەرچەندە حاڵی حـــازر مشـــتومڕەکە لە ســـاڵی رابردووەوە ئەوەیە ئایا تەکلیفکردنی ئەو لیســـتەی کە زۆرترین کورسی بەدەستهێناوە بۆ پێکهێنانی حکومەت کارێکی یاساییە یاخود نا.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە ئارادایە، بە تایبەتی کە مالیکی دەنگی پێویستی بەدەست نەهێناوە بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئێســـتاش ئامادە نییە بە ئاسانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات قبوڵ بکات و دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت؟**

- پێم وانییە عێـــراق لە بارودۆخێکدا بێت کە نزیـــك بێت لەو بارودۆخەی لە ســـاڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا لە ئارادابوو، کە ئەو کاتە ترۆپکی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی تائیفی بوو، کە ئاشـــکرابوو لە ململانێی دەسەڵات لەســـەر کۆنترۆڵکردنی بەغدا شـــیعەکان باڵادەست بوون و سوننەکانیش دوورخرانەوە، کە ئەو کاتە شەڕی نێوان میلیشیا شیعەکان و رێکخراوی ئـــەل قاعیدەش لە ئەوپەڕی

دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئەمەریکا بەهۆی رێککەوتنامە ئەمنییەکەی نێوان ئەمەریکا و عێراق بەرەو داکشان چووە

هەڵکشاندا بوو. کەواتە لەم کاتەدا کە دژواری و سەختی هاتۆتە پێش پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، پێویستە جیاوازییەك بکەین لە نێوان ئەو توندوتیژییەی لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕوویدا و ئەو توندوتیژییە تائیفییەی لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا لە ئارادابوو.

*** ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە هەموو لایەنەکان ئامادەن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن، بەڵام مەرجی کوردەکان ئەوەیە ئەو لایەنەی هاوپەیمانێتی لەگەڵدا دەکەن پابەندبوونی خۆی ڕابگەیەنێت بە دەستورەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە عەرەبییەکان ئامادەن ئەم مەرجە بهێننەدی؟**

- ئەوەندەی من ئاگاداربم کوردەکان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدا دابەش بوون، کە ڕەنگە زۆرینەی کوردەکان لەگەڵ عەللاویدا بن و ئەو بەشەی کوردەکانیش کە کەمینەن و سەر بە تاڵەبانین ڕەنگە هاوپەیمانێتی لەگەڵ مالیکیدا بکەن، کە لەم ڕووەوە مالیکیش هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەك دەدات بۆ ئەوەی بەسەر ئەو کۆسپە یاساییەدا زاڵبێت کە باسی لێوەدەکرێت و بتوانێت بەم چەشنە حکومەت پێکبهێنێت. ئەو کاتە ئەو کوردانەی نزیك و هاوپەیمانن لەگەڵ تاڵەبانیدا دەبنە بەشێك لەو هاوپەیمانێتییە کە بۆ پێکهێنانە حکومەت هاتۆتە ئاراوە.

*** کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پرسی پێکهێنانی حکومەتدا، ئەو ڕۆڵەی کە پێی دەڵێن «king maker» هەروەها بەپێی لێکدانەوەی چاودێران مالیکی هاوپەیمانێتی لەگەڵ عەللاویدا پێکناهێنێت لەبەر ئەوەی عەللاوی ئامادەنییە مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، ئەمەش دەرفەت دروست دەکات بۆ ئەوەی کوردەکان و عەللاوی و ئەلحەکیم هاوپەیمانێتی دروست بکەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئێوە چی یە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر هاوپەیمانێتی لە نێوان عەللاوی و ئەلحەکیمدا دروست بێت ئەوا مایەی سەرسوڕمان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەلحەکیم زۆر بە توندی پابەندە بە تائیفەگەری و بەو بیروباوەڕەوە کە دەبێت شیعەکان حکومڕانێتی وڵاتەکە بکەن، لە کاتێکدا عەللاوی بیروباوەڕی پێچەوانەی هەیە و پابەندبوون بە تائیفییەت ڕەتدەکاتەوە.

*** ئەوە ڕوونە کە پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا ئەوە دەخوازێت کە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق سازش لەگەڵ یەکدا بکەن، واتە ئەمە ساتەوەختی ئەوەیە ئەم پێکهاتانە بیر لە سازشکردن بکەنەوە لە بەرامبەر یەکدا، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی ڕێگرە لە بەردەم هاتنەدی ئەم ئامانجەدا بریتییە لە نەبوونی کەلتوری سازشکردن، کە ئەمەش پێویستی بە هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ببێتە ئەو لایەنە سێیەمە و چۆن ڕۆڵی ئەمەریکا لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیارە کەسێك جڵەوی حکومڕانێتی بگرێتەدەست کە کەمتر مۆرکی تائیفی بوونی پێوەبێت، لەم ڕووەوە عەللاوی ڕەنگە ئەو کەسە بێت بە تایبەتی کە عەللاوی پتر نزیکە لە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی و حکومەتی ئەمەریکییەوەو پێشتریش ئیختیاری ئەمەریکا بو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ دا و ئەمەریکا خوازیاری ئەوەبوو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥یشدا ڕێژەیەکی بەرچاو بەدەست بهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئێمە مەوزوعی بین و ئەڕاستیەمان لا ڕوون بێت کە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئەمەریکا بەهۆی ڕێککەوتنامە ئەمنییەکەی نێوان ئەمەریکا و عێراق بەرەو داکشان چووە، لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە دەستڕۆیشتوویی ئێران زۆر زیاترە لە دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا لە عێراقدا هەر ئەمەش ئەگەری سەرکەوتنی مالیکی زیاتر دەکات لە دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ پێکهێنانی حکومەت.

*** ئایا ئەگەر عەللاوی پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت و کوردەکانیش پۆستی سەرۆك کۆمار، ئایا شیعەکان بە پۆستی سەرۆك پەرلەمان ڕازی دەبن، ئایا تا چ ڕاددەیەك دابەشکردنی پۆستەکان بەم چەشنە دەبنەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی؟**

- لە ڕاستیدا من بەگومانم لەوەی بتوانرێت هاوپەیمانێتی لە نێوان شیعەکان و عەللاویدا پێکبهێنرێت، من باوەڕم وانییە ئەمە شتێکی مومکین بێت و ئەمە ڕووبدات.

*** ئێمە دەزانین ئەمەریکا بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی داوە لە عێراقدا، ئەوەش ئاشکرایە کە کەلتوری سازشکردن لە عێراقدا بوونی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر نەبوونی ئەم کەلتورە سەربکێشێت بۆ ئاڵۆزی و بارگرژی و شەڕی ناوخۆی و شەڕی تائیفی، واتە ئەگەر ئەمە ڕوویدات ئایا ئەمەریکا پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەیدا دەکاتەوە، کەپەیوەستە بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا؟**

- بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەفغانستان کە ئەمەریکا خوازیاری پتر تەرکیز لەسەر ئەم وڵاتە بکاتەوە و هەوڵە سەربازییەکانی خۆی لەو وڵاتەدا چڕبکاتەوەو بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەرۆك ئۆباما کار بۆ ئەوە دەکات بۆ ئەوەی ئەو تیڕوانینەی لەسەر دروست نەبێت کە ئەو لە سیاسەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاشگەز دەبێتەوە، ئەوا پێم وایە ئەگەری پێداچوونەوە بەو سیاسەتەدا نزیکە لە نەبوونەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە ئەمە ڕوونەدات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێم وایە یەکێك لە بەتالیونە شەڕکەرەکانی هێزی ئەمەریکا لە دوای ساڵی ٢٠١١ەوە لە عێراقدا دەمێنێتەوە.

*** ئایا ئێوە گەشبینن بە ئایندەی عێراق؟ ئایا پێت وایە عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی یاخود لەبەریەکهەڵدەوەشێتەوە؟**

- پێم وانییە عێراق هەڵبوەشێتەوە بەو چەشنەی کە فەوزاو پشێوی لەعێراقدا بێتەئاراوەو حکومەت بڕوخێت، ئەگەرچی پێشبینی ئەوە دەکرێت کە توندوتیژی و ناسەقامگیریش لە وڵاتەکەدا بێتەئاراوە. کە ڕەنگە لەم ڕووەوە یەکێك لە ناکۆکییە جیددییەکان بریتی بێت لەو ناکۆکییەی بەهۆی ململانێی کۆنترۆڵکردنی داهاتی نەوتەوە دروست دەبێت لە نێوان کوردەکان و حکومەتی مەرکەزیدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی سەرەکی من ئەوەیە کە شتێکی حەتمیە حکومەتێك لە بەغدا حکومڕان بێت کە شیعەکان تێیدا باڵادەست بن، ئەویش لەبەر ئەوەی شیعەکان زۆر هەستیارن لە بەرامبەر بەرژەوەندییە تائیفییەکانیان و ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بێت کە ئەگەری گرتنەدەستی پۆستی سەرۆك وەزیران لەلایەن عەللاوییەوە کە ئەمەریکا خوازیارە ئەم پۆستە بگرێتەدەست ئەگەرێکی دووربێت، واتە من لەم ڕووەوە پێشبینی دەکەم لە مەودای نزیکیدا حکومەتێکی شیعی تائیفی لە بەغدا باڵادەست بێت.

بەگومانم لەوەی بتوانرێت هاوپەیمانێتی لە نێوان شیعەکان و عەللاویدا پێکبهێنرێت

یەکێک لە بەتالیونە شەرکەرەکانی هێزی ئەمەریکا لە دوای ساڵی ٢٠١١ەوە لە عێراقدا دەمێنێتەوە

پێشبینی دەکەم لە مەودای نزیکدا حکومەتێکی شیعی تائیفی لە بەغدا باڵادەست بێت



کێشەکە ئەوەیە
لە عێراقدا
تەمەنی ئەزموونە
دیموکراسییەکە
نزیکەی شەش
بۆ حەوت ساڵە،
ئەمە سەرەڕای
ئەوەی دامەزراوە
سیاسییەکان و
سەروەری یاساش
لە عێراقدا لاوازە

## پیتەر فیەفەر (بۆ گوڵان):

# بایدن پێی وایە ئەو کاتە ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو دەبێت کە بتوانێت ڕۆڵێکی ئەکتیف لە بونیادی دیموکراتی لەو وڵاتەدا بگێڕێت

**پرۆفیسۆر پیتەر فیەفەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی دیوك (DUKE)ڕاوێژکاری تایبەتی ستافی پلانی ستراتیژی بووە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا و، تایبەتمەندیشە لەسەر دۆسێی عێراق، پۆفیسۆر فیەفەر لەدوای ئازادکردنی عێراقەوە نەك هەر وەك ئەکادیمیست بەڵکو لە ناو ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکادا لەسەر دۆسێی عێراق کاریکردووە، بۆ هەڵسەنگاندی ڕەوشی عێراق دوای هەڵبژاردنەکان بەڕێزی بەمجۆرە ڕاو سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

بەرپابوون و
هەڵگیرسانی
شەڕی ناوخۆیی
و شەڕی تائیفی
لە عێراقدا مایەی
کارەسات دەبێت بۆ
هەموو لایەک

*** زۆر لە چاودێران پێیان وایە پرۆسەی گرێدانی هاوپەیمانی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە عێراقدا پرۆسەیەکی سەخت و ئاڵۆز دەبێت و پێناچێت بە ئاسانی ئەو هاوپەیمانییانە دروست بێت، بە تایبەتی کە ڕێژەی دەنگەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان لێکەوە نزیکن، پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن ئەو بۆچوونانە لێك نزیك دەکرێتەوە؟**

- پێم باشە لەم ڕووەوە لێکچوونێك بکەین لە نێوان هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٠دا کە ڕێژەی دەنگەکان لە ویلایەتی فلۆریدا زۆر لێکنزیك بوون بە چەشنێك هەردوو پارتە سەرەکییەکە گوزارشتیان لە گومانی خۆیان کرد لە ئاست ئەو ڕێژانەدا، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی سیاسی لە ئەمەریکا، بەڵام ئەو قەیرانە سەری نەکێشا بۆ ئیفلیجبوونی سیستمەکە و بۆ هەرەسهێنانی پرۆسەکە، چونکە ئەزموونێکی دوو سەدە ساڵەی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی هەبوو لە ئەمەریکا، لە کاتێکدا ئەم ئەنجامە نزیکانەی لە عێراقدا لە ئارادان لێکچوونیان هەیە لەگەڵ حاڵەتەکەی ئەمەریکادا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە عێراقدا تەمەنی ئەزموونە دیموکراسییەکە نزیکەی شەش بۆ حەوت ساڵە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دامەزراوە سیاسییەکان و سەروەری یاساش لە عێراقدا لاوازە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە ئارادایە، بەتایبەتی کە مالیکی دەنگی پێویستی بەدەست نەهێناوە بۆ پێکهێنانی حکومەت و ئێستاش ئامادە نییە بە ئاسانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات قبوڵ بکات و دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت؟**

- لە ڕاستیدا بەرپابوون و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی تائیفی لە



پێم وایە بەرژەوەندی کوردەکان لە بوونی عێراقێکی بەهێز و سەقامگیردایە، عێراقێک کە سەنتەرێکی سیاسی بەهێزی هەبێت

عێراقدا مایەی کارەسات دەبێت بۆ هەموو لایەك، هەروەها پەنابردن بۆ توندوتیژی خزمەت بە بەرژەوەندی هیچ لایەك ناكات نە مالیکی و نە ڕکابەرەکانی، واتە لەم ڕووەوە کۆششکردن بۆ ئەوەی دژوارییەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە تێپەڕێنرێت، هەروەها بە شێوەیەکە ئاشتییانە حکومەت پێك بهێنرێت خزمەت بە بەرژەوەندی هەموو لایەك دەکات، هەم لایەنی براوەو هەم لایەنی دۆڕاو. لە لایەکی دیکەوە یەکێك لە سیماکانی دیموکراسی ئەوەیە لایەنی دۆڕاو لە هەڵبژاردنەکاندا دووبارە خۆی ئامادە بکاتەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ و متمانەی پێویست بەدەست بهێنێتەوە.

*** ئەگەر لەم هاوكێشە ئاڵۆزەدا بمانەوێت پێگەی کورد و لە هاوكێشەی سیاسی عێراقدا بخوێنینەوە، بێگومان لای ئێوەش وەك تایبەتمەند لەسەر كێشەی عێراق ئەوە ئاشكرایە مەرجی کورد بۆ گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر لایەكدا، پابەندبوونی ئەو لایەنەیە بە دەستووری عێراقەوە ئایا تاچەند لایەنەكانی دیكەی عێراق ئەم مەرجەی كورد قبوڵ دەكەن؟**

- پێم وایە بەرژەوەندی کوردەکان لە بوونی عێراقێکی بەهێز و سەقامگیردایە، عێراقێك کە سەنتەرێکی سیاسی بەهێزی هەبێت، هەروەها سەرەڕای ئەوەی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا ڕێژەیەکی کەمتریان بەدەستهێناوە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ڕابردوو ئەوا دەتوانن بەشداری لە حکومەتدا بکەن، لە ڕاستیدا ئەگەر ببنە بەشێك لەو هاوپەیمانێتییەی کە حکومەت پێکدەهێنێت ئەوا ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، ئەگەرچی ئەگەر بەشداری لە حکومەتیشدا نەکەن ئەوا دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرەی موعارەزەدا ببینن، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بەرژەوەندی کوردەکان لە بوونی عێراقێکی یەکگرتوودایە.

*** ئەوە ڕوونە کە پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا ئەوە دەخوازێت کە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق سازش لەگەڵ یەکدا بکەن، واتە ئەمە ساتەوەختی ئەوەیە ئەم پێکهاتانە بیر لە سازشکردن بکەنەوە لە بەرامبەر یەکدا، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی ڕێگرە لە بەردەم هاتنەدی ئەم ئامانجەدا بریتییە لە نەبوونی کەلتوری سازشکردن، کە ئەمەش پێویستی بە هاتنە ناوەوەی لایەنی سێیەم هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ببێتە ئەو لایەنە سێیەمە و چۆن ڕۆڵی ئەمەریکا لە عێراقدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- پێم وایە ئەمە تەحەددیەکە هەم بۆ عێراقییەکان و هەم بۆ ئیدارەی ئۆباماش، هەروەك جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەم ڕووەوە ڕایگەیاند کە دەکرێت عێراق ببێتە یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەگەر هاتوو ئەمەریکا سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی ڕۆڵی خۆی لە عێراقدا و بتوانێ یارمەتی عێراقییەکان بدات لە چەسپاندن و پتەوکردنی ئەو دیموکراسییەتەی لە ئارادایە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئیجابییە و نیشانەی ئەوەیە ئیدارەی ئۆباما پابەندە بە یارمەتیدانی عێراقییەکانەوە.

دەکرێت عێراق ببێتە یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەگەر هاتوو ئەمەریکا سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی ڕۆڵی خۆی

*** ئایا ئێوە گەشبینن بە ئایندەی عێراق؟ ئایا پێت وایە عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی یاخود پارچە پارچە دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا دەرکەوت ئەو کەسانەی پێش شەڕەکە تیڕوانینێکی گەشبینانەیان هەبوو زیاد لە پێویست گەشبین بوونە و ئەو کەسانەشی کە پێش ٥ ساڵی تیڕوانینێکی زۆر ڕەشبینانەیان هەبوو لە ئاست عێراقدا بە هەمان شێوە زیاد ڕەوییان کردبوو لە ڕەشبینیەکەیاندا، لەبەر ئەوەی عێراقییەکان توانیان بەسەر چەندین تەحەددی گەورەدا زاڵبن و من لەم ڕووەوە بە حەزەرەوە گەشبینم لە ئاست ئەو گفتوگۆیانەی کە ئەنجام دەدرێن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە.